



# بەڕێز بۆ یادی پێنج ساڵەی ماڵئاوایی نەمر تەها عەتیقی

ئامادە کردنی : رەحمان نەقشی



# پێڕست


١- کورتەیەک لە ژیاننامەی نەمر کاک تەها لە نووسینی خۆی ........ ٤

٢- چەند قسەیەک لەسەر نەمر کاک تەها عەتیقی ........ خەدیجە مەعزوور ........ ٦

٣- کۆچێکی زوو ........ عەبدوڵڵا حیجاب ........ ٨

٤- بۆ پیاوێک کە ماندوویی نەدەناسی! ........ هەیاس کاردۆ ........ ١١

٥- دەنگێکی ڕەسەن و ناوێکی ئاشنا و سیمایەکی دیاری دێموکرات کاک تەها عەتیقی ........ حەمە ڕەسووڵ کەریمی ...... ١٣

٦- لە پێنجەمین ساڵیادی نەمر کاک تەها عەتیقی دا ........ حەسەن حاتەمی ........ ١٧

٧- دەنگێکی ئارام و قەڵەمێکی سرک ........ ئەحمەد شێربەگی ........ ٢٢

٨- ٥ ساڵەی فەوتی تێکۆشەر کاک تەها عەتیقی! ........ کەریم ئەوڵلاوەیسی ........ ٢٥

٩- یادیکی کورت لە شەهیدی گەلەکەمان کاک تاها عەتیقی ........ عەزیزی ئەحمەدی ........ ٢٧

١٠- لە پێنجەمین سالوەگەری کۆچی کتوپڕ و نابەوەختتدا ........ پرشنگ شەریفی ........ ٢٩

١١- ٥ ساڵ بەسەر نەمانت دا تێپەڕی بەلام تۆ هەر ئەو ئەستێرەی پڕشنگدارەی کە بە دایم لە ئاسمانم دا دەترووسکەیەوە ..... ........ ئەحمەد شێربەگی ........ ٣٢

١٢- گریانێکی ئارام بۆ گەورە پیاوێک (تەها عەتیقی)........ ڕەحمان ئیبراهیم زادە ........ ٣٣

١٣- هەناسەیەک و چەند دڵۆپە فرمێسک و ئیتر هیچ! ........ هەیاس کاردۆ ........ ٣٥

١٤- بەخاک سپاردنی تەرمی تێکۆشەرو ئازادیخواز کاک تەها عەتیقی لە وڵاتی سویس ........ ماڵپەری گیارەنگ ........ ٣٧

١٥- وتەکانی پرشنگ شەریفی لە ڕێورەسمی بە خاکسپاردنی بەڕێز کاک تەهای عەتیقی ...... ڕزگار شەریفی ........ ٤٠

١٦- وتاری کاک ئەحمەد شێربەگی لە ڕێورەسمی ناشتنی نەمر کاک تەها عەتیقی ........ شوکری تەریق ........ ٤٢

١٧- خەمی لەدەستدانی هاوڕێم کاک تەهاعەتیقی. ........ سائح ڕەبەتی ........ ٤٦

١٨- کاکا تەها، ئازادیت پیرۆز، ........ ئاسۆ سائح ........ ٤٧

١٩- بۆ کاک تەها عەتیقی، ........ هیوا گوڵ محەمەدی ........ ٤٩

٢٠- ڕاگەیەندراوی ناوەندی ڕاگەیاندنی حدک بە بۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرین کاک تەها عەتیقی ........ ٥٢

٢١- ڕاگەیاندراوی کۆمیتەی بەڕێوەبەری دەرەوەی وڵاتی حدک بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک تەها عەتیقی ........ ٥٤

٢٢- کاک تەها عەتیقی، تێکۆشەری دێرینی ناو ڕیزەکانی دێموکرات کۆچی دوایی کرد ..... کۆمیتەی سویسی حدک ........ ٥٥

٢٣- پرسەنامەی نوێنەرایەتی حدکا لە دەرەوەی وڵات ........ ٥٦

٢٤- کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کاک تەها عەتیقی ........ ٥٧

٢٥- تەها عەتیقی ئەو مرۆڤەی ماندووبوون لە فەرهەنگیدا نەبوو ........ سەلاح پیرۆتی ........ ٥٨

٢٦- لە یادی کاک تەهای عەتیقی تێکۆشەر دا. ........ حەسەن حاتەمی ........ ٦٠

٢٧- یادێک لەزانایی و شەهامەتو بیرو بۆچوونی شادڕەوان کاکتەهای عەتیقی........ حاجیحوسێن حەدداد ........ ٦٢

٢٨- پەیامی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە بۆ کۆڕیادی چلەی ماتەمینیی کاک تەها عتیقی ........ ٦٣



٢٩- بیرەوەرییەک لە ژیانی خۆم لە گەل نەمر کاک تەها، ئەحمەد شێربەگی. ................. ڕزگار شەریفی .............. ٦٥
٣٠- دەقی قسەکانی زانیار ...................................................... رزگار شەریفی ............................... ٧٠
٣١- دەقی وتەکانی پڕشەنگ شەریفی لە چلەی ماتەمینیی نەمر کاک تەها عەتیقی دا .......... رزگار شەریفی ............ ٧١
٣٢- دەقی قسەکانی هاوژینی کاک تەها خاتون ئەسمەر ...... رزگار شەریفی ........................................ ٧٦
٣٣- فرین بە ئاسمانێکی تەماویدا. ........................................ ئەحمەد شێربەگی .............................. ٧٨
٣٤- بە یادی چلەی کۆچی دوایی مامۆستا تەها عەتیقی. ................... عوسمان کەوکەبی شاد ....................... ٨٣
٣٥- بۆ کۆچی ناوەختی ٢ساڵەی کاک تەها عەتیقی تێکۆشەر ........................ ڕەحمەت ئیبراهیمی ................. ٨٥
٣٦- راپۆرتی ڕێورەسمی ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی نەمر کاک تەها عەتیقی ......................................... ٨٦
٣٧- ئەو شا نوورانەی کە کوژانەوەیان بۆ نیە، ............................. کەریم ئیبراهیم زادە .......................... ٨٩
٣٨- کاک تەها ئەرکی ئێمەت قورستر کرد، ......................................... ئیبراهیم لاجانی ...................... ٩٣
٣٩- یادی کاک تەها عەتیقی لە دڵم دا زیندوە ................................ ڕەحیم ڕەشیدی ...................... ٩٤
٤٠- بۆ کۆچی ناوادەی هاوڕێم تەها عەتیقی ........................................................ سەروان سابیر ................ ٩٦
٤١- نئەمرۆ ٢٨ی دێسامبر سێ ساڵ بە سەر مەرگی کاک تەهای عەتیقی دا تێدەپەڕی, ......... ئەحمەد شێربەگی .......... ٩٧
٤٢- پەیمانی لۆزان و سێور ....... لە نووسینی د. سادق شەرەفکەندی ....... وەرگێڕ بۆ کوردی: تەها عەتیقی .............. ١٠٠
٤٣- بۆ تەوارەکەی کاک تەهای خۆشەویستم، خاتوو خەجیجەی مەعزوور ....... نووسینی دەق: نەمر تەهای عەتیقی ..........
ئامادەکردنی: پرشنگ شەریفی .................................................................................. ١٠٧
٤٤- ئالبۆمی وێنەکان ................................... ئامادە کردنی ڕەحمان نەقشی ................................. ١١٥

***خوێنەری هێژا !*** ***بە مەبەستی سپاس و پێزانین بۆ تەمەنێک خەبات و تێکۆشانی ماندوو نەناسانەی هاوڕێی نەمر و تێکۆشەر کاک تەها عەتیقی یەکێک لە مۆرە گرینگەکانی دامەزرینەر و بەڕێوەبەرانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران ئەو سەردەم بە ئەرگی خۆم زانی بۆ پێنجەمین ساڵوەگەری ماڵئاوایی ئەم تێکۆشەرە نامیلکەیە لە بیروڕا و بیرەوەری هاوڕێیان، دوستان و هاوکارانی ئامادە کەم. هەر بۆیە داوام لە کۆمەڵێک تێکۆشەر کرد کە بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەم نامێلکەیە بە نووسین و بیرەوری یارمەتیم بدەن کە بەخۆشیەوە بە ناردنی بابەت وەڵامی ئەرێنی ئەو داوای منیان دایەوە، زۆر سپاسیان دەکەم هیودارام هەر وا دەست ڕەنگین و دەرحەق بە تیکۆشەرانی حیزب و گەڵ هەروا ئەمەگ ناس بن. سپاس بۆ خاتوو پرشەنگ شەریفی بە ناردنی وێنەی ڕێورەسمی بە خاکسپاردنی کاک تەها نەمر هاوکاری کردم. بەگشتی سپاسی گشت لایەک دەکەم کە بە شێوەیەک لە شیوەکان بە نووسینی وتار و بیرەوەری یادی تێکۆشەری نەمر هاوڕێ تەها عەتیقیان کردۆتەوە.***

***بەڕێزەوە ڕەحمان نەقشی***

***٦ی بەفرانباری ٢٧١٤ی کوردی – ٢٧ی دێسامبری ٢٠١٤ی زایینی***



## کورتەیەک لە ژیاننامەی نەمر کاک تەها لە نووسینی خۆی

ڕۆژی ۲۳ی ڕێبەندانی ساڵی ۱۳۲۷ی هەتاوی (۱۱ی فێوریەی ۱۹۴۹ز) لە شاری سابڵاخ لە دایک بوو.٠ باوکم مووچە خۆری ئیدارەی سجیل بوو. خوێندنی سەرەتاییم لە قوتابخانەی فیردەوسی و خوێندنی ناوەندیم لە قوتابخانەی ئیبنی سینای ئەم شارە تەواو کردووە.

ساڵی ۱۳۴۷ی هەتاوی (۱۹٦۸ز) چوومە زانستگای تەورێز و لەجۆزەردانی ۱۳۵۲ (جوونی ۱۹۷۳ز) لە لقی جوغرافیای ئابووری و ئینسانی لیسانسم وەرگرت. خزمەتی ئیجباریم وەک ماموستا لە قوتابخانە ناوەندی یەکانی، کورشی کەبیری، بۆکان، و ڕەزاشای سابڵاخ تێپەر کرد. پاشان بەرەسمی بوومە مامۆستا و تا جۆزەردانی ۱۳۵۹ (جوونی ۱۹۸۰ز) ماموستای قوتابخانەکانی سابڵاخ و هەروەها وەک نووسەری بەرنامەی، خاووخێزانی رادیۆ مەهاباد خەریکی ئیش و کار بووم.

لە بانەمەری ۱۳۵۸ (مەی ۱۹۷۹ز) بوومە ئەندامی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستانی ئێران. لە جەنگەی شەڕی سێ مانگە دا وەک کادری بەشی ماڵی لە ناو شار دا خەریکی تێکۆشانی حیزبایەتی بووم. پاش دەرچوونی پەیامی خومەینی بۆ خەڵکی کوردستان لە ۲٦ی خەزەڵوەری ۱۳۵۸ (۱۷ی نوامبری ۱۹۷۹ز) و گەڕانەوەی تێکۆشەران لە شاخەوە بۆ شار ماوەیەک لە کۆمیتەی شارستانی مەهاباد و پاشان لە ئینتشاراتی دەفتەری سیاسی لە نێو شار دا درێژەم بە ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکان دا.

لە دەست پێکی بەرنامەکانی دەنگی کوردستانی ئێران. لە شەوی ۱۹ لە سەر ۲۰ی جۆزەردانی ۱۳۵۹ هەتاوی ( ۹ و ۱۰ی جوونی ۱۹۸۰ز) لە دۆڵی شێخانی ناوچەی مەنگوڕانی سابڵاخ لە زێدو ئەندامانی بنەماڵە ماڵئاواییم کردو سەنگەری خەباتم لە شارەوە بۆ شاخ گوێزتەوە.

بە پێی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندی حدکا لە ۲۰ی مانگی خاکەلێوەی ۱۳٦۰ هەتاوی (۸ی ئاوریلی ۱۹۸۱ز) بە ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی کۆنگرەی چوارەمی ئەم حیزبە دیاری کرام. لە کۆنگرەکانی ۵ ، ٦ ، ۷ ، ۸ ، ۹ دا بەشداریم بووە بەڵام لە هیچیان دا خۆم بۆ ئەندامەتی لە ڕێبەرایەتی حیزب لە هەر پلەیەک دا بووبێ نەپاڵاوتووە. وام بە باش زانیوە وەک کادرێک لە دەنگی کوردستانی ئێران دا درێژە بە کارو تێکۆشانم بدەم.

سەرەنجام لە بارودۆخێکی بەراستی نەخوازراو دا لە ۵ی پوشپەڕی ۱۳۷۳ی هەتاوی (۲٦ی جوونی ۱۹۹۴ز) بارگەوبنەم پێچرایەوە و ماڵئاواییم لە هەموو خوشیی و ناخۆشییەکانی ژیانی پێشمەرگایەتی و هەموو حەز و هیوا و ئاواتە وەدی نەهاتووەکان کردو بەرە و تاراوگە داگەرام.

ئێستا لە وڵاتی سویس بە هیوای شنەبای ئازادی و هیوا بە دوا ڕۆژێکی گەش بۆ نەتەوەکەمان و کۆتایی هاتن



بە دیکتاتۆری رەش و وەدی هاتنی ئامانجی بەرزی ئەم گیانە پاکانەی لە پێناوی کوردو کوردستان دا فیدا بوون دەژیم.

به هیوای سه رکه وتن ------------------ ته ها عه تیقی

١٠ی پوشپەڕی ١٣٨۴ی هەتاوی – ای جوولای ٢٠٠٥

---

تێبینێ :

**ماڵئاوایی و بە خاکسپاردن :**

بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە رۆژی دووشەممە ٩ی بەفرانبار (٢٨ی دیسامبر) تێکۆشەری دێرین کاک تەها عەتیقی لە وڵاتی سویس لە تەمەنی ٦١ ساڵی دا کۆچی دوایی کرد

بەیانی رۆژی ٣١ / ١٢ / ٢٠٠٩ بە بەشداری سەدان کەس لە دۆست و هاوڕێ و کەسایەتییە سیاسییەکان و ئەندامان و لایەنگرانی چەندین حیزبی کوردی تەرمی تێکۆشەری ناسراو و ماندوو نەناسی گەلی کورد و بێژەری راستبێژ و حەقویژی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کاک تەها عەتیقی لە نێو دەریای خەمی هاوڕییانی و ئەندامانی بنەماڵەکەی دا لە یەکێک لە گۆرستانەکانی شاری بییل بە خاک سپێردرا.

**بەرهەم و وەرگێران**

کاک تەها وێڕای سەرقاڵبوون بە کاری رۆژانەی رادیۆوە، لە وەرگێڕانیش غافڵ نەبوو. وەرگێڕانی کتێبی بەناوبانگی "کوردستان و کورد"ی دوکتور قاسملوو بۆ سەر زمانی فارسی، بەرهەمی سەردەمێکە کە تەها عەتیقی لە چیا سەرکەشەکانی کوردستان لە سەنگەری رادیۆدا خزمەتی جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردی دەکرد.

کاک تەها لە دەرەوەی وڵاتیش لە سەر خزمەت بە جووڵانەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەی گەلەکەی بەردەوام بوو. وەرگێران و بڵاوکردنەوەی کتێبی "کورتە مێژووی جووڵانەوە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد" لە فارسی یەوە بۆ کوردی کە دوکتور سادق شەرەفکەندی نووسیویتی، یادگاری ساڵانی ژیان لە دەرەوەی وڵاتیی ئەم تێکۆشەرەیە.

**پێک هێنانی ژیانی هاوبەش**

کاک تەها، هاوینی ١٣٧٣ی هەتاوی (١٩٩۴ی زایینی) وەک پەنابەر رووی کردە وڵاتی سوئێدو لەوێ گیرسایەوە. چەند ساڵێک دواتر لە وڵاتی سویس نیشتەجێ بوو و لەگەڵ خاتوونی سەربەرزو رووسوور ئەسمەر ئیبراهیمزادە هاوسەری شەهید عەبدوڵڵا شەریفی ژیانی هاوبەشی پێک هێنا.

# چەند قسەیەک لەسەر نەمر کاک تەها عەتیقی

**خەدیجە مەعزوور**



هەروەک دەزانن ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە ماوەی دەست بەکار کردنی تا ئیَستا زۆر کەسایەتی بەرز لە ئیدارەکردنیدا بە خۆیەوە دیوە و ئەو کەسایەتییانە ڕۆلیان هەبووە لە خۆشەویست کردن و پڕ نیَوەرۆک کردنی ئەم ڕادیۆیە. ئەگەر چاویَک بە میَژووی ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە سالَەکانی ١٣٧٣ - ١٣٥٩دا بخشیَنین، دەبینین ئەم ڕادیۆیە لە نیَو ڕادیۆی ئۆپۆزیسیۆندا دیارە و دەدرەوشیَتەوە و لە نیَو دۆستان و لایەنگرانیدا سەرکەوتووە و سەرنجی دۆست و دوژمنی بۆ لای خۆی ڕاکیَشاوە. بەشیَکی زۆری ئەو سەرکەوتنە دەگەڕیَتەوە سەر ئەو کەسایەتییانەی کە لەو ڕاگەیەنەدا نەخشیان هەبووە. لە ماوەی کاری بەردەوامی ئەم ڕادیۆیەدا پیاوان و کەسایەتی گەورەی وەک دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و مامۆستا عەبدولا حەسەنزادە چاوەدیَریان بەسەر ئەم ڕاگەیەنەدا کردوە، بەتایبەت دوکتور شەرەفکەندی کە سالانیَک بەرپرسی ڕاستەوخۆی دەنگی کوردستان بوو لە پەنا ئەم کەسایەتییانەدا، کەسایەتییەکی ماندوویی نەناس و نووسەر و مودیریَکی هەلَکەوتوو و بەتوانا وەک یادی بەخیَر کاک تەها عەتیقی دیار بووە. بەکارلیَهاتوویی بیَ ویَنەی ڕادیۆ دەنگی کوردستانیان بە لوتکە گەیاند و ئەم ڕاگەیەنەیان کرد بە خۆشەویستی کۆمەلانی هەراوی خەلَکی کوردستان .

دوو پیاوی سەخت و پۆلایین لە هەلومەرجی سەختی خەباتی شۆڕشگیَرانەی شەڕی چەکداری، سەردەمی فشار و سەختییەکان، لە دەنگی کوردستاندا بیَ ووچان شەویان لەسەر ڕۆژ دادەنا و خۆراکیان ئامادە دەکرد بەرنامەکانیان ڕیَک دەخست تا زانیاری و هیَز و وزە بدەنە پیشمەرگە و خەلَکی کوردستان.

کاک تەها عەتیقی قەت لە نووسین ماندوو نەدەبوو. ئەو لە ژوورە تاریک و تونۆکەکانی شاخ و گوندەکانی کوردستان بە سەعات پالی وە دەستەنویَنەکەیدەدا بیَ ووچان دەینووسی. هەوالی بەرەکانی شەڕی ئامادە دەکرد، ژیاننامەی شەهیدانی دەنووسی، وەلامی نامەی گویَگرەکانی دەدایەوە و ویَژەریشی هەر لەو بەرنامەیەدا دەکرد و مودیری داخلی ڕادیۆش بوو. کاتیَک لە نووسینی بەرنامەکانی دەبۆوە، خەریکی خویَندنەوەی ئەو کتیَبە تازانە دەبوو کە دەهاتنە کتیَبخانەی گشتی حیزب. هەروەها خەریکی تەرجومەی کتیَبی کوردستان و کوردی دوکتور قاسملوو بە فارسی و تاریخچەی بزووتنەوەی میللی کوردی دوکتور شەرەفکەندی بە کوردی دەبوو کە هەردوو کتیَب لە دەرەوەی ولات چاپ و بلاو بوونەوە لە ماوەی ئەو هەموو سالانەی کە من لە خزمەتیدا بووم، بۆ جاریَک نەمبینی بلیَ ئۆف کە لە پەنا ئەو گەورە پیاوە لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان نەخشی بەرچاوی گیَراوە. کاک تەها لە باری دەروونییەوە ویَران بو، بەلام یەکجاریش سکالای لە بارووەۆخی ویَرانی نەکرد و نەیکوت کە پیَویستیم بە حەسانەوەیە دەبیَ ووچان بدەم. هەربۆیە قەت سەفەری نەکرد و قەت نەحەسایەوە و ئیستراحەتی نەکرد و ئەرکەکانی بە مەسئوولییەتەوە لە جاران بە ئەنجام دەگەیاند.



بەردەوام زانیارییەکانی دەبردەسەر و زانیارییەکانی دەدا دەر، خۆی پێدەگەیاند و خاوەن نەزەر بوو و چاوەڕوانی ئیمتیاز و پلەو پایە نەبوو. ئەگەرچی لە کۆنفرانسەکانی پێش کۆنگرەکاندا دەنگی یەکەمی دەهێنایەوە و بەشداری هەموو کۆنگرەکان بوو و بە ڕەخنەی سازندە و پیشنیاری بەکەڵک کۆنگرەی وەجووڵە دەخست، بەڵام کاک تەها قەت خۆی کاندیدی پۆستی ڕێبەری ئەو حیزبە نەکرد. هەمیشە بۆ کەسانی دەوروبەری جێگای پرسیار بوو کە کاک تەها بۆ خۆی کاندید ناکات؟ دەیکوت من ئەرکە پێ ئەسپێردراوەکانم بە مەسئولییەتەوە بەڕێوەدەبەم و ناهێڵم شەرمەزاری حیزب و خەڵک بم، چ لە کۆمیتەی ناوەندی دابم و چ نەبم. من سادقانە و بە عەلاقەوە کارەکان ئەنجام دەدەم، من جێگای کەس ناگرمەوە و پێم خۆشە کەسێکی دیکە لەو پۆستەدا نەخش بگێڕێ. ئەو بە گرتنەپێشی ئەو بۆچوونە دەری دەخست کە چەندە متەوازعە و چەندە ئیمان و باوەڕی بە خۆی هەیە لەڕاستیدا چەندە ئیعتماد بەنەفسی بەرزە.

پاراستنی نەزم و دیسیپلین سەردێڕی هەموو کار و ئەرکەکانی بوو، مودیرییەتی بەڕێو جێ و بەهێزی کاک تەها، لەنێو بەشەکانی ڕادیۆدەنگی کوردستان حاکمدا بوو. کارەکانی ڕادیۆ سیستماتیزەی کردبوو هەربۆیە کارەکانی ڕادیۆ دەنگی کوردستان سیستماتیک دەچۆپێش.



کاک تەها ئەگەرچی بۆخۆی کەسایەتییەکی شایستەو لێوەشاوە بوو، بەلام لە بەڕێوە بردنی ڕادیۆدەنگی کوردستاندا زۆر موتەئەسیر لە ئاکار و هەڵسووکەوتی بەجێی کاک دوکتور شەڕەفکەندی بوو. بۆ نموونە ماندوویی نەناسی، ئەهلی موتالعە بوون، بەتەدبیر و بە ئیبتکار و لە کاتی تەنگانە و بەدەستەوە بوون و لە تەنگانە نەترسان.

کاتێک حیزبی دێموکرات بە ئیجبار قەندیلی بەجێهێشت بەرەو دەشتی کۆیە شۆڕ بۆوە کاک تەها بڕیاریدا کاری عەمەلی بەجێ بهێڵێ و بڕوا. بڕیارەکەشی زۆر جیددی بوو لە سەر بڕیاری حیزب بەرەو هەندەران کۆچی کرد. بەلام ئەگەرچی کاک تەها لە هەندەران بوو، ڕووحی لە کوردستان لە پەنا هاوسەنگەرەکانی بوو. کاک تەها بۆ دەربڕینی ئیش و ئازارە پەنگ خواردووەکانی زۆر مەغروور بوو و دەری نەدەبڕی، بەڵام لە دەرەوەڕا بەڕاشکاوی بۆی دەنووسیم، کە وەختە شێت بم بۆ لەحزەیەک گەڕانەوە بۆ کوردستان و بۆ نێو هەوالان. پێش مردنی بەڵێنی دابوو بگەڕێتەوە کوردستان بەداخەوە مەرگ مۆڵەتی نەدا و خاکی غوربەت بە نسیبی بوو.

یادی بەخێر بێ و ڕووحی شاد بێ و ڕێگای خەباتی بەردەوام بێ...

خەدیجە مەعزوور

دێسامبری ٢٠١٤

تێبینی : ئەو بابەتە لەسەر داوای من بۆ یادی پێنج ساڵەی ماڵئاوایی نەمر و تێکۆشەر کاک تەها ئامادە کراوە.



# کۆچێکی زوو

عەبدوڵلا حیجاب



ژیان لە گەڵ هەموو دەرفەت و گرفتارییەکانیەوە، بە ئیمکانات و کەند و کۆسپەکانیەوە، بە خۆشی و ناخۆشی، ئاڵۆزی و ئارامی، دەرەتان و سنوورەکانیەوە، ئەگەر ڕووی لێ وەرگێڕای، زۆر بێ ڕوحم دەبێ. چارەنووس ئەگەر لێت تووڕە بوو، سنوور ناناسی. پێشەڕۆژ ئەگەر کەوتە نێو هەورە ئاڵۆز و تاریکەکانی بەختەوە، تاریک دەبێ و نەفەس ئەگەر تووشی بەردەڕەقەی سەر سنووری کۆتایی هات، ئیدی بە نەخوازراوی لە لێدان دەکەوێ. ئیدی با هەر پلان بێ و چاوەڕوانی جێ بە جێ کردن، با هەر خۆزگە بێ و چاوەڕوانی وەدی هاتن، با هەر حەز بێ و چاوەڕوانی حەزین، با هەر ئاوات بێ و چاوەڕوانی جێ بە جێ بوون و با هەر چاوەڕوانی بێ و بەندەواری نەهاتن. ژیانی فیزیکی تەنیا ئەو کات و ساتەیە کە تێیدا دەژی و ئەوەی بە دوای خۆت دا بە جێ دەمێنێ تەنیا بەرهەمی دەست و مێشک و هزری خۆتە و بەس. نە دەوڵەمەندی، نە کەس و کار و نەش دەسەڵات دەتوانن شتێکت بۆ بەجێ بهێڵن یا یارمەتیدەرت بن کە چارەنووست لە بواری جەوهەرییەوە بەرەوە ئەم یا ئەو لا بگۆڕی.

کاک تەها بە وەها تێڕوانینێکەوە ژیا و تەنیا بە پێبەندبوون بە هێزی هزر و بەرهەمی بیرییەوە، بە گژ هەبوونی مادی، دەسەڵات و دامەزراوە خۆپەرێزە خۆسەپێنەکانەوە دەچوو. لە ناخی دا هەمیشە سەرهەڵدانێک هەبوو کە هانی ئەو ئارامیە ڕواڵەتییەی دەدا تا دەروونی سەرهەڵدێری لە بیر نەکا. ڕواڵەتی مەندی گرکانی نائارامی دەروونی داپۆشیبوو، بەڵام نەیدەتوانی هاواری سەرهەڵدانە دەروونییەکەی کپ بکا. ئەو دەنگی دەروونی زۆر کەس بوو.

یەکەم جار کە کاک تەهام ناسی، لە هەڵس و کەوت و شێوەی تێڕوانینی دا بۆ ژیان، دیار بوو کە بیر لە هیچ کام لەو سێ هەبوونانەی کە ڕەنگی ڕواڵەتی و ڕووکەش بە ژیان دەبەخشن ناکاتەوە. بە ڕاشکاوی هەستت بە سەربزێوییەک دەکرد کە هانی دەدا لە شەڕی ژیان پاشگەز نەبێتەوە. ئەو هیوای بۆ پێشەڕۆژ هەبوو، بەڵام لە کات و ساتی خۆی دا دەژیا، حەزی لە ژیانی خۆش بوو، بەڵام خۆشیی خۆی لە پێناو ژیانێکی باشتردا بۆ گەلەکەی دەکردە قوربانی، ئەوینداری ژیانێکی ئازاد بوو، کە چی لە چوارچێوەی قەفەسێکی سنووردار‌دا دەخولایەوە و هەوڵی دەدا کە لەو ڕاوەستگا سنووردارکراوەڕا بیری ئازادی بڵاو بکاتەوە.

بەڵام ئەوەی کە کاک تەهای زیاتر لە زۆر کەسی دەوروبەری جیا دەکردەوە، تێڕوانینی ئەو بۆ پلە و پایە و مەقام و دەسەڵات بوو. ئەو دەسەڵاتی پێ بچووک بوو و ئەو دەسەڵاتدارانەی کە بە هەر شێوەیەک بە کورسی دەسەڵاتەوە دەنووسن پێ بچووکتر بوو. ئەگەر لە ناخی دەروونی ئەو تێ نەگەیشتبای، ڕەنگە لە یەکەم دیدار دا هەستت بە تووڕەیی و نەفرەتێک کردبا کە بە نیسبەت بەرپرسایەتی و دەسەڵات دا هەیبوو. کە زیاترت دەناسی و دەتدواندەوە، دەتزانی کە ئەوە دژ کردەوەیەکی لە ڕووی نەفرەتەوە نیە، بەڵکوو تێڕوانینێکی سەرهەڵێنانە و بێ چاوەڕوانیە بۆ شێوەی بەڕێوەبەری.



مانگی گەلاوێژی ساڵی ١٣٦٣ بوو کە لە گوندی گەورەدێی باشووری کوردستان بە هۆی ئەرکی کاریم لە ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دا بۆ یەکەم جار کاک تەهام ناسی. لە یەکەم ڕۆژەکانی دان و ستان لە گەڵ هاوکار، هاوبیر و هاوحیزبییەکانم لە ڕادیۆ و کاک تەها، کە پاش شەهیدی سەرکردە دوکتور سەعیدی ئەمر و هێژا کاک دوکتۆر خەلیقی بە تەمەنترین و بە ئەزموونتریان بوو هەستم بە نامۆیی و مەودایەک کرد کە زوو بە زوو بەرۆکی بەرنەدەدام. بەڵام ئەو نامۆیی و مەودا دیارە، نە ئەو دەم و نەش ئێستا کە زیاتر لە ٣٠ ساڵ لەو کاتە تێپەڕیوە، لە ڕێز و حورمەتی بێ سنووری من بۆ کاک تەها کەم نەکردەوە.

کاتێک بۆ یەکەم جار پێم نایە "دیوی ئینتشارات" کە شوێنی ژیانی کاک تەها و هاوکارە نزیکەکانی، و شوێنی هاوبەشی کاری هەموو ڕادیۆ و چاپەمەنیی حیزب بوو، چاوم بە کابرایەکی بە خۆوە، سمێڵ ڕەش و سەر نیوە تاس کەوت. ئەو بە ژێرکراسێکی سپی و پانتۆڵێکی سەوزی پڕ ڕەنگەوە لە نێوەڕاستی هۆدەکە دانیشتبوو، کلاسۆرێکی قاوەیی لە ژێر بەستە کاغەزێکدا لە سەر ڕانی دانابوو و بە خێرایی دەینووسی. کاک مەکۆی ئەمر کە ڕێنوێن و ڕێپیشاندەرم بوو، پێی کوت کاک تەها ئەوە لەو ژوورە گەرمەدا ناپێشێی؟ ئەو بە پێکەنینەوە گوتی تەلاقم کەوتبێ ئەوە دەسووتێم، بەڵام خوو دەرەوە لە جەهەننەم گەرمترە. ئیسکانە چایەکەی بەتاڵ بوو. مەکۆ پێی کوت ئەوە چایەک بۆ خۆمان دێنم، ئیسکانەکەی تۆش پڕ کەمەوە؟ کاک تەها وەڵامی داوە و کوتی خەجاڵەت خۆم، من بە عەرزەوە نووساوم و ناتوانم هەستمەوە سەر پێ، بە حەزرەتی خەوس چای ئەو دەست و پلە ناسک و نارنجیانەی تۆ دەبێ لە چای دەستی ئایشە و فاتمان خۆشتر بێ. دوای چاک و چوونی، نووسراوەکەی بەر دەستی تەواو کرد و هەستاوە سەر پێ و کووتی با بچینە دەرەوە. لە کاتی هەستانەوەدا، چاوی لە من کرد و کوتی "پێت خۆش بوو ئێستا دەستێکت نەبوایە و سمێڵێکی ئاوات بوایە!

یەکەم جار بوو کە قەلافەتی پشت ئەو دەنگانەم دەبینی کە پێشتر لە ڕادیۆدا گوێم لێیان ببوو. لە لای خۆم کێوێکی جیاوازتر لەو مرۆڤانەم دەبینی کە چاوم پێیان دەکەوت. لە مێژ بوو گوێم لەو شێوە قسانە نەبوو و نەمدەزانی بڵێم چی، بەڵام هەستم کرد کە ئەو کەسە تایبەتمەندیی خۆی هەیە. وردە وردە کە کاک تەهام پتر ناسی، دڵنیا بووم کە ئەو، چەمکە باوەکانی ژیانی ئاسایی نێو کۆمەڵگا بۆ سووک کردنەوەی باری قورسی سەر شانی خۆی و هاوڕێیانی بە کار دێنێ و بەو شێوەیە، چێژ و تامێکی خۆش بە ژیانی دژواری پێشمەرگایەتی دەبەخشێ.

کاراکتێری سەرهەڵدێری کاک تەها زۆر قەید و بەندی تێپەڕاندبوو. بێجگە لە کاک سەعید، کە کاک تەها ڕێزێکی بێ سنووری بۆی هەبوو، هیچ بەرپرس و بەرێوەبەری حیزبی نەبوو کە لە ڕوانگەی وردبین و ڕەخنەگرانەی کاک تەها پارێزراو بێ. ئەو بێ باکانە هاواری دەکرد و زۆر زوو دەتوانی کاراکتێرە شاراوەکانی پشت قەڵای پاقژی پێشمەرگایەتیەوە لە قاو بدا. لە هەمان کاتیش دا، زۆر کەسێکی بە مشوور و بە تەحەممول بوو. بۆ من ئاشکراترین نیشانەی بە تەحەممولبوونی کاک تەها، پێداچوونەوەکانی کاک سەعید بە سەر ئەو وتار و نووسراوانەدا بوو کە کاک تەها دەینووسین. ئەو کات، لە ٦ ڕۆژی حەوتوودا کاک تەها هەواڵەکانی ڕادیۆی دەنووسی، دوو ڕۆژی حەوتوو پاش هەواڵەکان، ژیاننامەی شەهیدانی دەنووسی و بۆ ڕۆژانی هەینیش، بەرنامەی ئێمە و گوێگرەکانی هەبوو کە بۆ خۆی دەینووسی و لە گەڵ ژنە تێکۆشەرەکەی نێو ڕیزەکانی حیزب خەجیج خان بەرێوەی دەبردن. کاک ئەحمەد شێربەگی، هاواری بوێری پێشمەرگە و یەکێک لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ڕاگەیاندنی حیزبیش یارمەتیی کاک تەها دەدا، بەڵام ئەو دەم قورسایی کار هەر لە سەر شانی کاک تەها بوو. لە سەر یەک، لە ڕۆژدا شتێک لە نێوان ٦ تا ١٠ لاپەرە لە بەرهەمەکانی کاک تەها لە دەنگی کوردستانەوە بڵاو دەکرانەوە، کە ئەوە ڕێکۆردی کاری حیزبی بوو. کاک سەعید بە سەر هەمووی ئەو نووسراوانە دا دەچووە و کەمتر دێڕێک هەبوو کە گۆڕانیان بە سەردا نەیەنێ. جاری وابوو سێ جار ڕستەیەکی دەگۆڕی و دواتر ڕستە ئەسڵییەکەی کاک تەهای دایدەناوە. لەو چوار ساڵ و چەند مانگەدا کە من لە نزیکەوە لە گەڵی کارم دەکرد، تەنانەت جارێکیش گوێم لێ نەبوو کە دژکردەوە لە بەرامبەر ئەو کارەدا نیشان بدا یا وا بنوێنێ کە ئەو هەموو دەستکاریانەی پێ



ناخۆشە.

کاک تەها سیاسەتەکانی حیزبی بەڕێوەدەبرد و بەشێکی سیاسەتی ڕاگەیاندنی حیزبیشی دادەڕشت. بۆیە زۆر کەس زمانی ڕادیۆی حیزب بە بەرهەمی کاری کاک تەها لە قەڵەم دەدا. بەشی زۆری ئەو قسانە ڕاستن. کاک تەها بە سەرکەوتنی پێشمەرگە و بە گەشەکردنی خەباتی نەتەوەیی دەگەشایەوە و هێزی دەگرت. ئەو هێز و گەشانەوەیە هەموو دەبوو بە وشەی پاڵپێوەنەر بۆ بەخشینی هێزی زیاتر بۆ پێشمەرگە و گەل. بەم پێیە، ئاساییە کە کاک تەها بە دارێژەری زمانی توندی حیزبی دێمۆکرات بەرامبەر بە ڕەخنەگران و جیابیرەکانیشی بناسرێ. بەڵام وەک شاهیدی کاری کاک تەها دڵنیا نیم کە ئەو زمانە زبرەی کە لە کاتە قەیرانییەکان دا باڵی بە سەر زمانی ڕاگەیاندنی حیزب دا دەکێشاوە، بەرهەمی بیری کاک تەها بن. لە گەرمەی شەڕی ناڕەوای حیزب و کۆمەڵەدا، کاتێک هەر دوو لایەن بە شێوەی ناڕەوا و زۆر زبر پێک هەڵدەپرژان و بە کردەوەش خەریکی ڕشتنی خوێنی پێشمەرگەکانی یەکتر بوون، بە جاران کاک تەهام بینیوە کە لە کاتی نووسینی هەواڵی شەڕەکاندا، فرمێسکی بە چاوان دا هاتووەتە خوارێ. ئەو ناڕازی بوو لە یەکتر کوشتن، دەریشی دەبڕی، بەڵام لە کار و ئەرکە حیزبییەکانی پاشگەز نەدەبووەوە. وەک هاوکاری کاک تەها، شاگرد و کەسێک کە ڕێزی لە کاک تەها دەگرت، پاش کۆنگرەی ٨ی حیزب و بە دوای جیابوونەوەی داخهێنەر، شاڵاوی ڕژدی تەبلیغاتی توندی لایەنی بە هێزتری دێمۆکرات بۆ سەر لایەنی جیابووەوە دەستی پێکرد و ناڕەواترین وشەکان لە دەنگی کوردستانەوە بە دژی خەباتگێرانی دێمۆکرات بڵاو دەکرانەوە، زۆر جار لە بەرەی بەرامبەر بە کاک تەها و هاورییانی هاوبیر بەڵام لێک داپچڕاوم ڕا، بە دڵێکی پڕ لە ئێش و ئازارەوە دەگریام و دەکەوتمە بیری ئەو فرمێسکانەی کە کاک تەها لە کاتی دارشتنی هەواڵی شەڕەکانی حیزب و کۆمەڵە دەیرشتن. ئەو کات دڵنیا بووم کە کاک تەهاش وەک من ئازار دەچێژێ.

ئەو سەردەمە تاڵە بە هەموو ئەنجامە نەێنییەکانیەوە بە سەر چوو، بەڵام بە داخەوە بۆ من هەر نەلوا کە دوبارە کاک تەها ببینمەوە و پێکەوە باسی ئازارە هاوبەشەکانمان بکەین. کاک تەها، زوو بە جێی هێشتین و ئەو دەرفەتەی بۆ نەهاتە پێش کە وشە شاراوەکانی پشت ئەو هەست و هەڵوێستانەی بنووسێتەوە. بەڵام ئەمەگ و ماندووبوونی کاک تەها لە وشەبەخشین بەو تێکۆشان و فیداکارییانەی کە شەهید و پێشمەرگەکانی حیزبی دێمۆکرات دەیانخوڵقاندەوە هەر زیندوو دەمێنێتەوە.

کاک تەها نامرێ و لە نێو دڵی تێکۆشەرانی ئازادی و پێشمەرگە هاوسەنگەرەکانی دا هەتا هەتایە هەر دەژی.

**دێسامبری ٢٠١٤**

تێبینی : ئەو بابەتە لەسەر داوای من بۆ یادی پێنج ساڵەی ماڵئاوایی نەمر و تێکۆشەر کاک تەها ئامادە کراوە.



## بۆ پیاوێک کە ماندوویی نەدەناسی!

**هەیاس کاردۆ**

پێم خۆشە بۆ تاوێک چاو بقووچێنم و بیر و هۆشم بگەڕێنمەوە نێو باوەشی گەل. دڵم دەیەوێ بۆ چرکە ساتێک وەک بای شەماڵ بە دۆڵ و دەرەکانی کوردستان دا خول بخواتەوە و وێنەی ئەو بیرەوەرییانە بگرێ کە ساڵهایە بەجێی هێشتوون. میشکم تینی بۆ هێناوم ئەو خۆشەویستانە وەبیر بێنمەوە کە سەردەمانێک لە تەنیشتیان بووم و پێکەوە و لە پەنای یەک بۆ ئامانجێکی هاوبەش خەباتمان دەکرد. بیرم سەرقاڵە و خەریکە فیلمی ژیان و خەباتی سێڵاوی ئەو تێکۆشەرانەم بۆ نیشان دەداتەوە هەتا جارێکی دیکە لە گەورەیی و خۆ نەویستییان بگەم و بەڵێن بدەم هەتا سەر لێوی قەبر ناو و یادیان فەرامۆش نەکەم.

ئێستا دیمەنی ئەو کاتانەم لەپێش چاوە کە بە قرچە قرچی گەرمای نیوەڕۆیە کاک تەها باڵتۆیەکی قورسی دەبەر دایە و لە بنکەی ڕادیۆ ڕا بەرەوە هەوراز هەڵ دەکشێ. لێی نیزیک دەبمەوە و دەڵێم بۆ کوێ بەو گەرمایەی؟ دەڵێ وەدوام کەوە بزانم هەتا کوێ بڕ دەکەی. ناچار بە بزنە ڕێگای بەرەو لووتکە دا وەدوای دەکەم و توانای خۆم تاقی دەکەمەوە. هەتا دێ باوی لاقی کاک تەها خۆشتر و خێرایی ڕۆیشتنەکەی زیاتر دەبێ. لە پشتەوەش ڕا مەودای هەنگاوەکانی من کورتتر دەبنەوە و هەتا دێ لە کاک تەها دوورتر دەکەومەوە. ئەو بە مەبەستی دابەزاندنی کێش بڕیارێکی سەختی داوە کە مخابن لە توانای من دا نیە. هەر بۆیە زۆری پێ ناچێ بێ ئەوەی پێم بزانێ سەر بەرەو خواری دەدەمێ و خۆ دەگەیەنمەوە دیوە لە بەر تاو سوور بۆوەکەی ڕادیۆ.

دیسان باڵی خەیاڵ هەڵم دەگرێ و لەنێو کۆڕی هاوسەنگەران دا بە عەرزیم دادەدا. لە نێو سیمای سەدان تێکۆشەردا کە هەرکام سەرقاڵی کارێکی شۆڕشن، لە گۆشەی دیوە ڕەق و تەقەکەی ڕادیۆ چاوم بە کاک تەها دەکەوێ کەهەردووک لاقی درێژ کردوون و کۆڵێک نامەی چووکە چووکەی گلۆڵە کراوی لە پێشن و بە تیغەڵەیەک خەریکی کردنەوەیانە.هەرکام لەونامانە لە لە شار و دێهاتی کوردستانەوە بە قاچاغ ڕێیاندا و بەشی هەرە زۆریشیان لە نێو کۆڵەپشتیی پێشمەرگەدا گەیشتوونەتە دەستی کاک تەها. کاک تەها بە حەوسەلەی یەکجار زۆرەوە کە هەر خۆی جوان بوو هەموو نامەکانی دەخوێندنەوە و بۆ هەمووشیان وەڵامی پێویستی پێ بوو. هەر بۆیەش ڕۆژانی هەینی بە هەزاران کەس لە ئۆگرانی بەرنامەی "وەڵامی نامەی گوێگرەکان" دڵە کوتەی ئەوەیان بوو گوێیان لە وەڵامی نامەکانیان بێ کە بە دەنگی خۆی – کاک تەها- و خەجیجە خاتوونی هاوکار و دۆستی نیزیکی بڵاو دەبۆوە.

کاک تەها لە کاردا وچاندانی نەبوو. بۆ ماوەی دەیان ساڵ بێ پشوودان بەشێکی زۆری بەرنامەکی ڕادیۆی نووسین. کاری بەردەوام و بێ پسانەوەی ڕادیۆ کە حەوت ڕۆژ لە حەوتوودا بوو کاری کەسێک و دوو کەس نیە. بەڵام ئەو پیاوە ماندوویی نەناسە بەردەوام دەی نووسی و بێ پسانەوە کۆنترۆڵی بڵاو بوونەوەی بەرنامەکانی دەکرد. ئەو دەگەڵ ڕادیۆ پێوەندییەکی ڕووحیی وای گرێدا بوو کە بە کەس لێک نەدەبوونەوە. گەڕان و خۆش ڕابواردن لای کاک تەها فشە بوو. ئەوەی بیری لێ نەکردبایەوە سەیران و گەڕان بوو. بە ساڵ پشووی وەر نەدەگرت و قەت لە ڕادیۆ دوور نەدەکەوتەوە. گوێی لەوەی نەبوو خەڵکی دیکە چۆن کار دەکەن و چەندە خۆیان ماندوو دەکەن. ئەو وا ڕاهاتبوو کە ماندوو بوون نەناسێ. کاک تەها چاوی لە پلە و پایە و تەشویق



و پێدا هەڵگوتن نەبوو. بە هیچ جۆر پێی خۆش نەبوو دەستوور بدا و خەڵکێک گوێڕایەڵی بن. ئەوەی بۆ ئەو گرینگ بەرنامەکانی ڕادیۆ ڕێک و پێک بڵاو بنەوە و وەدرەنگێ نەکەون. ئەو دەیزانی گرینگیی ڕادیۆ بۆ شۆڕش چەندە زۆرە، بۆیە هەموو ژیانی ببوە کاری ڕادیۆ. توانا و بەردەوامیی ئەو مرۆڤە سنووری نەدەناسی. تاقەتێک کە بۆ ئامادە کردنی بابەتەکانی ڕادیۆ هەیبوو نایەتە حیساب کردن.

کاک تەها عەتیقی نموونەی پیاوێکی مەند و خاوەن خسڵەتی بەرزی ئینسانی بوو. قەت دەنگی بەسەر هاوکارانی دا بەرز نەدەکردەوە. کەم دوێ و پڕ کار بوو. هێندێک کەس ئەو کەم دوێیەی کاک تەهایان بۆ خۆ گرتن لە قەڵەم دەدا کەچی وانەبوو. ئەو نەی دەویست کاتی زێڕینی خۆی بە قسەی بێ ئاکام پڕ کاتەوە. لەو کاتانەدا کە دەبوو کار بکرێ بەڕاستی کاری دەکرد و هەتا بەرنامەی ڕادیۆ تەواو نەبووبا گوێی بە هیچی دیکە نەدەبزووت. بەڵام کاک تەها هێندەش کەم دوێ نەبوو. ئەو دەیزانی کاتی قسەی خۆش کەنگێیە و دەبێ لە کوێی بکەی. قسە خۆشیی کاک تەهای بە نێوبانگ بوو. زۆر کەس حەزیان دەکرد سەردانی دیوی ڕادیۆ بکەن بۆ وەی گوێیان لە قسە خۆشەکانی کاک تەهای بێ. بۆ هەموو تەمەنێک قسەی تایبەتی خۆیانی پێ بوو. ئەو مامۆستانی قسەی خۆش بوو.

کاک تەها هەستێکی بەرزی هاودەردی و هاوخەمیی لێقەوماوانی دە وجوودی دا هەبوو. هێندە خۆ نەویست بوو کە دەیتوانی بە کەمترین ئیمکاناتی سەرەتایی ژیان تێپەڕ بکا.بەڵام چاوی دیتنی خەڵکی هەژار و لێقەوماوی نەبوو. زۆر دژی ئەوە بوو کە ئیمکاناتی شۆرش بۆ قازانجی دەستەیەکی تایبەت تەرخان بکرێ و بەشێکی دیکەش چاو لەدەست بن. ئەو یەکسانیخوازێکی بە تەواوی مانا بوو. کاک تەها زۆر بێ منەتانە کاری خۆی دەکرد و ڕێگای بە هیچ بەرپرسێک نەدەدا خۆ دەوکاری وی هەڵقورتێنن. چونکە زۆریش بە نەزم کاری دەکرد کەس نەی دەتوانی بەربینگی پێ بگرێ. خۆشەویستیی کاک تەها لە نێو هاوسەنگەرانی نموونەی کەم بوو. بۆ هەموو کۆنگرەیەک دایمە لە ڕیزی پێشەوەی نوێنەرەکان دەنگی دەهێنایەوە و لە هەموو کۆنگرەیەکیش دا هەرکات خۆی کاندیدا کردبا دەنگێکی یەکجار زۆری دەهێنایەوە. بەڵام خۆ نەویستیی ئەو مرۆڤە وای کردبوو وەدوای پۆست و نێو نەکەوێ و کارێک کە بە باشی لە دەستی دەهات ئەنجامی بدا.

بەرە بەیانیی ئەو ڕۆژەی هەواڵی مەرگی کاک تەهام بیست بە خۆم نەبوو ڕێژنەی فرمێسک بە لا چاوەکانم دا هاتنە خوار. کۆچی زۆر زووی کاک تەهام بە کۆستێکی گەورە زانی و لە دوورە وڵاتی ئەژنۆی خەمم دەباوەشت. بۆ کەسێک گریام کە خزمەتەکانی بە بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێێ ڕێز و پێزانینن. بۆ کەسێک گریام کە لێێ فێر بووم بەردەوامی و پشوو درێژی لە کاردا مەرجی سەرەکیی سەرکەوتنە. ئێستا کە بە دنیایەک تاسە و خەمەوە یادی ئەو پیاوە گەورەیە دەکەمەوە خۆزگە دەخوازم قەدری ئەو جۆرە کەسانە لە کاتی خۆی دا بگیرێ و بۆ پاش مەرگیان وەدوا نەخرێ.

ناو و یادی کاک تەها عەتیقی بۆ هەمیشە لە لام دەمێنێ.

هەیاس کاردۆ - ئوستڕالیا ٢١ی دێسامبری ٢٠١٤

تێبینی : ئەو بابەتە لەسەر داوای من بۆ یادی پێنج ساڵەی ماڵئاوایی نەمر و تێکۆشەر کاک تەها ئامادە کراوە.



## دەنگێکی ڕەسەن و ناوێکی ئاشنا و سیمایەکی دیاری دێموکرات کاک تەها عەتیقی

**حەمەڕەسووڵ کەریمی**

لە ماوەی پێشمەرگایەتی دا زۆر کەسایەتی ناودار و زۆر شۆڕشگێری بە ئەمەگ و زۆر بنەماڵە و کەسی تایبەتیم ناسین.



بەر لە پێشمەرگایەتیم کاتێک ئێستا نەبووومە پێشمەرگە، لە ڕۆژانی هەینی دا لە بەرنامەی نامەی گوێگرەکان دا گوێم لە دەنگێکی ڕەسەن و خۆش مەشرەف دەبوو کە زۆرجار لە کاتی وەڵامدانەوە دا خولیای ئەو هەموو وردبینی و وشیاری و ڕاوێژی ئەو دەنگە هاندەرە دەبووم. چەند جارێک لە ڕێگای دۆستانی نێو شارەوە نامەی پێچراوە بە چەسپ کە نێوەرۆکەکەی بە کۆمەڵێک پرسیار پڕ دەکرایەوە بۆ ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانی ئەو کاتمان دەنارد و پاش ماوەیەک چاوەڕوانی نامەکان بە ئەمانەتەوە وەک خۆی بێ زیاد و بێ کەم بە دەنگی خاتوو خەجیج مەحزووری دەخوێندرانەوە و بە دەنگی بلاوێن و خۆشی کاک تەها عەتیقی نەمر وەڵام دەدرانەوە، ئەو ئەمانەتداریە زیاتر من و دۆستانی ئۆگری ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران و ئەو دوو مرۆڤە ڕاستوێژەی گەلەکەمان کرد بوو.

دوای ساڵانێک پێشمەرگایەتی بە هۆی ئەوە نەخۆشخانەی حیزب لە تەنیشت دەفتەری سیاسی حدک بوو، لە ڕێگای سەر سنووره برینداری هێزی زمزیرانمان لەگەڵ چەند هاوڕێ هێنانە نەخۆشخانە و ئەوەش وایکرد بۆ ماوەی چەند مانگێک لە بنکەی تەقەمەنی و تداروکاتی گشتی حیزب لە بنکەکانی کانیمێو لە دۆڵی جافایەتی لە تەنیشت دەفتەری سیاسی بمێنمەوە، پاش چەند حەوتوو مانەوە لە بنکەی تەقەمەنی بەرەبەرە ڕێم کەوتە دەفتەری سیاسی و بە هۆی ئەوە خزمایەتیم لەگەڵ بەڕێز کاک ئەحمەد شێربەگی دەنگی دلێری پێشمەرگەی دێموکرات هەبوو چوومە ژووری بنکەی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران و لە سەرووی دۆڵی گەورەدێ لە ژوورێکی بچووکی پێشمەرگانە دا بە خزمەت کادرەکانی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانی ئەو کات گەیشتم و لە نزیکەوە ئەو کەس و دەنگانەی منیان هاندا ببمە پێشمەرگە، بە خزمەتیان گەیشتم و هەستم بە سەربەرزی دەکرد کە لە نزیکەوە شانازی ئەوەم پێ براوە لەگەڵیان دابنیشم.


کاک تەها عەتیقی مرۆڤێکی خوێندەوار و ڕووناکبیرێکی شۆڕشگێری نێو ریزەکانی حیزبی دێموکرات بوو کە لە نووسین و لە وردبوونەوەی دا کەم کەس دەیتوانی قەرە لە قەرەی نووسین و وەرگێرانەکانی بدا. بەردەوام خەریکی خوێندنەوە و گوێگرتن لە رادیۆکانی جیهانی بوو، کاتی بە فیرۆ نەدەدا، لە سەر کاغەز و کارتۆن و پاکەتە سیگار و بۆکسی سیگار و هەرچی سپی و یا بۆ نووسین بایە یاداشتی هەڵ دەگرت و لە تەنیشت خۆی دادەنان. زۆربەی ئێواران دەهاتە مەیدانی وەرزشی گەورەدێ و لەوێ وەرزشی دەکرد و زۆرجار چاوی لەو کوڕ و کچانە دەکرد کە خەریکی یاری واڵیبال و پینگ‌پۆنگ بوون و لە تەنیشت مەیدانی تۆپی پێی بنکەی دەفتەر پیاسەی دەکرد.

زۆرجار لە خزمەتی دا دەبووم و هانی دەدام کە لە کۆڕی هونەری حیزبدا بمێنمەوە و بە قسە خۆشەکانی دڵی منی تازە لاوی دڵگەرمتر دەکرد.

لە ماوەی چەند ساڵێک دا و بە تایبەت ئەو کاتانەی لە جەولەی پێشمەرگایەتی دەگەڕامەوە و دەستم بە تاڵ دەبوو دەچوومە سەردانی دۆستان و هاوڕێیان و یەک لەوان کوڕ و کچەکانی بنکەی ڕادیۆ دەنگی کوردستان و بە دیداریان شاد دەبوومەوە و هاوکات بە قسەی خۆش و ڕاوێژی گەرمی ئەو پۆلە شۆڕشگێڕە، دڵم سەد هێندەی دیکەی بە شۆڕش و کاری پێشمەرگایەتی خۆشتر دەبوو.

بەهاری ساڵی ١٣٦٦ ی هەتاوی لە سەر داوای ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران و لە ڕێگای کۆمیتە شارستانی ڕەبەتەوە هەڵم بۆ ڕەخسا بۆ کاری هەواڵنێری و وێنەگری بچمە دەفتەری سیاسی و ببمە قوتابیەکی کەم ئەزموونی کاک تەها عەتیقی، دیارە لەو دەورەیە دا چەندین کادرو پێشمەرگەی دیکەش لە کۆمیتە شارستان و مەڵبەندەکانی دیکەی حیزبەوە بەشدار بوون. لە ماوەی ٢٠ ڕۆژ مانەوە لەو دەورەیە دا، بەردەوام لە نزیکەوە لە سەر چۆنیەتی ئامادە کردنی هەواڵ و دەنگ و باس بۆ ڕادیۆ دەنگی کوردستان، گوێگر و قوتابی ئەمر کاک تەها عەتیقی و شەهید دوکتور سادق شەرەفکەندی بووم و لە کاری وێنەگریش دا قوتابی هاوڕێی بێ سەرو شوێن بوو کاک حەسەن کتابی بووم.

ئەو بەڵگەیەش وەک تەنیا یادگاری کاک تەها کە لە دەورەی هەواڵنێری و دوای تەواو بوونی دەورەکەی وەک بەڵگەی کار کردنی لە بەشی هەواڵنێری بەخشرا بە من لە ئارشیوی خۆم دا ڕاگیراوە و گەورەترین خەڵات و میداڵی ئەو ئۆرگانەیە کە کاک تەها بە منی بەخشیوە.


بەڕێز ~~مەڵبەندی~~ کۆمیتەی شارستانی ڕەبەت

هاوڕێ: ڕەسوڵ کەریمی لەمەوبەدوا وێڕای ئەنجامی ئەرکی پێ سپێردراوی خۆی کەلە لایەن ئێوەوە بۆی دیاری دەکرێ، ئەرکی تایبەتی هەواڵدەری دەنگی کوردستانیشی بە ئەستۆ دەبێ.

ئەم هاوڕێیە کە دەورەی دیتوە. خەبەر و باسەکانی عەمەلیاتی پێشمەرگە و هەموو هەواڵەکانی دیکەی ناوچەی ئێوە ئامادە دەکا و بە پەسندی بەرپرسی کۆمیتە (مەڵبەند) بۆ دەنگی کوردستانی دەنێرێ.

بە هیوای سەرکەوتن

کۆمیسیۆنی سیاسی- نیزامی
حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی
ئێران

ئارشیوی حەمەڕەسووڵ کەریمی

لەو ماوەیە دا کاک تەهام زیاتر ناسی. وردبینی، شارەزایی، مشوورخۆری و دڵپاکی ناوبراو و هەروەها حەوسەلە و هەست و سۆزی بەرزیان، وای لێکردم کە زۆرتر ئۆگری ئەو ئەمرە ببم. لە ماوەی وانە گووتنەوەی دا بەردەوام باسی لە ڕاستبێژی و سەداقەت دەکرد و پێداگری لە سەر هەواڵ ئامادە کردن و ڕاست نووسینی هەواڵەکان دەکردەوە. ئەزموونی ڕابردووی خۆی بۆ ئێمە باس دەکرد.

دەیگووت: خۆشەویستی ڕادیۆ دەنگی کوردستان، ئەوەیە کە هیچ کات درۆ و بۆختان و ناراستی بڵاو ناکاتەوە و هەوڵی داوە چاوساغ و دەنگی بەرهەقی پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان بێ، دەیگووت: ئەو ڕادیۆیە دەبێ ببێتە باشترین دۆست و هاوڕێی خەڵکی کوردستان و ئەوەش بە قسەی ناراست ناکرێ و پێویستە ئەمانەتداری لە چۆنیەتی ئامادەکردنی هەواڵ و ڕاپۆرت و



بابەتەکان دا بکەین.

کاک تەها لە کاری حیزبی دا چوست و چالاک بوو، لە کاتی قسەکردن لە کۆبوونەوەکان دا سرنجی ڕێبەر و کادرو پێشمەرگە و بەشداربووانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا. مرۆڤێکی سیاسی بە مانەی وشە بوو، دەتوانم بڵێم کە کاک تەها شارەزای تەواوی لە سیاسەت دا هەبوو و هەروەها لێهاتوویی تایبەتی لە کاری بەڕێوەبەری ڕادیۆ و ئۆرگانی ڕادیۆ دا هەبوو، کەسێکی بوێر بوو و بە بەڵگەوە قسەی دەکرد و ساحەب ئیرادە و ساحەب گوتار و وتاری خۆی بوو، زۆربەی ساتەکان لە تەنیشت گەورە پیاو و ڕێبەری هەڵکەوتووی گەل کاک دوکتور سەعید شەرەفکەندی نەمر بوو، لەگەڵ کاک سەعید و خاتوو خەجێ و کاک ئەحمەد و کاک مەنسوور و کورەکانی دیکە لێکدانەبراو بوون و لە ژێر تەوژمی ساردی و گەرما دا و لە کاتی هێرشی فرۆکە و تۆپباران دا هەر بە یەکەوە بوون. زۆرجار دەیگووت لە کاتی ڕاگوێزتنی ڕادیۆ دا لە نەبوونی کەرەسەی وەک ماشێن و وەڵاغ و تراکتۆر دا دەبوو شتە گرینگەکانی ڕادیۆ بپێچینەوە و بە کۆڵ ڕایانگوێزین و ئەوەش بۆ ئێمە پێشمەرگەکانی ڕادیۆ وەک عادەتی لێهاتبوو و هەر کەس دەیزانی دەبێ چی لە کۆڵ بکات و چۆنی بپارێزێ. مرۆڤێکی نەترس و بوێر و خەمخۆری حیزب و سیاسەتەکانی حیزب بوو. گەرمێن و کوێستان گەرا و یەکێک لە کۆڵەکە ئەسڵیەکانی رادیۆ دەنگی کوردستان بوو، ڕادیۆی وەک کۆرپەی خۆی خۆشدەویست و بە وتار و گوتاری نازی ڕادیۆی دەکێشا و سیمای جوان و دێموکراتانەی حیزبی دێموکراتی دەبردە نێو هەموو باخ و مەزرا و ماڵ و گوند و شارێک و بە گشتی خەڵکی خۆشدەویست و خەڵکیش بە بیستنی ڕادیۆ دەنگی کوردستان شاگەشکە دەبوون و ڕۆژانە ٣ جار گوێیان لە هەواڵ و بابەت و نامەی گوێگرەکان دەگرت و ئەوەش بۆ کاک تەها و هاوکارەکانی گەورەترین میداڵ و خەڵات بوو.

جێگای خۆیەتی سوپاسی هاوکارەکانی کاک تەها بکەم کە هەمیشە کاک "تەها" یان وەک مامۆستا و ڕێنیشاندەری خۆیان و رادیۆ سەیر کردووە و لە ئەزموون و ڕێنوێنیەکانی ناوبرا کەڵکیان وەرگرتووە.

دوای شەهید بوونی کاک دوکتور قاسملوو و کاک دوکتور سەعید و هەروەها دوای ئەوە حیزب بە ناچاری هاتە دەشتی کۆیە و کێشە نێوخۆیەکان دەستیان پێکرد، کاک تەها لە ڕێگای یوئێنەوە ڕێگای هەندەرانی گرتە بەر و گەیشتە سوئێد و دواتر بە هۆی ژیانی هاوبەش لە گەڵ خاتوونێکی دڵسۆز و وەفادار بە کوردایەتی خاتوو ئەسمەر لە وڵاتی سویس گیرسایەوە.

خەمی دوورە وڵات و خەمی لەتبوونی حیزب و خەمی گەلەکەی بوونە میوانی دڵی نەحەساوەی کاک تەها و بەداخەوە لە ٢٨ . ١٢ . ٢٠٠٩ دا لە تەمەنی ٦١ساڵی دا بە هۆی ڕاوەستانی دڵەوە کۆچی دوایی کرد و خەمی خستە سەر دڵی هەموو ئەو کەسانەی کە لە نزیکەوە دەیانناسی.

کاک تەها مرۆڤێکی بەخشەندە و دڵ گەورە و لە هەمان کاتدا سادە و خاکی و خۆماڵی بوو. دڵی باخچەی ئەوین و خۆشەویستی بوو، نازی هەموو کەسێکی دەکێشا و دەستی بە سەر سەری هەموو لایەکمانەوە بوو، دوای ئەوە ئەسمەر خان هاوسەری شەهید عەبدوڵڵا شەریفی بە چەند کۆرپەی چاوگەشەوە گەیشتنە وڵاتی سویس، کاک تەها پەیمانی هاوسەری و بوونی بابی بە خاتوو ئەسمەر و منداڵەکان دا و تا کاتی مردنی دەستی هەر بە سەر سەری ئەو منداڵانەوە بوو کە لە ژێر سێبەری مێهرەبانی وەفاداری کاک تەها و خاتوو ئەسمەر دا تەمەنیان بەرەو ژوور دەچوو و هەرەتی منداڵی خۆیان تێپەر کرد بوو، کاک تەها لەو قۆناخەی ژیانیشدا کەسێکی سەرکەوتوو و بە ئەمەگ و دڵسۆز و باوک و مامۆستایەکی باش بوو بۆ کۆرپە بە جێ ماوەکانی

شەهید عەبدوڵلا شەریفی. لە کاتی بە خاکسپاردنی دا ئەوەی کە منداڵەکان بۆ کاک تەهایان کرد، ڕێک وەک خەمی لە دەستدانی باوکی شەهیدیان کاک عەبدوڵلا شەریفی بوو. ئەو ڕێزگرتن و شین گێریەش نیشانی دەدا کە کاک تەها چەندە بۆ ئەوان دڵسۆز و خەمخۆر و مامۆستا و باوکێکی دڵسۆز بووە.

لە ڕۆژی ٣١ ـ ١٢ ـ ٢٠٠٩ دا چەند کاتژمێر پێش ئەوەی ساڵ نویٚ ببێتەوە لەگەڵ هاوڕیٚ و دۆستانی نزیکی کاک تەها لە وڵاتی سویس بە دەریایەک خەمەوە بە ئەمانەت بە خاکمان سپارد و چەندین کەسیاتی لە سەر مەزارەکەی وتار و شێعر و هەڵبەست و پەخشانیان پێشکەش کرد.

هیوادارم کە هاوڕیٚ نزیکەکانی، ئەوانەی کە بەردەوام لەگەڵ ئەو نەمرە بوون هەموو لایەنەکانی ژیانی کاک تەها چ ئەو کات لە شاری مەهاباد بوو و چ ئەو کات کە پێشمەرگە و پێشەنگی شۆرش بوو، بنووسنەوە و مێژووی ژیان و بە سەرهاتی ئەو گەورە پیاوەی گەلەکەمان، بۆ ئەوەی نویٚ بگێرنەوە و باسی جوامێری و وەفاداری و گەلدۆستی و نیشتمانپەروەری ئەو تێکۆشەرەی ڕێگای ئازادی کوردستان بنووسنەوە و لە مێژووی یەکەم ڕادیۆی کوردی کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ڕۆژهەلاتی کوردستان دایمەزراندوە ناوی وەک درەوشاوەترین کەس لە سەروی هەموو ناوەکان بنووسرێتەوە.

ڕووحی شاد و ڕێگای خەباتی کە ڕێگای ڕزگاری و ئامانجی شەهیدەکان بوو پڕ ڕێبوار بیٚ.



ئەم وێنەیەش لەگەڵ کاک ئەحمەد حەدداد و کاک کەریم و خاتوو کەژاڵ لە کاتی ناشتن و بە خاکسپاردنی دا بە دڵێکی خەمینەوە گیراوە.

لەگەڵ ڕێز و حورمەت حەمەرەسووڵ کەریمی

دێسامبری ٢٠١٤

تێبینی : ئەو بابەتە لەسەر داوای من بۆ یادی پێنج ساڵەی ماڵئاوایی نەمر و تێکۆشەر کاک تەها ئامادە کراوە.



# لە پێنجەمین ساڵیادی نەمر کاک تەها عەتیقی دا

حەسەن حاتەمی

**پێشەکی**

لەبەرەبەری پێنج ساڵەی کۆچی دوایی بەجەستەی کاک تەهای عەتیقی نەمر دا- ٢٨ ی دێسامبری ٢٠٠٩-، هاوڕێی تێکۆشەر و ماندووونەناس بەڕێز کاک ڕەحمان نەقشی داوای لێکردم، نوسراوەیەک یا بیرەوەرییەک سەبارەت بە کاک تەهای نەمر بنووسم. هەرچەند ئەو کۆچە دڵتەزێن و زوو و لەناکاوە، زۆر ناخوش بوو و لەگەڵ وشەی قورسی مەرگ چ ناکرێ و هیچ کەسیش ناتوانێ خۆی لێ دەرباز کا. بەڵام نەمانی جەستەیی کەسانی بە نرخ و تێگەیشتوو لە هەر کۆمەڵگەیەک و بەهەرشێوەیەک بێ کارەساتێکە. بەتایبەتی ئێمەی



کورد کە سەدان ساڵە بۆ ئازادی و پێناسەی یەکسان خەبات دەکەین و پێویستیمان بە هەڵکەوتە (نوخبە) کان، پێگەیشتوو و تێگەیشتووەکان زۆرە. ئەو جۆرە مرۆڤانە هەرچی پتر بژین، خزمەت بە پێشکەوتوویی و گەیشتن بە هیواکان زۆرتر دەکەن و بوونیان دەستمایەیەکی مەزنە و مامۆستایەکی زانای بەردەوامی فێرکاری و پەروەردیین. هەربۆیە لەدست دانیشیان- کە بەتایبەتی بۆ تەمەنی کاک تەها زۆر زوو بوو-، خەسارێکی گەورەن.

هەروەها پێویستە زۆر سپاسی کاک ڕەحمانی بەڕێز بکەم کە ژیرانە و بەردەوام لەسەر زۆر پرس و بابەت، مشووری گەیاندنی زانیاری و دروست کردن و دەوڵەمەندکردنی بانکی ئارشیوی خەبات و بەرخۆدانی کورد بەگشتی و تێکۆشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی دەخوا.

## گەڕان بەدوای بابەتەکان دا و بیرەوەریەکانی خۆم

بیرم کردەوە چ بنووسم کە بتوانم ئەو ئەرکە قورسە بەجێ بگەیەنم بە پێی کەم تێگەیشتوویی خۆم بتوانم وڵامدەری یادی زانایەکی وەک، کاک تەهای نەمر بم. دوای نووسینی سەردێرێک، بەدوای کەرسەکانی دا، گەڕام. سێ مەتلەبم دەسکەوت بە فیلم و دەنگی و ڕەنگی کاک تەها خۆی و هاوڕێی ڕۆژانی سەختی خەباتی بەڕێز کاک ئەحمەد شێربەگی- هاوپول و دۆستی کاتی لاویمان- و نووسراوەیەکی خۆی بە بۆنەی ڕێزلێنان لە هاوڕێ یەکەی دیکەیان خاتوو خەجیجە مەحزوور، کە دەکرێ- وەک سێ هاوڕێ و هاوکار و سێ کۆڵەکەی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران-، ناویان بەرین.

کاتێک بە دەنگە هەست بزوێنەکەی بەڕێز کاک ئەحمەد شێربەگی لە هەڵبەستێک بەناوی "داگیرسانی مۆمێک بۆ ڕۆحی نەمر کاک تەها عەتیقی"، ئەو وشانەم بیست کە :" من ئەو دەنگەم شۆڕش بۆ ژیان دەخوڵقێنم. ئەو قەڵەمەم خەمی نان و گەنم و



ئازادی دەچێنم. چلۆن دەبێ باوەڕ بێنم مەرگ هێندە چاوچنووک بێ، دەنگی نەرم و گوێ لاوێنت بخینکێنێ. هێند بەخیل بێ، ئەو قەڵەمە راپەڕیوەت بەچووک دادا، ببەزێنێ. دڵنیا بە هاوڕێ، نەغمەی دەنگت نۆتەکانی مۆسیقایە، مناڵانی وەچەی تازەت دەلاوێنێ. قەڵەمەکەت، تاهەتایە لەسەر پێ یە، ئازادییمان بۆ دەنووسێ. مەڵۆ مەڵۆ گەنم دێنێ و..." هەودای خەیاڵم بەرەو بەرنامەی بە نێورۆک و جێی سەرنجی "وڵامی نامەی گوێگرەکان" چوو. ئەو بەرنامەیەی کاریگەرییەکی زۆری لەنێو خەڵک و تیکۆشەرانی دێموکڕات و دۆست و لایەنگرەکانی دا، هەبوو.

ئەو بەرنامەیە بەجۆرێک کاریگەری هەبوو کە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەڵقیش هێندێک جار لە بڵاوکراوەی "ایران زمین"، ئاماژەی پێ دەکرد. و وەک: سیاسیەتی گشتیی حیزب سەیری دەکرد. چونکە پێی وابوو بەرنامەی "وڵامی نامەی گوێگرەکان"، شێوە پەیوەندییەکی راستەوخۆیە لە نێوان خەڵک و رادیۆ بە هۆی نامەکان. و وڵامەکانیش تەبلیغی سیاسەتەکانی حیزب و گەیاندنی زانیاری بە گوێگرەکانییەتی و بابەتەکان لە چەندین رەهەندی جۆراوجۆری، سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و لق و پۆپەکانی شەن و کەو دەکا و سەرنجی ئوگرانی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران، بۆ لای خۆی رادەکێشێ.

دوای رۆیشتنی کاک تەهای نەمر بۆ دەرەوەی وڵات، ماوەیەک لەو بەشەدا، هاوکاری رادیۆ بووم و بۆم دەرکەوت کە ئەوبەشە چەندە زەحمەتە و پێویستی بە زانیارییەکی زۆر و سەرچاوەگەلی جۆراوجۆر هەیە، بوو وڵامی پرسیارەکان.

ئەوکاتی تایپ نەبوو. خەباتی توندی شاخ هەبوو. بە پێی نووسراوەی کاک تەها:"لە ١٥ ساڵ دا، رادیۆ، ١٤ جار گویزە گوێزی پێکرابوو." لە کامپیوتێر و زانیارییەکانی خەبەرێکی ئەتۆ لەلای بنکەکانی و ناوەندی سیاسەت گوزاری حیزب دا، نەبوو. رادیۆی کوردی زۆر کەم بوون و ئەوەی هەبوو هەر کەس قسەی خۆی لەسەر دەکرد و تایبەتمەندی خۆیان هەبوو. زۆرترین سەرچاوە کتێب و نامیلکە و زانیاری تاکە کەسی بوو کە دەوری سەرەکییان لەو بەرنامەیە دا، هەبوو. هەموو نووسراوەکانیش بەدەست نووس بوون. بۆیە نرخی بەرنامەی "وڵامی نامەی گویگرەکان" و خوڵقێنەرەکەی کاک تەهای نەمر، زۆر جێی سەرنج بوو.

- وێنەی ئێستای ئەو بەرنامەیە لە حیزبی دێموکراتی کوردستان دا، دەتوانێ لە رەهەند گەلێکەوە، بەرنامەی "پەیتووکە" بێ کە لە کورد کاناڵ بەرهەم دێ و بڵاودەکرێتەوە کە وێکچوون وەک یەکیان هەیە. بەتایبەتی پێوەندی لەگەڵ خەڵک و بینەران، بیسەران و ئۆگرانی.

هەروەها کاک تەها لە درێژەی گرتە ڤیدئۆیەکەی "داگیرسانی مۆمێک بۆ رۆحی نەمر تەها عەتیقی" دا، سەبارەت بە مێژووی گەلی کورد دەڵێ: "مێژووی خەباتی گەلی کورد، لەسەرەتای چەرخی نۆزدەوە، بەرەبەرە ئاڵوگۆڕی بەسەرداهات. دروشمی سیاسی هاتە نێو مەیدانی خەباتەوە و بزووتنەوەکانی کورد رەنگی سیاسی بەخۆیەوە گرت. دەکرێ بڵێین هۆکاری ئەوەی کە بزووتنەوەکانی کورد رەنگی سیاسی بەخۆیەوە گرت، زۆرتر ئەو فشارە بوو کە لە لایەن ئیمپراتوری عوسمانییەوە، دەخرا سەر ناوچە کورد نشینەکان." و ...



کاتێک ئەو قسانەی نەمر کاک تەهام گویّ لێبوو، چوومەوە قەڵای دێموکڕات لە شاری کۆیە و کلاسە دەرسەکانی دەیەی دوویەمی ساڵی ١٣٧٠ ی هەتاوی کۆمیسیۆنی ئامووزشی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران، کە وانەکانی مێژوویی جووڵانەوەکانی کوردم لە چوارچێوەی کتێبە بەنرخەکەی "کورتە مێژووی جووڵانەوەکانی کورد"، لەنووسینی نەمر کاک دکتور سادق(سەعید) شەرفکەندی، بە بەشدارانی خولی کادر و دەورەی سیاسیی دەوتەوە. ئەوکات ئەو کتێبە هەر بە زمانی فارسی هەبوو. و هیشتا وەرگێڕاوە کوردییەکەی لە لایەن کاک تەهاوە بڵاو نەببۆوە. چونکە لەو کتێبەدا، بە لێکدانەوەی شارەزایانی مێژوویی و لێکۆلەرانی مەیدانی لەسەر بزووتنەوەکان و بەڵگەکانی بەرایی لە لایەن ئەو دەوڵەتانەی کورد لەنێو دا دابەشکراوە؛ ئاکام گیری کردوە کە زۆربەی شکستەکانی جووڵانەوەکانی کورد، لە باکوور، باشوور و رۆژئاوا و هێندێک جار لە رۆژهەڵاتی کوردستانیش لە سەدەکانی ١٩ و ٢٠ دا، دەوڵەتی عوسمانی و کۆماری تورکیەی نویّ دەوری باڵایان تێدا گێڕاوە، بەدی دەکرێن.

- کاتێک ناوی نەمران کاک د. سەعید لە گەڵ کاک تەها و بەڕێزان خاتوو خەجیج و کاک ئەحمەد دێن- کە ئومێدەوارم ئەو دوو یادگارەی بەخۆشییەوە لەژیان دا، ماون؛ تەمەنیان زۆر درێژ و سەد ساڵە بن-، وەک: چوار کۆڵەکەی تەواو وەختی بەهێزی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، لە رۆژە زۆر سەختەکانی تێکۆشان دا، دەکریّ حیسێب کرێن.-

### کاتێک نووسراەیەکی پڕشنگ خانمی شەریفی- کچی نەمر عەولای شەریفی- م خوێندەوە کە نووسیبووی:

ماوەیەک بوو لە بیرم دابوو کە ئەوجارە بە بابەتێکی خودی کاک تەهای خۆشەویستم، یادێک لەو ئازیزە بکەمەوە، کە بیّ ئەندازە بیری دەکەم و وەک یەکەمین بابەتیشی ئەو بابەتە بڵاو بکەمەوە. چونکە وەک لە سەرەتا دا ئاماژەم پێکرد، خوشکە خەجیجەی ئازیز هاورێیەکی هەرە نیزیکی نەمر کاک تەها بووە و لە دڵی ئەو نەمرەدا جیّ یەکی تایبەتی هەبوو، ئەوە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەشەوە بەرێزیان یەکێک لەو خاتوونانەن کە نموونەیان لە ناو[نێو] خەباتی ڕەوای گەلەکەماندا زۆر بە دەگمەن بەرچاو دەکەویّ، بۆیە من بۆخۆشم زۆر شانازی پێوە دەکەم و بە ناسینیشی زۆر خۆشحاڵم. کورد گوتەنی ویستم بە تیرێک دوو نیشانە بپێکم: هەم یادێک لە کاک تەهای ئازیز بکەمەوە و هەم بەو شێوەیە ڕێز لە خاتوو خەجیجە و لە خەباتی دەیان ساڵەی ئەو مرۆڤە دڵپاک و هەڵسوور وچالاک و تێکۆشەرە بگرم. من بەڕاستی خۆم و حیزب و گەلەکەشم بە قەرزداری خاتوو خەجیجە و هەموو ئەو مرۆڤە پاک و خۆنەویستانە دەزانم کە دڵسۆزانە و بیّ هەرچەشنە چاوەروانی یەک، هەموو توانای خۆیان خستۆتە گەڕەوە بۆ خزمەت کردنی گەلەکەیان.

### دەقی وتەکانی نەمر کاک تەهای عەتیقی لەسەر کچە شۆڕشگێری دێمۆکرات، خاتوو خەجیجەی مەعزوور:

لە تاراوگە، لە دوورە وڵات و لە وڵاتی نامۆ، نامۆ لەگەڵ هەستم، نامۆ لەگەڵ دەروونم، جوانترین ڕێز و سڵاو پێشکەشی بەشدارانی ئەم ریّ و رەسمی ڕێز لێنان لە ٣٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانی کچە شۆڕشگێر و ماندوویی نەناس و بە بیر و باوەڕی حیزب، خاتوو خەجیجە معزوور..



هەر لەم کاتەدا لەم دەرفەتە کەڵک وەردەگرم و هەزاران ڕێز و سڵاوی پڕ لە خۆشەویستی پێشکەشی گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەکەم کە بە سەخاوەتەوە گیانیان لە پێناوی ئامانجی بەرز و پیرۆزیان دا بەخت کرد. سڵاو دەنێرم بۆ خێزانە ڕووسوورەکانیان و چاوی منداڵە چاوگەش و نازلێشێواوەکانیان ماچ دەکەم..

هەروەها ڕوومای ڕەنج دیتوو و کڕ و ژاکاوی ئەم ئیمان و ورە بەرزانەی نێو زیندانەکانی ڕێژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان ڕادەموسم و قەڵافەتی جەزرەبە چێشتوویان لە ئامێز دەگرم کە بە خۆڕاگری و بەرخۆدان وانەی هەردەم مان و مقاومەت و کۆڵ نەدان و نەبەزین لە پێناوی ڕزگاری نەتەوەکەیان دا فێری نەوەی داهاتوو دەکەن..

سڵاو و ڕێز بۆ هاوڕێ و هاوسەنگەرانی شێلگیر و تێکۆشەری پێشووم و بنەماڵەکانیان، بە تایبەتی کارگێڕ و بەڕێوەبەرانی ڕادیۆ. بۆ هەموویان بەتاسەم و خۆشم دەوێن و ڕێزیان هەیە و دەست و چاوی یەکە بە یەکەیان ماچ دەکەم. سڵاو لەم خەباتکارانەش کە لەم ساڵانەی دوایی دا سەنگەری ئازادی یان هەڵبژاردووە.

بەڕێزان، ڕێزگرتن لە تێکۆشەرانی لەمێژینە و بەهێند گرتنی خەبات و ماندووبوونیان هەرچەند لە حیزب دا نەریتێکی نوێ یە، بەڵام کارێکی پیرۆز و بیرۆکەیەکی جێی ڕێزە. ئەویش بە تایبەت ڕێزگرتن لە کچە شۆڕشگێڕێک کە جوانترین کاتەکانی تەمەنی بۆ خزمەت بە حیزب و گەلەکەی تەرخان کردووە. هیچ کۆسپێکی سەر ڕێ، هیچ تەنگەژە و قسە و قسەڵۆک و هیچ هێزێک نەیتوانیوە کزی لە کێوی ئیمان و باوەڕی بە حیزبەکەی دا پێک بێنێ. چونکە ئەو ئەویندارە، ئەویندارى حیزبەکەی، ئەویندارى ئامانجەکانی، وەفاداری ڕێگای ئەم هاوسەنگەرە شەهیدانەیە کە بۆ گەل ژیان و بۆ گەلیش سەریان نایەوە. بەڵێ کچە شۆڕشگێڕێک کە هەموو هیوا و هومێدی، هەموو ڕابردوو و داهاتووی و هەموو سەرمایەی ماددی و مەعنەوی ژیانی و هەموو بەرهەمی تەمەنی پڕ لە ڕەنج و مەینەتی حیزبەکەیەتی بە هەموو کەم و کوڕی یەکانەوە. بۆیە جێی خۆیەتی ڕێزی لێ بگیرێ و قەدری بزانرێ. بە بێگومان ئەگەر هی نەتەوەیەکی دیکە بوایە، پەیکەری لێ ساز دەکرا، ڕۆمان و چیرۆکیان لە بارەی دا دەنووسی و شێعر و پەخشانی پێ دەڕازایەوە و وەک نموونەی خۆڕاگری و بەرخۆدان سەیریان دەکرد.

دوای ئەو نووسراوانەی کە بەشێکم کۆپیم کردوون، وەبیر ئەوە هاتمەوە کە: پێش کۆنگرەی ١١ی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران- کە یەکەمین کۆنگرەی هاوبەشمان دوای دابڕانێکی نزیک ١٠ ساڵە لەنێوان دووبەشی حدکا و حدکا(ر.ش.) دا، بوو.-، لە کێبخانەی گشتیی حیزب لەگەڵ خوشکە خەجیج مەحزوور - وەک کچێکی تێگەیشتوو و ئازار چێشتوو- کە بە شیاوی ڕێبەری حیزبم دەزانی دوو مەسەلەم لەگەڵ باس کرد. یەکەم: خۆ بەربژێر کردنی بۆ ڕێبەری حیزب و دوویەم: کارکردن و هەوڵ دان بۆ هەڵاوردنی ئەرێنی (تبعیض مثبت)ی ژنان و هان دانانیان بۆ بڕوا بەخۆبوونی پتر و ئیزن دان بە هاتنە مەیدانی سەرووتر و بەرپرسایەتی وەئەستۆ گرتنیان لە لایەک و کەم کردنەوەی کەند و کۆسپەکان لە سەر ڕێگای کچان و ژنان لەیەکی دیکەوە بوو.

بەخۆشییەوە خەجیج خانم، هەردوو پێشنیاری لێ قبووڵ کردم. لە کۆنگرەی ١١ دا، وەک ئەندامی ڕێبەری- جێگری کۆمیتەی ناوەندی-، هەڵبژێرا. لەوکاتەوە تا ئێستا بەخۆشی یەوە هەر لە ڕێبەریێ دا، بوێرانە کار دەکا. - ئەوە بۆ جاری دوویەم بوو کە لە مێژووی حیزب دا خانمێک، بە دەنگی ئەندامانی حیزب ڕاستەوخۆ دەبوو بە ئەندامی ڕێبەری. یەکەم جار لە کونگرەی ٤ ی



حیزب دا بوو کە فەوزیە خانمی قازی، کچی پێشەوا قازی محەممەدی نەمر، بۆ بە دەنگی ئەندامانی کۆنگرە وەک: ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، هەڵبژیرا. دیارە زیبدە تالب پوور یش وەک راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی لە نێوان کونگرەی ٤ بۆ ٥ هەڵبژێرا.-

هەوڵ دان بۆ دەسپێکی بیرۆکەی هەڵاواردنی ئەرێنی لە لایەک و چالاک بوونی ژنان و کچان و پێداگری یەکسان خوازانی پیاو لە لایەکی دیکە، لە کۆنفرانس و کۆنگرەکانی ١٤ و ١٥ ی حدک دا، بەخۆشی یەوە بەئاکام گەیشت. ئێتستا رەدەی ژنان و کچانی رێبەری و هەڵبژێراوی کۆنگرە پازدەی حدک ٦ کەسن. من ئاوای دەبینم کە خاتوو خەجیجەی- جێی رێزی نەمر کاک تەها- کە لە نزیک ٢٠ساڵی رابردوو دا، رەچەشکێنی دووبارەی ئەنجام دا و شیاو بوونی رێبەری سەلماند؛ مێژوویەکی باشی بۆ هەنگاو نان بەرەو یەکسانی ژن و پیاو، تا ئێستا تۆمارکراوە کە دەکرێ بەهەوڵی هەمەلایەنە بەرفراوانتر بکرێ.

ئەو وێنانەی ئەم دواییەم بۆیە هێنایەوە، کە ئاورێکی کورت لە مێژوو و بۆچوونەکانمان لە سەر تێکۆشانی ژنان و ریزگرتن بێ لەو کەسانەی وەک خاتوو خەجیجە مەحزوور کە باشترین رۆژانی ژیانی خۆیان بۆ تێکۆشان و بەرخۆدان بۆ ئازادی نەتەوەکەمان و مافی یەکسان خوازی تەرخان دەکەن و ئەو کەسانەی لەوە بەدواە ئامادەن بێنە جەرگەی مەیدان و هەوڵدان بۆ هەڵسووڕان لەگەڵ خەباتکاران ئەو رێیە بپێون، بوو.

ئاکام

هەر کەس لە ئێمە مانان دەچێتە وڵاتی سویس ناکرێ سەر لە تێکۆشەرانی دێموکڕات لەوشارە نەدا. و تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەو شارە بۆ دێموکڕاتەکان، بوونی گۆڕ غەریبکی وەک کاک تەهای نەمریشی لێیە کە هەڵبەستەکەی سەرەتاش ئاماژەی پێدکا، درێژەی دەدا، کە:" ... کەی بڕیارڕ بوو هاوڕێ، ئاوا بڕۆی جێمان بێڵێ. بستێک لە خاکی غەریبی، دواین قوناخ، دواین مەنزڵگەی ژیانت بێ..."

بە دڵێکی پڕ لە تاسە و داخ بۆ هەموو تێکۆشەرانی رێی ئازادی کە گۆڕ غەریب بوون یا لە خاکی پیرۆزی نێشتمان دا، نێژراوە پێویستە درێژە بدەم کە دەڵێ": ... ئارام بگرە هاوڕێ، با شەکەتی رێگات دەرچێ. بنوو هاوڕێ لەهەر کوێ بی، لەسەر عەرز و ژێر خاک و لەنێو گلکۆ، لەگەڵمانی، لە بیرمانی." منیش بۆ بە جێ هێنانی ئەرک و ئەمگناسی، هەم سەردانی گلکۆی کاک تەهام کرد و هەم چوومە خزمەت ئەسمەر خانمی خەباتکاری رۆژانی سەخت و دروون پڕ لە ژانی هاوژینەکانی نەمران کاک عەبدوڵلا شەریفی و کاک تەها عەتیقی.

یادی کاک تەهای نەمر و هەموو نەمران و گیان لەدەستچوان و شەهیدانی رێی ئازادی و مافی نەتەویی کورد بەرز و بەڕێز بێ.

حەسەن حاتەمی

١٥ دێسامبری ٢٠١٤



سەرچاوەکان: گووگل

* داگیرسانی شەمێک (مۆمێک) بۆ رۆحی نەمر کاک تەها عەتیقی - هەڵبەستێک- . بەدەنگی بەسۆزی کاک ئەحمەد شێربەگی
* بۆ تەوارەکەی کاک تەهای خۆشەویستم خاتوو خەجیجە مەحزوور- پرشنگ شەریفی- .
* سەربردەی کچە شۆڕشگێڕێکی دیموکرات خاتوو جەجیجە مەعزوور- نەمر کاک تەها عەتیقی-.


---

تێبینی : ئەو بابەتە لەسەر داوای من بۆ یادی پێنج ساڵەی ماڵئاوایی نەمر و تێکۆشەر کاک تەها ئامادە کراوە.

## دەنگێکی ئارام و قەڵەمێکی سرک

### ئەحمەد شێربەگی

سروشت ئارام و بووژێنەر پەروەردەمان دەکات...جوانی یەکانی ئێمە دەژاکێن،گوڵەکانمان پەر پەر دەبن...بەڵام چرۆی ئێمە دەبووژێتەوە دووبارە... مەودای نێوانی مەرگ و ژیان تەنیا یەک هەناسەیە. مەرگ دیاردەیەکە رووی لە هەموو گیانلەبەرێکە،کەس توانای خۆ لێ دەرباز کردنی نیە.بەڵام لە شێوازو چۆنییەتی مەرگەکاندا جیاوازیەکە ئەوەندە زەق و بەرچاوە کە ناتوانرێ بخرێتە تای تەرازوویەکەوە.زۆربەی هەرەزۆری ئەم مەرگانە ئەوەندە ئاسایی و رووتین دێنە ئەژمار کە لە پاشی نەمان ئاسەوارێک لە خۆیان بە جێ ناهێڵن و تەنیاسۆزیان لە چوارچێوەی بنەماڵەکانیاندا قەتیس دەمێنێتەوە و بە



تێپەرینی زەمان ئەوانیش لەبیر دەچنەوە.بەڵام زۆر دەگمەنن ئەو مردنانەی بە هەزاران جووتە چاو دەکەنە رووباری ئەسرین و بە هەزاران دڵ نوقمی خەفەت .تەنانەت تێپەرینی زەمانیش ناتوانێ یاد و بیرەوەری یەکانیان لە بیر و زەینی ناو کۆمەڵگاکەیدا بسرێتەوە. چرکە ساتەکان تەمەنیان کورتە و خێرا تێدەپەڕن بەڵام کۆی ئەم چرکانە وەک دەنکی زەنگیانە دانە دانە بە تاڵە دەزووی رۆژگارەوە دەکرێ ،وەک ملوانکەیەکی رەنگین بە گەردنی مێژووەوە هەڵدەواسرێ .هەر لە ژێررەنگدانەوەی تیشکی ئەو مێژوویەشە کە راستی یەکان خۆری رووناکی دەبینن و راگوێزی بەرەکانی داهاتوو دەبن . کاک "تەهاعەتیقی"ش یەکێک لە وکەسانەیە کە دەنگی ئارام و قەڵەمی سرکی کردە مەشخەڵی رووناکی دەری رێگای رزگاری کوردستان. چرکەکانی ژیانی بوونە پیت،پیتەکان بوونە وشەو وشەکانیش مێژووی پر لە سەروەری ئەم دەنگ و قەڵەمە بویرو چاونەترسەیان نووسیوە.



پێنج ساڵ لەمەو پێش بوو لە ٧ی بەفرانباری ١٣٨٨ی هەتاوی ( ٢٨ی دیسامبری ٢٠٠٩ی ز)لە بەرە بەریی نوێ بوونەوەی ساڵ پەیکی ناخۆشخەوەری زستان لە جیاتی مژدەی دەستپێکی ساڵێکی خۆش بەهەڕەمە هەواڵی دڵتەزێنی کووژانەوەی مۆمی تەمەنی برای گەورە،دۆست و مامۆستای شاخ نووسەر ،وێژەر،وەرگێر و کارگێری بە توانای" رادیۆدەنگی کوردستانی ئێران "تێکۆشەری نەمر "کاک تەها عەتیق"ی دامێ .ئەمجارەشیان وەکوو هەموو هەواڵە دڵتەزێن و جەرگ هەژێنەکانی تەمەنی رابردووم کەوتمە بەر زەبری تاقیکارێکی دیکەی چارەنووس و دەرگای ژانێکی تاڵی دیکەم بە سەردا کرایەوە.ئەمجارەشیان لە دونیای پر لە تاسانی ناباوەڕیمدا باوەڕم هێنا کە دڵێکی گەورەی پراوپڕ لە ئەوین بە ئازادی شۆرەسوارێکی چالاکی گۆرەپانی خەباتی کوردایەتی بۆ هەمیشە لە لێدان بکەوێ.مەرگێکی کتو پڕی قەڵەمێکی بویری چاو نەترسی پر لە بەهرە ، کە پاش بڕینی کۆڵەبارێک لەسەخڵەتیی ونەهامەتی ژیانی شاخ و پێشمەرگایەتی، لە تاراوگە وبە دوور لە زێدو نیشتمانی دایکی کۆتایی بە تەمەنی سەربەرزانەی بێ. قەڵەمێکی سرک کە سالانێکی درێژ لە حاستەمترین و دژوارترین ساتەکانی شۆڕش و لە سەنگەری بەرخۆدانی شاخەوە بە سۆزتر و گردارتر لە چەکی پێشمەرگە،وەک ویژدانێکی بێدار و وشیار ئێشو ئازاری گەلێک بنووسێتەوە و بیهێنێتە زمان کە بێ بەزەیانە کەوتبوە بەر هەڕەشەی نەمان زۆر جارلە تاریکستانی تەنیایی خۆمدا نوقم دەبم .بە ناخی رابردوومدا ڕۆدەچم. بیر هەڵمدەگرێ، بیری ئەو کاتە تاڵ و شیرینانە،ئەو دەمانەی دڵمان گرێدراوی یەک بوو. بیر لەو گشتە فیداکاری یەی لە خۆتت دەنواند.لەو هەموە رەنج و مێحنەتەی دەتکێشا و چەشنی پەپوولەیەکی شەیدا جەزمی خۆ سووتانت دەگرت بۆ ئەوی خۆت بکەیە قەزاو بەلاگێرەوەی خاکێک کە بۆ تۆ لە هەموو شتێکی پیرۆزتر بوو. چاوەروانی زۆر مەرگی ئازیزانی دیکەم دەکرد بەڵام قەت پێموانەبوو لە پڕیکامەرگ یەخەی تۆ بگرێ و ئاهەنگی سەفەرێکی ئاوا هەتاهەتایی بکەی. ئەو تۆزقالە رووناکایی یەش کە لەم غەریبایەتی و تاراوگەییە دا شکم دەبرد پێم رەوا نەبینی و بێبەزەیانە پشتم چۆل کەی وبەجێم بێڵی .تۆ دەزانی ئەوە بۆ ساڵێکی دەچێ لە باوەشی بێڕەحمی سر و بەستەڵەکی خاک دا سەرت ناوەتەوە و بوویتە هاوڕێی هەمیشەیی؟ تۆ بڵێی بروا بێنم بارگەی هەتاهەتاییت بۆ یەکجاری تێکەوە نابێ؟ پشتت لە خۆری رووناکی کرد بێ و ملی رێگای تاریکستانی نەمانت گرتبێتە پێش؟ نا هاوڕێ قەت ناتوانم بیسەلمێنم مەرگ توانیبێتی زەفەرەت پێ بەری و لە ویژدانی وشیاری ئەو خەڵکە بە ئەمەگەی کە وەک مۆم بۆیان دەسووتای بتسرێتەوە. مەرگ چۆن دەتوانێ شەپۆلێ خرۆشانی دەریای قووڵت لە حەرەکەت بخا و تاڤگەی پر لە هاژەی ئەندێشەت راگرێ؟ تۆ ناتوانی بمری و هێچ هێزێکیش ناتوانی لە ناو دڵانت بسرێتەوە .تۆ نامری هەروەک کەرامەتی قەلەم نامرێ . تۆ نامری هەروەک رووحی بەرزە فرِی پێشمەرگە نامرێ ,تۆ نامریی هەروەک داربەروو, هەیبەتی شاخ, سەخاوەتی بەفرو باران نامرن. تۆ یەکی کە لە بەفرانباری بەستەڵەکی پر لە چلوورە دا چاوت بە رووناکی هەڵێنا و بە بوونت تەنیا چرای بنەماڵەیەکت داگیرساندو تەنیا چەند دڵیکت نوقمی شادی کرد. سووری رۆژگار واهەڵکەوت هەر لەو مانگەی دا کە پێتنابوە بۆتەی ژیان، ئامادەی ئەم سەفەرە بێگەرانەوەیە بی. بەڵام ئەمجارەیان هەموو ئەوانەی تۆیان دەناسی و لە رێبازوبیر و هزرو دەنگ و قەڵەمەت ئاگادار بوون هەریەکەو مۆمێکی بۆ رووناکی ئەم رێگە تاریکەت داگیرسان،بە هەزاران جووتە چاو ،کانی فرمێسکیان تەقیوە و بۆت گریان.بە هەزاران دڵ کسپەیان لێهات و بۆت بەداخ بوون.

تۆکێ بووی ئاوا ساکار و بێ فیز دەهاتی و دڵە تۆراو و زیزەکانت داگیر دەکرد و گەرای خۆشەویستی و هۆمێدت سەرلە نوێ دادەچاندەوە. تۆ کێ بووی ژیانت بە هەموو خۆشیو ناخۆشی یەکانەوە بۆ مانا دەکردنەوە و بە وانەکانت دڵگەرمت دەکردن، تێت



دەگەیاندن ژیان هەرچەند دژوارو ڕێگا هەرچەند پڕ لە تەمتومان و ڕژد و هەڵەموت بیٚ،مادام ئیرادە و هیممەت هەبیٚ لەبەری بە چۆک دانایەی وپاشی هەر نسکۆیەک سەر لەنویٚ رادەبێوە؟

هاوریٚ ! تۆ فێر ببووی وەک قەقنەس لە خۆڵەمێشی ئاگردانی خۆت سەر هەڵێنێوە و لە حەزو تەمەننا و ئارەزووەکانی لاوەتی خۆت خوازراوانە چاوپۆشی بکەی. خۆت بکەیە مۆمێکی داگیرساو . سات بە سات و چرکە بە چرکە بۆ بەختەوەری و خۆزیاکانی ئەم گەلە بتویەوە. قەت نە بووە و نەم دیت بۆ ساتێکیش بیر لە ژیانی خۆت و لە ویستەکانی خۆت بکەیەوە؟ ئەوەندە نەفس بەرز و خاکی بووی هیچت بۆ خۆت نەدەویست. هەموو تەمەنەت تەرخانی ئەوە کرد مەڵهەم بنێیتە سەر برینی پڕلە ناسۆری هەموو ئەوانەی کە لە دەستی چەپگەردی زاڵمی گەردوون و لە ژێر تەوژمی زوڵم و نابەرامبەریی کۆمەڵگایەکی وەحشی دڕندە وهار هاتبوونە ناڵە, پەنایان بۆ دێنای وبوخچەی دڵیان بۆ دەکردێوە. تۆش ئارام و لە سەرەخۆ بە دەنگێکی نەرم ، دڵێکی فرەوان، بزەیەکی سەرلێوان و بە جەفەنگێکی ماناداری هەمیشەییت سووکناییت دەخستە نێو دڵی پر لە ئاه و حەسرەتیان و ئارامیشت پێدەبەخشین.

تۆ سەرمەشق و نموونەی بەرزی مرۆڤێکی بیٚ ریا,سادە ،بیٚ غەل و غەش ، پاک و بێگەرد و لە هەمانکاتدا مووکوور، کاریی و ماندوویی نەناس بۆ هەموو ئەوانە بووی کە لە گەڵت دا کاریان دەکرد. کاتێک سەرنجتم دەداو لێتم دەروانی هەمیشە بۆم جیگای پرسیار بوو. ئەمە چ ئیمانو بروایەکی قاییم,ج هێزو توانایەک، چ ورەو ئیرادەیەکی پۆڵایین بوو کە لە تۆ دا پەنگی خواردبۆوە ؟ ئەگەر باوەر و ئەوین بە رزگاریی نیشتمان و خۆشەویستی بەگەلی لە پشت نەبیٚ چۆن ئاوا خۆنەویستانە لە تاڵترین و ناخۆشترین ساتەکانی شاخ دا چەندین کاتژمێر، بە بیٚ دەست وێرا گەیشتن بە سەرچاوەی نووسین لەسەر ئەژنۆی قاچەکانت دادەنیشتی، خامە بە دەست لاپەرەکانی کاغەزت ڕەش دەکردەوە؟ ئەمە هەر ئەو ئەوینە گڕدارە بوو کە وەک بورکان لەدەروونتدا کڵپەی دەدا بۆ ئەوەی هەزاران جار بێنازیی منالی شەهیدێک بنووسێوە کە بیٚ باوک باڵای دەکردو گەورە دەبوو. هەزار جار فرمێسکی رژاوی بووکێک بنووسێوە کە یەکەم شەوی زەماوەندیان خەڵتانی خوێن کرد. خۆت ئامادە کەی و دەرِە بە دەرە، شیو بە شیو و لووتکە بە لووتکە لە گەڵ رووحی سەرکەشی پێشمەرگە هاوسەفەر بی. هەزاران جار ماندویەتی هەنگاوەکانیان و زەنگۆڵی عارەقەیان بنوسێوە.بە ناخی رووحیان دا رۆچی و بە قامەتی گەردەنکەش و بەژن و باڵای بە هەیبەتیان هەڵبلێی وچریکەی گەرووی لوولەی تفەنگی دەستیان بکەیە پەخشان .ئەمە ئەو هەستە پر لە عەشقە گردارەی تۆ بوو کە سۆزی نەوای شمشاڵی هەست بزوێنی "قاڵەمەرە"بکاتە هەوێنی خۆڵقاندنی سەمفۆنیا یەک و تێکەڵ بە قاسپە قاسپی کەوی نیسارو قەڵبەزەی ئاوی کانی و هاژە هاژی تاڤگەی کوردستانی بکا ، وەها بتهەژێنیٚ و وەجۆش و خرۆشت خا، سەرخۆش چەشنی دەروێش جەزم بی و خۆت بۆ کوردستان بکەیە قوربانی .

ئەمە چ هێز و توانایەک بوو هەموو رۆژیٚ لە گەڵ کازیوەی بەیانی لە خەو ڕادەبووی؟ تا بوومەلێڵی ئێوارە بێوچان ئەسپی سەرکێشی خامەت تاو دەدا؟ نە قرچە قرچی گەرمایە و نە تۆف و سۆزی سەرمایە زەفەریان پێنەدەبردی. رووبار راوەستابا تۆ رانەدەوەستای . بۆمبا بارِیبا باکت نەبوو. شەستیرەبارانی ئاورو ئاسن با ئەوەی لە هەناوت دا بایە هەڵتدێنجا ودەتهێنا دەریٚ، لاپەر بە لاپەردەتنووسێوە و نەدەهێشت جگەر گۆشەکەت، دەنگی کوردستانی ئێران بۆ یەک ساتیش بیٚ پێخۆر بیٚ. تۆ وەک دایکێکی میهرەبان وابووی لەگەڵ هەموو ئێش و ئازارێکی ئەم دەنگە رووحت ژانی دەکرد. شەو و نێوە شەو لە پای بێشکەی



وەنەوزت دەدا. هەرکە هەستت بە ئازارو گریانی دەکرد، رادەپەری و  شیری مەمکەکانت هەڵدەچۆڕی و بە سەخاوەتەوە بە زاریت دادەکرد ،بۆ ئەوەی تێر بێ. چاو لە دەست نەبێ. بۆ ئەوەی لاولاوەی بەهاری تەمەنی لە هەڵچوون  وگەشانەوەدابێ، بالا بکا وگەورەبێ. هێز و تینی ئەو راپەڕینە بەرینەی  کوردستانی هەبێ کە مێژوو خستبوویە سەر شانی. ببێتە ئەو ئاوێنەیە هەمووڕۆژی شەهید  قژی خوێناوی  لەبەر دابێنێ، پێشمەرگە  و دایکی شەهید بۆ  زەماوەندی بووکی  ئازادی گەری  رەشبەڵەک  بگرن و سەری بەرزی خۆیانی تێدا ببین. کێ دەتوانێ نکۆڵی لەو رەنج و کوێرەوەریانەت  بکا کە کێشاتن؟ کێ ئەوەندەی تۆ مشووری لەم دەنگە رەسەن و زوڵاڵە دەخۆارد؟ کێ ئەوەندەی تۆ وەک پەپوولە لە بەژن و باڵای ئەم دەنگە دەگەرا کێ وەک تۆ خۆی بە قوربانی دەکرد ؟ بۆ ئەوەی  لە  پەلاماری درندانەی رەوەی گورگی هارو برسی بیپارێزی  وەک بێچوە پشیلە بە دەمتەوە دەگرت، ئەم شاخ ئەو شاخ و ئەم شیو وئەو شیوت پێدەکرد. وەک بیبیلەی چاوەکانت دەتپارست،  وەهات  راتدەگوێزت کە دۆست و دوژمن هەست بەم گوێزە گوێزە نەکا. تۆ  هەناسەی گەرمی  ئەم دەنگە  بووی. بە دڵنیایی تا دەنگی کوردستان  ترپەی دڵی بێ، کەس توانا و جورئەتی وەی نابێ  نەخش و رۆلی کاریگەرو بەرچاوی تۆ لە گەورەکردن ،پێگەیاندن و بارهێنانی ئەم دەنگەدا حاشا بکا.حاشا لە تەهای عەتیقی حاشا لە دەنگی کوردستانی ئێرانە.تۆ مێژووی حاشاهەڵنەگری شانازی و بەرسەرهاتو رووداوەتاڵو شیرینەکانی ئەم دەنگەی.

کاک تەها لە  پێنجەمین ساڵوەگەری ئەم کۆچە ناوەختەت و لە بەرامبەر دۆستایەتی نزیک بە  سێ دەیە هاورێ یەتی ،هەروەها هەستی بەرزی ئینسانی و مرۆڤ دۆستیت دا سەری کڕنۆش دادەنوێنم . ناو و یادت هەروا رەمزی مانەوەمە.

---------------------------------------------------------------------------

تێبینی : ئەو بابەتە لەسەر داوای من بۆ یادی پێنج ساڵەی ماڵئاوایی نەمر و تێکۆشەر کاک تەها ئامادە کراوە.

## ٥ سالی فەوتی  تێکوشەر کاک تەها عەتیقی!

### کەریم ئەوڵلاوەیسی

کاک تەها، یەکێک لە چیهرە ناسراوەکانی دێموکرات و تێکوشەرێک کە  بە دائیم بە لێ زانی خۆی زۆر کاریگەری لە هەر شۆنێک کە خزمەتی تێدا دەکرد دادەنا . ناوبراو کە لیسانسی هەبوو . ئەوکات ئێجگار زۆر خەڵک لە مەهاباد ی زادگای ئەو  پایەی خۆیندەواریان وا  بەرز نەبوو. بەرێز عەتیقی کە هەستی نیشتمانی لەرادەیەکی زۆر دابوو بە کارکردنی لە رادیوو تلووزیوونی مەهاباد و بەرنامەی خاو وخێزان، نیشانی دا کە مرۆڤ دەتوانێ لەم رێگایەش خزمەتی بەرچاو بکا، لەسالی ١٣٥٧ کاک تەها لە کاتی رێکخستن



خۆپێشاندانەکانی دژی رێژیمی شایەتی کار و تیکوشانی بەرچاوی هەبووو هەروەها هاوکاری چالاکانی فەرهەنگی دۆست و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات بوو و پاش میتنگی زیاتر لە ١٠٠,٠٠٠ کەسی حیزبی دێموکرات و ئاشکرابوونی ئەم حیزبە . ئەو

جار حیزبی دیٚموکرات پلانی دانانی دەنگی کوردستانی ئیٚرانی لە بەرنامەی دابوو لە سالی ١٣٥٨ هەتاوی دا.


حیزبی دیٚموکرات ویستی بە دانانی رادیوو دەنگی کوردستانی ئیٚران لە ناوچەی مەنگوورانی مەهاباد دەنگی دلیٚری و فیداکاری رۆلە نەبەزەکانی بە دائیم بە گۆی هەموو کوردو غەیر کورد بگەینیٚ. کاک تەها کە خۆی پیٚشتر لە رادیوو تلوویزونی مەهاباد کاری کردبوو و ئەزموونی زۆری لە نووسین و ئامادەکردنی بەرنامەی جوربە جور دا هەبوو، ناوی لە سەرەوەی لیستەی خەباتگیرانی ئەم بوارە دابوو. ناوبرا زۆر بەجیدی بۆ پەرە پیٚدانی دەنگی کوردستان ئیٚران تیٚکووشا و زۆریش لە کارەکانی دا سەرکەوتوو بوو. چەند جار دوکتور قاسملووی مەزن گووتبووی زۆرم حەز دەکرد لە میٚتیٚنگیٚک وەک ئی مەهاباد ، ئەم تیٚکوشەرانەی ئیٚرە دەنگی کوردستانی ئیٚرانە بە کۆمەلانی خەڵکی کوردستان بناسینم.

مروڤیکی خۆش مەشرب و قسە خۆش و زۆر زانا لە گەل ئەوەی ئیٚجگار کاری دەکرد و ماندویی نەدەناسی و کوڵەکەیەکی گەورە بۆ رادیو دەنگی کوردستانی ئیٚران و هاوکار و و پشتیوانیکی باش بوو بۆ دوکتور سەعیدی شەرفکەندی کە زۆربەی کات بەرپرسی رادیوو بوو. بەریٚز کاک تەها قەت بۆ ئەندامی سەرکردایەتی حیزب خۆی نەپالاوت و پیٚی وانەبوو کە ناوی ئەندامی ریٚبەری لەسەر نەبیٚ کاریٚگەری لەسەر کار و تیکوشانی دا دادەنیٚ .

ناوبرا لە گەڵ پرکاری زۆری لە بەر زۆر بە بایخ بوونی کتیٚبە بە ناوبانگەکەی شەهید دوکتور قاسملوو، ئەم کتیبە واتە کوردستان و کورد، لە کوردیەوە بۆ سەر زمانی فارسیی وەرگیٚرایەوتەوە و ئەوە یادگاریٚکی باشە بۆ کتیبخانەی کوردی،و بۆ هەمیشە ناو خەبات و تیٚکۆشانی ئەو زۆرتر لە یاد و بیرەوەریەکان دا دەهیٚلیٚتەوە و کاک تەها زۆر درەنگ هاتە هەنداران و بنەمەلەی پیٚک هیٚنا. زۆری ئاوات بوو رزگاری و سەربەستی رۆژهەلاتی کوردستان ببینیٚ، بە داخەوە وەک هەزاران تیٚکوشەری دیکەی دیٚموکرات و خەباتکارانی دیکەی ریٚگای سەربەستی و سەرفەرازی کوردستان بەو ئاواتە نەگەیشت و لە سالی ٢٠٠٩ لە شاری سویس مال ئاوایی لەگەڵ و نیشتمان وهاوسەنگەرانی لە دیٚموکرات و رادیوو دەنگی کوردستانی ئیٚران کرد. یادی کاک تەهای زانا، فیداکار و ماندویی نەناس بەخیٚر بیٚ و ریٚگای پڕ لەسەرفەرازی و کامەرانی ئەو بەردەوام بیٚ

---------------------------------------------------------------

تیٚبینی : ئەو بابەتە لەسەر داوای من بۆ یادی پیٚنج ساڵەی ماڵئاوایی نەمر و تیٚکۆشەر کاک تەها ئامادە کراوە.



## یادیکی کورت لە شەهیدی گەلەکەمان کاک تاها عەتیقی

عەزیزی ئەحمەدی

لەسالی ١٣٥٩ بۆ یەکەم جار لەمالی سەعید ی سولتانیان ،کاک تاها عەتیقی م ناسی.دیارە هەر لەدورەوە کاک تاهام دەناسی ،جەنابیان لە بنکەی سابیت لە بەشی تەبلیغاتی حیزب لەرادیۆی دەنگی کوردستان وابزانم بەرنامەی ئێمەو گۆێگرە کانی بەریوە دەبرد دەنگی کاک تەها ئەوەندە نەرمو نین بوو ،بەرنامەکەشی بەشێوەیەکی زۆر زانستیانە ئیدارە دەکرد ،بۆیە گۆێگری تابڵێی زۆر بوون.کاک تەها خۆشەویستی کۆمەلانی خەلک بوو ناسراو بوولەناو دلی گویگرە کانیدا جیگەی تایبەتی هەبوو.



ماوەیەکی دوورو دتێژ بوو کاک تەهام نەدیتبوو ،تا ئاوارەبون بۆ ئوروپا ،لەولاتی سویس بەخزمەت کاک تەها گەیشتمەوە .کاک تەها کە پیشتر لەولاتی سوید پەناهندەگی وەرگرتبوو، پاشان بەهۆی هاوسەر گیری دەگەل خۆشکە ئەسمەری شەریفی ،سویدی بەجێ هیشتو لەسوید گیرسایەوە ،دەگەل کاک تاها بەرە بەرە پەیوەندی وهاتو چۆ لەبەینمان پەرەی ستاند ،تاوای بەسەر هات هاتوچۆی بنە مالەیی خۆشبوو .

زۆر جاران بەیەکەوە باسی رابردوومان دەکرد .کاک تەها لەبنەمالەیەکی خۆشنیوی شاری مەهاباد لەدایک بووە کاک تاها چوار خۆشک وچوار برای هەبوون.رۆژیک دووبەدوو لەسەر دەریاچەی شاری بیل ،کەمیکی لەبەسەرهاتی ژیانی بنە مالەی خۆی بۆ گیرامەوە :گوتی ئێمە چوار خۆشک وچوار برابوین تەنها نان ئاوەری بنەمالە کەمان باوکم بوو ئەویش کارمەند بووحقوقی کارە کەی ئەوەندە کەمبوو بەهیچ رانەدەگەیشتئێمەش دەرسمان دەخویند باوکم ناچار بوو بژیوی مالەوەو خەرجی خۆێندنی ئیمەش بکا ،هەمیشە دەفکری ئەوەدابوم رۆژیک دابێ خویندن تەواو بکەم ئەو بارەقورسەی سەر شانی باوکم لابەرم یالانی کەم کەمی بکەمەوە.

بەهەر زەحمەتیک بوو بەئاواتی ئەوە گەیشتم لەبۆکان دامەزرام یەکم حقوقی کارم وەرگرت خۆشی خۆشی دەچمەوە لایدایک وباوکم ومزگێنیان دەدەمێ کە گەیشتمەوە مالی،دەبینم باوکم نەخۆشە لاناو جێدا یە زۆر بێحال بوو باوەشم پیداکرد :بابەگیان ئەمن ئەوە هاتمەوە دامەزراوم ئەتۆ خەمی هیچت نەبێهیچ کار مەکە ئەمن حقوقم مانگی دوو هەزار تمەنە ،دووهەزار تمەنم خستە ناودەستی باوکم ،بەلام بەداخەوە باوکم بوهەتا هەتایە چاوی لەسەیەک دانان،ئاواتی من کە حەساندنەوەی باوکم بوو نەهاتە دی،باوکیشم بەهەناسە ساردی سەری نایەوە وەکوو هەزاران کوردی زەحمەت کیش ورەنج بەخەسار.

کاک تەها کەئەو بەسەر هاتە دلتەزێنەی بۆگیرامەوە هەر دوکمان گریاین پاشان ئەو دەستی منی گرت وگوتی ئەوەندە گریانە پێویست بوو.



ئەوجا لێم پرسی ئەدی بۆچی؟ درەنگ هاوسەر گیریت کردوە؟گوتی فلان کەس دوای باوکم زۆرم دل بەدایکم وەبوو،دەترسام هاوسەر گیری بکەم هاوسەرەکەم دەگەل دایکم خراپ بێ .گوتم بەلام دوایی دایکت بەجێ هیشت،لەولامدا گوتیبەلام حیزبی دیموکرات پیوویستی بەمن بوو ناچار بووم بەدوای حیزبەکەم دا برۆم ،بەلێ حیزبی دیمۆکراتزۆری لەو قارەمانانە هەبوونکە بەر ژەوەندی خۆیان لەپیناو بەر ژەوەندی گەلەکەیان داناوە ،کا ک تەها کە بەخاتری خۆشە ویستی دایکی ئامادە نەبوە بنەمالەیەک بۆخۆی پێکەوە بنێ ،بەلام هەر ئەو دایکە خۆشە ویستەیبەجێ دیلی کە بێگومان دایکی زیاتری پیویستی بەیارمەتیبووە ،بەدوای بەر ژەوەندیگەلەکەی دادەروا ئەمن لەبەرابەر ئەو قارەمانانەدا هەر ئەوەندەم تواناهەیە سەری رێز دابنوێنم، هەزاران سلاو لەگیانی بەرزی کاک تەهای گەورە.

عەزیزی ئەحمەدی / ٩ی ١٢ای ٢٠١٤ سویسرا بیل

---

تێبینی : ئەو بابەتە لەسەر داوای من بۆ یادی پێنج ساڵەی ماڵئاوایی نەمر و تێکۆشەر کاک تەها ئامادە کراوە.





# لە پێنجەمین سالوەگەری کۆچی کتوپر و نابەوەختتدا

پرشنگ شەریفی

پێشەکی : بە پێویستی دەزانم کە سوپاسی بێ کۆتایی هەردوو بنەماڵەی شەریفی - عەتیقی بە بەرێز کاک رەحمان نەقشی رابگەیەنم بۆ یادکردنەوە لە نەمر کاک تەها و ئامادەکردنی ئەو نامیلکەیە. و هەروەها هەموو ئەو بەرێزانەی کە لەم رۆژە دا بەشێوەیەک لە شێوەکان یادی نەمر کاک تەها بەرز رادەگرن.

****************************************

لە ناو گەلی زۆلم لێکراو و مەینەت چێشتووی ئێمەدا ، زۆرن ئەو مرۆڤە دڵپاک و خۆنەویستانەی کە بەوپەری دڵسۆزییەوە هەموو ژیانی خۆیان لە پێناو گەیشتن بە ئاوات و ئامانجە رەواکانی گەلەکەمان تەرخان کردوە، بۆ گەل ژیاون و هەر بەئاواتی وەدیهاتنی ئەو ئامانجە بەرزانەش سەربەرزانە سەریان ناوەتەوە.



بێ شک نەمر کاک تەهای عەتیقی, و یان وەک ئەوەی کە من بانگم دەکرد "کاکی خۆم" یەکێک لەو کەسانەیە کە خزمەتە لەبەرچاوەکانی بە جولانەوەی رزگاریخوازانەی گەلەکەمان، هەرگیز لەبیر ناکرێن و بۆ هەمیشە لە دڵی ئەویندارانی ئازادی و بەختەوەرییدا دەمێننەوە.

بەسەرهاتی ژیانی نەمر کاک تەهای عەتیقی و هاتنە نێو ژیانی ئێمە، منداڵانی شەهید عەبدوڵلای شەریفی، بۆ بەشێکی زۆر لە دۆستان و هاورێیان ئاشکرایە. بۆیە بە پێویستی نازانم کە لێرەدا دووبارە ئەو لاپەرانە لە ژیانی نەمر کاک تەها هەڵبدەمەوە. و هەروەها لە بارەی گەورەیی، لەخۆبووردوویی، خۆنەویستیی و رۆڵی بەرچاو و کاریگەری ئەو لە گەورە کردن و پێگەیاندنی خۆم و خوشک و براکانم, و هەروەها سفەتە مەزن و بەرجەستەکانی، لە زۆر رێ و رەسمدا قسەم کردووە : چ لە کاتی بەخاکسپاردنی تەرمی پیرۆزی، چ لە کاتی بەرێوەچوونی مەراسمی چلەی و چ لەماوەی ئەو چوار ساڵەی رابردوودا کە لە سالرۆژی کۆچی نابەوەختی دا لەگەل هاورێیان و دۆستانی سەردانی گلکۆی پیرۆزیمان کردوە. بەراستی هەرچەندە لەسەر گەورەیی و لەخۆبووردوویی نەمر کاک تەها بڵێم و بنووسم هێشتا هەرکەمم کوتووە. مەخابن کە من نەمر شێرکۆ بێکەس و یان مامۆستا پەشێو نیم، کە بتوانم ئەوەی لە ناخمدایە بیهۆنمەوە و وەک ملوانکەیەک بە گلکۆی پیرۆزیدا هەلیواسم.

هەموو ئەو کەسانەی کە لە نیزیکەوە نەمر کاک تەهایان دەناسی، دەتوانن بە دلنیاییەوە شاهیدی بۆ سادەیی و ساکاری ئەو زاتە مەزنە بدەن. کاک تەها مرۆڤی قسەی گەورە و پێهەڵاکوتن نەبوو، بە پێچەوانەوە هەر زۆر رقی لەو شێوە کردارانە بوو.



بۆیە منیش نامهەوێ لێرەدا پێی هەڵبلێم، نەکا رۆحە گەورە و بەرزەفرەکەی ئازار بدەم. بەلام دەمهەوێ لە بەرەبەری پێنجەمین ساڵوەگەری دا بەم نووسراوە سادەیە و گێرانەوەی چەند بیرەوەرییەک دووبارە یادێکی لێ بکەمەوە وەک چۆن ئەو یادی لە ئازیزانی کۆچکردوو دەکردەوە.

لە ژیانمدا شانازی ناسینی زۆر مرۆڤی دڵسۆز، نیشتمان پەروەر، کوردپەروەر و وەفادارم پێبڕاوە کە بێ شک نەمر کاک تەهای عەتیقی یەکێک لە بەرچاوترینی ئەو کەسانەیە. نەمر کاک تەها لەبەر ئەوەی کە لە سەردەمی شاخدا، لە ماوەی پازدە ساڵ خەباتیدا، شوێنی تێکۆشانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران بوو، و رادیۆش لە سەرەکیترین ئۆرگانەکانی بلاو کردنەوەی هەواڵ و زانیاری بوو، لە ئاکام دا کاک تەها خۆی وەک رۆژژمێرێکی مێژوویی وابوو. ئەو نەک هەر رۆژە گرینگ و پر لە کارەساتەکانی مێژووی گەلی کوردی لە هەرچوار پارچەی کوردستان و حیزبی دێموکراتی بەباشی لەبیر بوو، بەڵکو سات و کاتی شەهید بوونی بەشێکی بەرچاو لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و تەنانەت رێکخراوەکانی دیکەشی لەیاد بوو. هەرچەند ئێمە ئەوکات مندال بووین، بەلام زۆرجار لەبارەی ئەو رۆژە سەختانە بۆ من خوشک و براکانم دەدوا. پێش لەوەی کە باسی سەرهەلدانی دێرسیم و شەهیدبوونی سەید رەزا، و هەروەها شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحمود و رێبەرانی دیکەی بزاڤی رزگاریخوازانەی گەلی کوردمان بۆ بکات، زۆرجار لێی دەپرسین "دەزانن ئەمرۆ لە مێژووی کورد دا چ ڕوویداوە؟" دواتر کە پێی دەگوتین، ئێمەش بە شۆخی دەمان دەکوت : "ئاخر کاک تەها ئێمە ئەوکات لە دایک نەببووین چۆن ئەوە بزانین". ئەویش ئارام ئارام پێدەکەنی و لە وەڵامدا دەیکوت "بەڵام منداڵی کوردن و دەبێ مێژووی گەلەکەتان بزانن". لە راستی دا ئێمەش ئەوکات هیچ قسەیەکمان پێنەدەما و بە تاقەتەوە گوێمان لێ رادەگرت تا ئەو مێژووەمان بۆ بگێڕێتەوە.

کاک تەها بە تەواوی وجوودیەوە کورد بوو، ئەوپەری شانازی بە کورد بوونی خۆیەوە دەکرد و باوەری تەواوی بە کوردایەتی هەبوو. لە هەر شوێنێک لە وڵاتی سویس و تەنانەت لە وڵاتانی دەوروبەریش خۆپێشاندان بۆ پشتگیری لە پارچەیەکی کوردستان و یان لە قاودانی جەنایەتەکانی رێژیمە داگیرکەرکانی کوردستان بەرێوە چووبا، کاک تەها یەکێک لە یەکەمین کەسەکان بوو کە لەوێ ئامادە دەبوو و هەموو کاتیش هاندەر بووە بۆ ئێمە و لاوانی دیکەی کورد لە دەرەوەی وڵات، کە نەتەوەکەمان لەبیر نەکەین و لە خزمەت کردنی درێغی نەکەین. لەو پێوەندییەشدا هەرکەسێک و لایەنێک هەر داوایەکی لێیکردبایە، بە تەواوی توانایەوە هاوکاری و رێنوێنی دەکرد.

جگە لەوەی کە کاک تەها مێژووی شەهیدبوونی ژمارەیەکی یەکجار بەرچاوی لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی لەبیر بوو، ئەو لە رۆژی شەهیدبوونی نەمراندا بەوپەری وەفاو رێزەوە یادی لێدەکردنەوە, و لەو شەهیدانەی کە لە نیزیکەوە دەیناسین بە شێوەی تایبەت بەخۆیان یادی بەرز رادەگرتن. لە سالرۆژی شەهید بوونی باوکم دا، لە ٢٨ی سێپتامبری هەر سالێکدا، ئەوپەری ماتی و بێ دەنگی دایدەپۆشی. زۆرجار کە پێکەوە دادەنیشتین کاک تەها باسی باوکم و هەولێستەکانی ئەوی بۆ دەکردم. لە راستی دا دەتوانم بلێم کە هەر بە هۆی کاک تەهاوە باوکم باشتر ناسیوە و زیاتر بە کار و تێکۆشانەکانی ئاشنا بووم.



هەرچەندە هەندێک ڕووداو و پێشهاتی نەخوازراو کاک تەها و زۆر کەسی دیکەیان ناچار کرد کە ولات و کۆری دۆست و هاوڕێیانییان بەجێ بهێلن، بەڵام کاک تەها بەراستی تەنیا بە جەستە لەوان دوور کەوتبۆوە و هەتا ئاخرین هەناسەی بۆ یەک ساتیش نە کوردستان و نە دۆستانی لە بیر نەکرد. بە شێوەیەک کە ژیان و خۆشی و ناخۆشی یەکانی کاک تەها لە دەرەوەی وڵاتیش بەسترابووەوە بە ژیان و خۆشی و ناخۆشییەکانی تێکۆشەرانی نێوخۆی وڵات و ئەو ڕۆژەش کە هەوالی لێکترازان و جیابوونەوەی هەردوو باڵی حیزبی دێموکرات بە کاک تەها گەیشت، یەکێک لە ڕۆژە هەرە سەخت و ناخۆشەکانی ژیانی بوو ئەو جیابوونەوەیە بەراستی وەک خەنجەرێک بە دڵی کاک تەها راچوو. هەربۆیەش بەهەرشێوەیەک کە بۆی هەڵکەوت, نارەزایەتی و نیگەرانیەکانی خۆی لەم پێوەندیەدا بە کەسانی بەرپرسیار لە هەردوو بالی حیزبدا راگەیاند.

بە کورتی: کاک تەهای عەتیقی مرۆڤێکی زەحمەتکێش، ماندوویی نەناس، لەخۆبووردوو و خۆنەویست، قسەخۆش، روح سووک، سادە و ساکار و لەهەمان کاتیشتدا رۆشنبیرێکی مرۆڤدۆست، نیشتمان پەروەر و کوردپەروەری بە وەفا و هەست ناسک بوو کە خۆی و رەنج و زەحمەت و خزمەتەکانی بۆ هەتاهەتایە لە دڵی هەموو ئەو کەسانەی لە نیزیک و دوورەوە دەیانناسی دەمێننەوە.

کاکی تەهای هەرگیز نەمر، کاکی خۆم گیان، مامۆستا و هاوڕێی شیرین و هەموو کات لەیادم: لە پێنجەمین سالوەگەری کۆچی کتوپر و نابەوەختتدا دووبارە سەری رێز دادەنوێنم لەبەرامبەر رۆحی مەزن و بەرزەفرتدا و کرنۆش دەبەم بۆ گەورەیی رۆحی پاکت.



هەربۆیە وەک ئەوەی
لەسەر گلکۆکەت
نووسیومانە:

ئارام بگرە
لە هەر کوێ بی
لەسەر عەرز و لەژێر زەوی
لەگەڵمانی
لە یادمانی

پرشنگ و باقی قوتابیانت: زانیار، رزگار و گەلاوێژ

---

تێبینی : ئەو بابەتە لەسەر داوای من بۆ یادی پێنج ساڵەی ماڵئاوایی نەمر و تێکۆشەر کاک تەها ئامادە کراوە.



# ٥ ساڵ بەسەر نەمانت دا تێپەڕی بەلام تۆ هەر ئەو ئەستێرەی پڕشنگدارەی کە بە دایم لە ئاسمانم دا دەترووسکەیەوە...

## ئەحمەد شێربەگی

بۆ رووحی نەمریی کاک تەها عەتیقی

من ئەو دەنگەم: شۆڕش بۆ ژیان دەخۆڵقێنم

ئەو قەڵەمەم: خەمی نان وگەنم وئازادی دەچێنم

چلۆن دەبێ باوەر بێنم

مەرگ هێندە چاو چنووک بێ

دەنگی نەرمو پر لە تاسەت بخنکێنێ ،

هێند بەخیل بێ

ئەو قەڵەمە چاونەترسەت تێک بشکێنێ

دڵنیا بە

نەغمەی دەنگت

مناڵانی وەچەی تازە دەلاوێنێ

قەڵەمەکەت ئازادیمان بۆ دەنووسێ

مەڵۆ مەڵۆ گەنم دینێ

ئەتۆ شاخی،شاخ نامرێ .

ئەتۆ تاڤگەی

لەبەرزایی ئەم شاخەوە

هەمووڕۆژێ

دەرژێتە خوار ، هەر هاژەت دێ

کەی بڕیار بوو بستێک لە خاکی غەریبی

دوایین مەنزڵگەی ژیانت بێ

ئارام بگرە،بنوو هاوڕێ

لە هەر کوێ بی

لە سەر عەرز و

لەژێر گڵکۆ

لە گەڵمانی

لەبیرمانی...



## گریانێکی ئارام بۆ گەورە پیاوێک (تەها عەتیقی).

رەحمان ئیبراهیم زادە

ئینسانەکان لە دایک دەبن، دەورانێک لە دەوری دایک و باوکیا دەسورێنەوە و پاشان وەکوو پەلەوەرە باڵدارەکان، هەر کە هێزو توانای فەرینیان پێداکرد، ماوەیە بە لۆژە لۆژە و کەسالەتی دەفرن و دەکەونە خوارێ و هەڵدەستنەوە، تا بەباشی فێری فرین دەبن و پاشان ئەو دار بۆ ئەو دارو ئەو گوڵ بۆ ئەو گوڵ دەفرن و هەوای ئازاد هەڵدەمژن و بە فیکە فیک و هات و هاواری دایکەکانیان پێدەکەنن. ئینسانەکانیش هەر وان تا ئەو دەورە تێپەراو دەکەن، زۆر جار توشی کەوتن و هەستانەوە دەبن.



هۆ شۆرەسوارەکەی مەهابادی سەربەرزم، ئەو رەستانەی سەرەوە وتە جوانەکانی خۆتن، لەبیرت ماوە، لەسەر باڵکۆنەکەتان لە قاتی شەشەم کە بەرەو شارمان دەروانی و قاقات دەکێشاو بەو دونیا بێ وەفایە، پێدەکەنی و ئەو شتانەت بۆ باس دەکردم.

هۆ هاورێ کاکە چوکەڵەو ماموستای بەرێزم، لەبیرتە کە عەرزم دەکردی و دەمگووت، لە نێوان من و تۆ دا جیاوازێکی زۆر گەورە هەیە؟ دەتگوت تەمەن دەمگوت نا، دەتگوت کزی و قەڵەوی دەمگوت نا، دەتفەرموو نازانم، پاشان عەرزم کردی گەورەترین جیاوازیمان ئەوەیە، کە قەت من شتێکم بۆ جەنابت پێ نیە؟ بەڵام تۆ هەمیشە زۆر شتی تازەت بۆ من پێ یە. قاقات دەکێشاو پێدەکەنی و باسێکی تازەت دەست پێ دەکرد.




هۆ غەمخۆرەکەی کوردو کوردستان، لەبیرت ماوە، ئەوجارەی کە باسی کوردو تورکمان دەکرد، هەر بەفوری هەستای و ئەتڵەست هێناو زۆر بەئارامی لە سەر دا کون و قوژبنی کوردستانت لە سەر نەخشە بۆ باسکردم و لە بن چاویلکەکانتەوە جارجارەش چاوێکت بە سەر شاری بیل دادەگێراو ئاخت هەڵدەکێشان و دەتگوت لاڵبم، ئێستاش زۆر رێبەری سیاسیمان هەن سنووری کوردستان ناناسن و هەر بە هەوا قسەی لە سەر دەکەن، خۆ ماموستا گیان شتەکانت هێندە بە زمانێکی سادە و ساکار باس دەکردن کە منی نەخوێندەواریش زۆر باش لێت حاڵی دەبووم.



هۆ هەتاوی قەت ئاوانەبووی کوردستانی ڕۆژهەڵاتم، لەبیرت ماوە، ئەو شەوەی کە باسی دوکتۆر سەعیدی هاوڕێت بۆ دەکردم و جارجاریش فرمێسکەکانت بە دەسماڵ کاغەزی دەسرینەوە و دەت فەرموو دوکتۆر کاریزمایکی گەورەو ڕێبەرێکی لێوەشاوە و مودیرێکی بەتواناو ئینسانێکی زار بە خەندە و زانایێکی بێوێنەو کەڵە پیاوی سەردەمی خۆی بوو. من هەر چاوم لە ناو چاوانی تۆ دەکردو دەمگوت بریا منیش بمتوانی بایە، ئاوا وەفادر بە ڕێبەرەکانمان بامایە و بەو ئەدەبیاتە باسم کردبانایە، بەڵام هەی هات هەی هات من لە کوێ و مامۆستام لەکوێ.

هۆ ئەو کەسەی ژیانت کرد بوو، بە فیلمێک و هەمیشە بە مردن پێدەکەنی، هەر چەندی فشار بۆ بیرو فکرو ئەندێشەم دێنم و بە ناو دەفتەری خەیالات و کتێب و ڕۆژنامەکان دا دەگەڕێم، وشەیەک تەنها وشەیەک نابینمەوە، تاریفی تۆی پێبەکەم. ئاخر مامۆستا گیان ئینسانی قوتابی، بە زەحمەت دەتوانی تاریفی مامۆستاکەی بکات و وشەو ڕەستەی جوانی بۆ بەکار بێنێ. ئەو ڕۆژەی بەرەو منزڵگای ئەبەدیمان بردی و بەجێگای چەند میتر خام، دە لیباسی کوردی و ئالای سێ ڕەنگی کوردستانمانەوە پێچابووی، بە بەرچاوی هەموو میوانەکانی دوورو نیزیک کاک ئەحمەد شێربەگی (شێرەکەت) هێندە بە ئەدەبیاتێکی پاراو ڕازاوەو ڕەنگین کە وشەکانی لە قاموسی کوردی دا بە دەگمەن دەست دەکەون تۆی دەلاواندەوە، هەر وەکوو دەنگی نۆتێکی ئارام هەموومانی گریاند، من شێربەگی نیم و ناتوانم ئەوەی کە مەبەستمە لە سەر جەنابت بیهێنمە سەر کاغەزو بینوسم، زمانی لاڵ، قەڵەمی شکاو دەفتەری دڕاو ئەژنۆی شل و ڕووحێکی تازیەبار چۆن دەتوانێ تاریفی تۆی بەرێز بکات.

هۆ بیرمەندی گەورەو تێکۆشەری گەلی ژێر دەستی کورد، ئەو ڕۆژە کە تەنها حەوتوییێک بە سەر ماڵئاوایی یەکجاریت دا تێپەری بوو من و پۆلێک لە دۆست و هاوالان و بنەماڵەی بەرێزت، خوشکە ئەسمەر، پرشەنگ، ڕزگار، زانیار و شێرەکەی خۆشتیان لە ناو دابوو، هەنگاو شل و هەناسە سوار و تازیەبار بۆ سەر گۆڕەکەت هاتین، بەراستی هاورێ گوێت لە دەنگی گریانی بە کوڵی خۆشکە ئەسمەر نەبوو کە باوەشی بە پرشەنگ داکرد بوو و بەکووڵ بۆت دەگریا، یان هەستت نەدەکرد، کە زانیار لە ژوور سەرت دەستەو ئەژنۆ دانیشتبوو و ئارەزووی لە باوەش گرتنی تۆی دەکرد، توخوا گوێت لە دەنگی زووڵاڵی شێرەکەی خۆت نەبوو، کە لەکاتێک دا گریان قووڵپەی دەدا و بۆ دوایین جار داوای لە هاورێیانت دەکرد، کە هەر کات ڕێگەیان لەو شوێنە کەوت سەردانت بکەن، چۆن ئاخر چۆن چاوت لە زانیار و ڕزگار نەکرد، لە کاتی ماڵئاوای دا چۆن بە نیشانەی وەفاداری بە تۆی ئارامگرتوو، باوەشیان پێکدا کردبوو، خۆ تۆ هەمیشە ئارەزووت دەکرد، کە زانیار لە باوەش بگری و تێر تێر لە بەژن و باڵای ناسک و شەلکی بروانی ئەی چۆنە کاکە گیان وا تاقەت دەگری لەو ساردو سەرمای زستانە دا کاکە چوکەڵە لە ژوور سەرت هەڵلرزێ و ئارەزووی باوەشی گەرمت بکات دەهەستەوە، کاکە کەی وەختی مردنە. خۆ کە ئینسان لە وێنەکانت دەروانی لە بەر چاوی هەمووما‌ن هەر زیندووی کەس باوەرناکات تۆ نەماوی.

لەو لاشەوە ملووک خانم باوەشی بەکێلەکت داکردوەو گەلاوێژیش وەکوو بارانەی بەهار فرمێسکەکانی هەڵدەوەرێنێ، ئاخ لەو کاتە دا شێرەکەشت هەر پێچی دەکردن و باوەشی بە کۆرپەکانت دادەکرد. هاورێ تۆ کێ



بووی ئەوەندە خۆشەویست بووی و بووی بە پەپوولەی ئاشتی و بووی بە گوڵە ئەستێرەو لەو زستانە سارده دا بەرەو ئاسمانی شین و ساماڵ هەڵفری و باری غەمت لە سەر شان و دڵمان دانا. نەم زانی تۆ ئەوەندە گەورەی و لەو سەر ئەو سەری دونیا قوتابیت هەن و هیوا دەخوازن تۆی شۆرشگێر زۆرتر بژی.

هەرچی غەمناکە قووڵ نیە، هەرچی قووڵە غەمناکە.

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی : ١٠ی ژانویەی ٢٠١٠

## هەناسەیەک و چەند دڵۆپە فرمێسک و ئیتر هیچ!

(بۆ مەرگی ناوەختی کاک تەها)

### هەیاس کاردۆ

یەکەم هەواڵی سەر لە بەیانیی ئەمڕۆم(٢٩ی دیسامبر) بیستنی لەلێدان کەوتنی دڵە گەورەکەی کاک تەهای عەتیقی بوو. سەرەتا حەپەسام و تاوێک مات و بێدەنگ چاوم لە وێنەکەی کرد.




بێ ئەوە بەخۆم بزانم دڵۆپە فرمێسکەکان وەک ئاوی ڕەوانی کانیاو بە لاچاوەکانم دا هاتنە خوار و چۆراوگەیان بەست. ئینجا بە فرمێسک و هەنیسک لێدان بەڵام بە پڕتاو گەرامەوە دیوە ڕەق و تەقەکەی کاری رادیۆ و یەک بەیەک سیمای ئەو کەسانەم هاتنەوە بیر کە بۆ کاری ڕۆژانەی رادیۆ لە جم و جۆڵ دابوون. ئەحمەد و خەج و مەنسوور سێ یاری لێک دانەبراوی کاک تەها ئەوانە کە هاوخەرج و هاوراز و هاومزڵ بوون. ئینجا کاک سەعید کە هەموو بەیانیان لە تەنیشت کاک تەهای سادە و لە سەر مۆکێتە ڕەقەکەی سادە و خۆماڵی یانە دادەنیشت و بابۆڵەی پەنیر و گوێزی دەخوارد. هەموو بەیانان کە من وەژوور دەکەوتم کاک تەها دەگەڵ چاخواردنەوەی، خەریکی دابەش کردنی بەرنامەی کاری ڕۆژ بوو. کاک سەعیدیش بە قەڵەمە تیژەکەی وتارە سیاسی یەکانی هەڵدر دادڕ دەکرد. سیامەک و ڕەزا و سەلیم کە ئەوانیش سێ هاومەنزڵی ئەو بەری دیوەکەی کاک تەها و ئەوان بوون دەهاتنە ژوور و چاوەڕوانی بڕیاری تازە بوون. ئەو دیوە هەم دیوی خەو، هەم دیوی خواردن، هەم دیوی میوانان و هەم دیوی کاری ئەو تێکۆشەرانە بوو. کاک تەها سەرپەرستی ئەو دەستە لە خەباتکارانی دیمۆکڕات بوو کە خالیسانە خزمەتیان دەکرد و ماندوویی نەناناسانە ئەرکیان بەڕێوە دەبرد.

ئێستا فرمێسکەکانم ویشک بوون و دڵە کوتەکەم کەم بۆتەوە. بەرەبەرە هەست دەکەم دەچمە نێو دەریای ژیانی سەرفیرازانەی کاک تەها و تاوێک لە وجوودی مەبارەکی خورد دەبمەوە. ئاخر کاک تەها ئینسانیکی مەبارەک بەو



مانایە بوو کە من خۆم دەزانم. ئەو ئینسان بەمانای تەواوی وشە بوو. کاک تەها لەو رۆژەوە ملی لە خزمەت بە گەل نا، بێ چاوەڕوانی کاری کرد و بێ منەت هەوڵی دا. ئەو هیچی نەدەویست. نە گەڕانی بەلاوە گرینگ بوو، نە بۆ جل و بەرگی رازاوە دەیڕوانی و نە بەدوای وەسەر یەک نانی ماڵی دنیاوە بوو. بەشێک لەو یارمەتی یە کەمەی حیزب دەیدایە دەدەستی مەنسووری دەکرد بۆ خەرجی هاوبەش و بەشەکەی دیکەش بۆ شووشە ئارەقێک کە سەری حەوتوانە بە ئیشتیا دەگەڵ ئەحمەد و کاک سەعید دەیان خواردەوە و جار و بار بەشی ئیدیکەشیان دەدا. ئەو نەزمەی بەهیمەتی کاک تەها لەرادیۆ جێگیر ببوو، مەگەر لە سیستمی بانکداریی نیزامی سەرمایەداری دا هاوشێوەی هەبێ.

کاک تەها دەگەڵ ئەوەدا تەوەقوعی هیچی لە حیزب نەبوو، هەموو توانا و لێهاتوویی خۆی بۆ بەردەوامیی کاری رادیۆ نیشان دەدا. بەراستی ئینسان دەبێ چەندە لەخۆبوردوو بێ کە وەک کاک تەها بۆ ماوەیەکی بەردرێژ کاری بەردەوام بکا و بەرووی کەسیشی دانەداتەوە؟ ئەو لەو کەسانە بوو بۆ دەرکردنی ناو و وەگیر کەوتنی بەرپرسایەتی هەوڵی نەدەدا. بۆ ئەو، کار و بەرنامە رێژی گرینگ بوو.



دەگەڵ وشەوشەی نووسینەکەم وێنەی کاک تەها و هەستان و دانیشتنەکانی و پێکەنین و جەفەنگەکانیم دێنەوە بەرچاو. داوی لێبووردن دەکەم ئەگەر ناتوانم درێژەی بدەم. رێز گرتن بە درێژدادڕی نیە. بۆ من کاک تەها گرینگ بوو نەک پێدا هەڵگوتنی. هەرچی بێڵێم و بیکەم تازە هیچم بۆ ناکرێ. بۆیە دەڵێم تکایە هەتا تیکۆشەران لە ژیان داماون رێزیان لێ بگرن، چونکە تەمەن بەری کورتە.

گوڵی تەمەنی کاک تەها هەتا بڵێی بۆندار و جوان و ناسک بوو. گوڵی ئاوا هەرچەند سیس دەبێ بەڵام لە بۆن ناکەوێ. یادی کاک تەها و خزمەتە لەبیر نەکراوەکانی و ئەوین بەگەل و نیشتیمانەکەی لەبیر ناکرێن. ناوی کاک تەها بۆ هەتا هەتایە لە دڵم دایە.

بۆ هاوسەری دووجار کۆست کەوتووی کاک تەها، ئەسمەر خانم داوای سەبر و لەسەرەخۆیی دەکەم و هیوادارم خەمی لەدەست دانی ئەو هاوسەرە دڵسۆزە بکاتە وره و توانا و لێهاتوویی زیاتر لە پێناو پیراگەیشتنی باشتر بە منداڵەکان.

ئوستڕالیا - هەیاس کاردۆ

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / رێکەوتی : ٢٩ی دێسامبری ٢٠٠٩



# بەخاک سپاردنی تەرمی تێکۆشەرو ئازادیخواز کاک تەها عەتیقی لە وڵاتی سویس

## ئامادە کردنی ماڵپەری گیارەنگ

بەیانی ڕۆژی ٣١ / ١٢ / ٢٠٠٩ بە بەشداری سەدان کەس لە دۆست و هاوڕێ و کەسایەتیە سیاسییەکان و ئەندامان و لایەنگرانی چەندین حیزبی کوردی تەرمی تێکۆشەری ناسراو و ماندوو نەناسی گەلی کورد و بێژەری راستبێژ و حەقویژی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران کاک تەها عەتیقی لە نێو دەریای خەمی هاوڕییانی و ئەندامانی بنەماڵەکەی دا لە یەکێک لە گۆرستانەکانی شاری بییل بە خاک سپێردرا.




سەرەتا لە لایەن کۆمیتەی ئامادەکاری بەخاک سپاردنی تەرمی کاک تەهاو بەرێوەبەری ڕێورسمەکە خاتوو کەژاڵ هاوسەری کاک ئەحمەد شێربەگی بە نوێنەرایەتی بنەماڵەی خاتوو ئەسمەر شەریفی و کاک تەها عەتیقی و کاک ئەحمەد شێربەگی و ئیبراهیمزادەبەخێرهاتنی هاوڕێو هاوخەباتیانی کاک تەها و دۆستو ئاشنایان و خەمخۆرانی کاک تەها کە لە چەندین وڵاتی ئوروپای فەرانسە، سوئێد، ئاڵمانو شارە دوورەکانی دیکەی سوئیس را خۆیان گەیاندبۆ مەراسیمی بەخاک سپاردنی کاک تەها کرا و سوپاسی هاودەردی و هاوسۆزیان کراو بە هەستێکی ناسک و هەست بزوێن باس لە خەباتو کارو تێکۆشانی کاک تەها کرا.

بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و ساتێک بێدەنگی بۆ شەهیدانی کوردستان و کاک تەها عەتیقی ڕێورەسمەکە دەستی پێکرد، پاشان داوا لە کچی شەهید عەبدوڵلا شەریفی خاتوو پڕشەنگ شەریفی کرا کە بۆو باسێک لە سەر کەسایەتی کاک تەها عەتیقی پێشکەش بکا، خاتوو پڕشەنگ وەک کەسێکی نزیک بە کاک تەها لە سەر ماوەی پێکەوە ژیانیان بە وشە جوان و هەستبزوێنەکانی لە سەر گەورەیی کاک تەها بە هێدیو لە سەرخۆیی و بە دڵێکی پڕلەخەمەوە وتەکانی خۆی پێشکەش کردن و ئاوڕێکی لە ژیانی پێکەوە بوونیان لە بنەماڵەیەکدا بە وردی دایەوە و سوپاسی هەموو کارەکانی نەمر کاک تەهای کرد کە چۆن لە ڕۆژە ناخۆشەکاندا بۆتە یارو یاریدەدەری خوشک و برا و بە تایبەت خاتوو ئەسمەری ڕووسوور و دووجار کۆست کەوتوو، ئەو لە بەشێکی دیکەی قسەکانی دا ووتی سوپاس بۆ تۆ کاک تەها بۆ ئەوەی نازی هەمووی ئێمەت کێشا و جێ بۆشاییێکی گەورەت دوای شەهید بوونی عەبدوڵلای شەریفی باوکمان لە ژیانی ئێمەدا پڕ کردەوە، هەر بۆیە بەڵێنت پێدەدەین کە ڕێبوارێکی تا سەری ڕێگای شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان و بە تایبەت ئامانجە وەدینەهاتووەکانی کاک تەها بین.

دوای ئەو بەشە داوا لە کاک ڕزگار شەریفی کوڕی شەهید عەبدوڵلا شەریفی کرا کە بیّت و ژیاننامەی کاک تەها کە لە ساڵی ٢٠٠۴ ی زائینی دا بە پیّنووسی دەستی خۆی نووسرا بوو پیّشکەش بکا، بەڕیّزیان ویّرای ئاماژە کردن بە کەسایەتی کاک تەها لە ژیانی ئەواندا ژیاننامەی کاک تەها کە پڕ بوو لە وانەی سەربەرزی و نەبەزی پیّشکەش بە بەشداربووانی کرد.

ئەو جار لە لایەن بەڕیّوەبەری بەرنامەوە ڕاگەیاندرا کە تاجەگوڵیّنەی ڕیّزو خۆشەویستی لە لایەن خاتوو خەدیجە مەعزوور ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دیّموکراتی کوردستان و یارو هاوڕیّی نزیکی کاک تەها عەتیقی بۆ ئەم ڕۆژە بەری کرا بوو لە تەنیشت تەرمی بیّگیانی کاک تەها دەندرا.



لە بەشیّکی دیکەی ڕیّوڕەسمەکەدا داوا لە برا و هاوڕیّ و هاوسەنگەرو خۆشەویستی ئەو نەمرە بەڕیّز کاک ئەحمەد شیّربەگی کەسایەتی سیاسی کورد و بیّژەری دەنگخۆش و ڕاستبیّژی ڕادیۆ دەنگی کوردستانی ئیّران، هەڤاڵی کاک تەها کرا کە وتەکانی خۆی پیّشکەش بکا. بەڕیّز ئەحمەد شیّربەگی بە دەنگی دلیّر بەلاّم بە دڵیّکی پڕ خەفەتەوە لە سەر داوای کاک تەها شیّعری "هەورازی کوڕ" ی پیّشکەش کردو پاشان لە سەر کەسایەتی ناوبراو چەندین لایەنی جۆراوجۆری لە سەر ژیانی ئەو تیّکۆشەرە ئازادیە باس کردن و گووتی کە کاک تەها مرۆڤیّکی سادەو ساکار و تیّگەیشتوو و پیّگەیشتوو و لە هەمان کاتدا ئینسانیّکی بیّفیز و بە ئیمان و خۆراگر بوو، ئەوجار بە هەستیّکی ناسک و پاراو لە وشەی کوردی باسی لە خەباتی شاخ و پیّکەوە ژیانیان کرد و گووتی ئەو ئاشق بە خاک و نیشتمان بوو، بۆ ئازادی تیّدەکۆشا، بەلاّم داخەکەم ئیّستا وەک مرۆڤیّکی گۆڕ غەریب بە هەزاران کیلومیتر لە زیّدی لە دایک بوونی بەخاک دەسپیّردریّ و ماڵئاواییمان لیّدەکا و چاوی بە ئازادی گەلەکەی نەکەوت، وشەکان ئەوەند ناسک و هەست بزویّن بوون کە چاو و دڵی بەشداربووانی پڕکرد لە فرمیّسکی خەمو پەژارە.

ئەوجار پەیامی بنەماڵەی عەتیقی لە نیّوخۆی کوردستان لە لایەن خوشکەزای کاک تەها خویّندرایەوە و سوپاسی ئامادەبوونی گشت لایەکی کرد.

دوای ئەم برگەیە داوا لە کاک مستەفا مەولوودی جیّگری سکرتیّری گشتی حیزبی دیّموکراتی کوردستان کرا بیّ و وتەکانی خۆی پیّشکەش بکا، بەڕیّزیان ویّرای بەرز نرخاندنی کاروباری ئەو ڕیّوڕەسمە سوپاسی وتاربیّژانی پیّش خۆی کرد کە لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانو خەباتی کاک تەها عەتیقیان باس کردووە، هەر بۆیە بەڕیّزیان بە



نوێنەرایەتی دەفتەری سیاسی حیزب و هەموو کادرو ئەندامانی حیزب سەرەخۆشی لە هاوسەری ژیان و منداڵەکان و بنەماڵەی عەتیقی بە گشتی کرد و باسێکی لە سەر چۆنیەتی ژیانی کاک تەها لە نێو ریزەکانی شۆڕشدا کرد و گووتی کە کاک تەها یەکێک لە باشترین کادرەکانی حیزب و هەروەها یەکێک لە باشترین هەڵسووڕێنەرانی رادیۆ دەنگی کوردستان و پێشمەرگەی رۆژانی سەختی خەبات بوو، هەروەها ئاماژەی بە خوو رەوشت و ئاکاری کاک تەها کرد و وانەکانی کاک تەهای لە نێو ریزی شۆڕش و هەروەها دوایەش لە تاراوگە دا بۆ بەشداربووان باس کرد و گووتی کە پەیامی کاک تەها پەیامی برایەتی و یەکگرتوویی و یەکریزی بووە و بە مردنیشی ئەو پەیامەی چاکتر لە پێشوو بە گوێی هەموو لایکدا چرپاند.




هەروەها لە ماوەی رێورەسمەکەدا ئەو چەند پەیامەش پێشکەش کران:

پەیامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کۆمیتەی سوئیس لە لایەن کاک نامدار سەفەری

پەیامی کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران لە لایەن کاک حەسەن

پەیامی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان کۆمیتەی سوئیس لە لایەن بەرێوەبەرەوە خوێندرایەوە.

دوایین برگەی ئەم رێورەسمە لە ئامێز گرتنی تەرمی تێکۆشەری هەرگیز نەمر کاک تەها بوو، سەرەتا لە لایەن بنەماڵەی خاتوو ئەسمەر شەریفی هاوسەری کاک تەها و منداڵەکانی شەهید عەبدوڵلا شەریفی و چەند هاورێیەکی نزیکی ماڵئاوایی لە کاک تەها کرا و پاشان بەشداربووان بە گشتی ماڵئاواییان لە کاک تەهای هەرگیز نەمر کرد، لە کاتی ماڵئاویی کردن دا دیمەنێکی حەزین بەڵام پر لە هەست لە ساڵۆنەکەدا پێکهات و دوایین ماڵئاوایی لە کاک تەهای گۆر غەریب کرا و لە سەر شانی هاورێ و هاوخەباتیانی دەورانی شاخ و تاراوگەی بەرەو دوایین مەنزڵگەی ئەبدی خۆی رەوانەکرا و تەرمی بە ئاڵا داپۆشراوی لە نێو چەپکە گوڵی رێزو خۆشەویستی بە خاک سپێردرا و دوای ئەم بەشە هەموو بەشداربووان بەرەو ساڵۆنی سەرەخۆشی وەرێ کەوتن و کۆتایی بە رێورەسمەکە هات.

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / رێکەوتی : ٤ی ژانویەی ٢٠١٠



# وتەکانی پرشنگ شەریفی لە ڕێورەسمی بە خاکسپاردنی بەڕێز کاک تەهای عەتیقی

**ئامادە کردنی: رزگار شەریفی**

بەشدارانی بەڕێزی ڕێ و ڕەسمی ماڵ ئاوایی کردن لە کاک تەهای ئازیز و خۆشەویستمان، سڵاوی ئێمەتان لێ بێ.



هەرگیز ناتوانم باوەر بکەم کە جارێکی دیکە مێژووی یەکی تاڵ و کارەساتێکی ئاوەها جەرگبڕ لە ئێمە دووپات دەبێتەوە و دووبارە بۆ لە دەست دانی ئازیزێکی دیکەمان چاو پڕ لە فرمێسک و تازیەبار دەبینەوە.

پازدە ساڵ لە مەوبەر و لە دەشتی کۆیە بۆ شەهید بوونی باوکی خۆشەویست و ئازیزمان شەهید عەولای شەریفی شیوەنمان دەگێرا و ئەمڕۆش بەهەزاران کیلۆمەتر دوور لە کوردستانی زێد بە دڵێکی بریندار و بە چاوی پڕ گریانەوە شیوەنی لە دەستدانی کاک تەهای خۆشەویستمان دەگێرین.

کاک تەها گیان، کاتێ کە تۆ دە ساڵ لەمەوبەر هاتیتە ناو ژیانمانەوە چارەنووس و زەمانە دەمێک بوو مەجبووریان کردبووم کە لە منالێک را ببم بە گەورەیەکی بەرپرسیار لە بەرامبەر دایکم و خوشک و براکانمدا و ئەرک و بارێکی چیها قوورسم کەوتبووە سەر شان، بەڵام ئا لەو سات و کاتانەدا بوو کە تۆ وەک فریشتەیەکی ئاسمانی هاتی بۆ ئەوەی کە لە غەمەکانی ئێمە کەم بکەیەوە. تۆ هاتیت و هەر لە یەکەمین رۆژی هاتنتەوە غەمەکانی ئێمەت کرد بە هی خۆت، تۆ هاتیت و باری قوورسی سەرشانی منت بە تەواوی لابرد. تۆ هاتیت و هەر لە یەکەمین رۆژی هاتنتدا بوویت بە باوک، بە مامۆستا بە نزیکترین هاوڕێ و بە هەموو کەس بۆ ئێمە. هەر بۆیە هاتنی تۆ بۆ ناو ژیانمان شاگەشکەی کردم و هەر ئەوەندە بوو کە لە خۆشیاندا باڵم نەدەگرت و هەڵنەدەفریم.

کاکی خۆم گیان، قەت باوەرم نەدەکرد کە ئاوا زوو بەجێمان بهێڵی و بۆ سبەینێ کە ساڵی تازەیە، ئاوا خەفەتبارمان بکەی. کاک تەها گیان ئاخر ئێستا کوا کاتی کۆچ کردن بوو بۆ تۆ، ئاخر کوا جەژنانە ئاوا دەبێ کاکی خۆم گیان.

ئاخ بۆ بەزەییت نایە کاک تەها گیان، ئێستاش پاش پازدە ساڵ زامی شەهید بوونی باوکی خۆشەویستم لە سەر جەستەمان سارێژ نەبووە کە تۆش بەجێمان دەهێڵی و جەرگبراومان دەکەیەوە. کاک تەها گیان ئاخر ئێمە چۆن بەرگەی ئەو هەموو کۆستانە بگرین.

کاک تەها گیان هەموو کات هانام بۆ تۆ دەهێنا، گلەییەکانم لە فەلەکی زاڵم لە لای تۆ دەکرد، ڕازەکانی دڵم بۆ تۆ دەدرکاند. ئەی ئێستا لە پاش کۆچی تۆ هانا بۆ کێ بەرم کاک تەها گیان، نهێنیەکانی دڵم بۆ کێ بدرکێنم. لە کام کاک تەها بپرسم کە دەستم بگرێت و ڕێگام نیشان بدات.

کاکی خۆم گیان، چۆن دەبێ ئەو دڵە پاک و ساف و بێگەردەی تۆ ئاوا زوو لە لێدان بکەوێ، ئاخر تۆ نەتدەکوت تا زانیاریش گەورە نەبێت نارۆم بەجێتان ناهێڵم ، نە تدەکوت کاتێ زانیاریش چوو بۆ دانیشگا ئەو کات هەموو ئاوات و ئامانجەکانی منیش وەدی دێن، ئەوسا گەر مردیشم باکم نیە؟ کاک تەها گیان چۆن دەبێ ئەمجارە قەولی خۆت بەجێنەگەیەنی، ئاخر کوا ئەوە کاک تەها کەی ئێمەیە.

کاک تەها گیان دەمێک بوو لە بیرت دابووم کە ئەو جارە بۆ بیستی فێبروار کە ساڵرۆژی لە دایک بوونتە چ کادۆیەکت پێشکەش بکەم. کاکی خۆم گیان، خۆشت باوەر ناکەی کە چارەنووس ناچاری کردم کە دوێنێ بەیانی کە ئێستا بە تەواوی ڕۆژ نەبوبۆوە لە گەڵ ڕزگار بێینە ئێرە و شوێنی بە خاکسپاردنی تۆ دیاری بکەین، ئاخر کوا ئەوە ڕەوایە کاک تەها گیان.



کاک تەها گیان، ئێستا لە تەنیشتت ڕاوەستاوم و لەگەڵ گەلاوێژ جل و بەرگی کوردیمان بۆ لەبەر کردووی. لێشم پرسی کە ئەو جارە کام کراس بپۆشم، بەڵام تۆ وەڵامت نەدامەوە. چاوم ڕوانی تا بزانم چۆن سەیرمان دەکەی و وەکو جاران پێمان هەڵدەڵێی تا وەپێکەنینمان بخەی، بەڵام نازانم بۆچی نەمدیتی.

کاکی خۆم گیان ئیتر نازانم لە چی بۆت بدوێم، تۆ ئەوەندە گەوەرەو پیرۆزیت لە لام کە هیچ وشەیەک نادۆزمەوە تا ئەو هەموو ڕێز و خۆشەویستیەی کە لە ناخمدا بەرامبەر بە تۆ کۆبۆتەوە، دەرببڕم. بەڵام کاکی خۆم گیان باش بزانە کە تۆ بە تەنیا نارۆیت، بەڵکو گەورەترین ئاواتی منیش لەگەڵ خۆتدا دەبەیتە ژێر گڵ.

ساڵەهای ساڵ بوو کە خەونم بەوەوە دەدیت کە خوێندنەکەم بە یەکجاری تەواو بکەم و بتوانم بە جۆرێک لە جۆرەکان قەرەبووی یەکێک لەو هەموو ڕەنج و ماندووبوون و خۆشەویستیەی تۆ بکەمەوە، بەڵام زۆر داخدارم کە چەند مانگی تر نەوەستایت و ئەو ئاواتەم بە ناکامی لەگەڵ خۆتدا دەبەیت. کاکی خۆم گیان .

کاک تەها گیان سپاس لەوەی کە هاتیتە ناو ژیانمانەوە و لە بوونەوەرێکی نیمچە مردووەوە زیندووت کردینەوە و دوویارە ژیان و هیوات هێنایەوە ناومان، سپاس کە ژیانی ناو نزیکترین دۆست و هاورێیانی خۆت لە سوئێد بە ژیان



لەگەڵ ئـێمە گـۆڕیەوە. سـپاس بـۆ لە خۆبووردویـت، سـپاس کە دە سـاڵی بـێ وچـان بـاوک و هـاورێ و پشـتیوان و غەمخۆرمـان بوویت. سپاس کە لە پێنـاو پێگەیانـدنی ئـێمە و بـۆ ئـێمە ژیایـت. سـپاس بـۆ هەمـوو ئەو سـات و کـاتە شیرینانەی کە بزە و زەردەخەنەت خستە سەر لێومان.

کـاک تەهـا گیـان بەڵێنـت پێـدەدەم کە ئـێمەش هەمیشـە قوتـابی بەوەفـا دەبـین بـۆت و هەرگیـز ئامۆژگـاریە بەنرخەکانت لە یاد ناکەین. کاک تەها گیان دڵنیابە کە هەتا ئەو ڕۆژەی دڵی ئێمەش لە لێدان دەکەوێت، لە

بیـرت نەکەیـن و بـۆ گەیشتن بە ئامانجەکـانی تـۆ هەوڵ بـدەین. کـاکی خـۆم گیـان دڵنیـا بە کە خۆشەویسـتیت لە نـاو خوێنماندایە و بۆ هەمیشە بەشێکی دانەبڕاوی لە ڕابردوو و لە ئەمرۆ و لە داهاتوومان.

کـاکی خـۆم گیـان بەڵێنـت پێـدەدەم کە ئێـرە دوا مەنـزڵگەی تـۆ نابێـت و هەرکـات هەل و مەرج ڕەخسـا و ئـازادی کوردسـتان کە یەکێـک لە گەورەتـرین ئامانجەکـانی ژیانـت بـووە وەدیهـات، لەگەڵ خۆمـان بتبەیـنەوە بـۆ کوردسـتانی زێـدی ئازیزمان.
کـاک تەهـا گیـان تـۆ نەمردوویـت و قەت نامریـت، یـادی تـۆ هەمیشـە لە دڵمانـدا بە زینـدوویی دەمێنێـتەوە. کـاک تەهـا گیـان تـۆ ئەوەنـدە گەورە و پیرۆزیـت کە هـیچ وشـەیەکی تـر نـادۆزمەوە تـا بـاس لە مەزنـی و گەورەیـی تـۆی پێـبکەم. بەڵام کڕنۆشت بۆ دەبەم و سوجدە دەبەم بۆ گەورەیی ڕۆحی پاکت.

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٤ی ژانویەی ٢٠١٠

## وتاری کاک ئەحمەد شێربەگی لە ڕێورەسمی ناشتنی نەمر کاک تەها عەتیقی

### ئامادەکردنی: شوکری تەریق

ئـەمرو لێـرە کۆبوویـنەوە تـا چەنـد خولـەکیکی تـر تـەرمی بـێ گیـانی گۆرغـەریبێک بـەخاک بسـپیرین کـە تـا چەنـد ڕۆژ لـەوەپێش، لـە نـاومـان دابـوو. کەسـێک کـە بارسـتایی دنیایـەک ژیـن و خۆشەویسـتی لـە دڵـدا بـوو. کەسـێک کـە بـزەو خەنـدەی دەکـردە دیـاری سـەر لێوی بـارگرتووی هەمووومان.



ئـەمرۆ لێـرەین تـا ماڵئـاوایی یـەکجاریی لـە ئینسـانێکی ئـازادە و بـەرپرس بکەین کە چارەنووس هەڵیگرت و زەمان بە دوای خۆیدا ڕەپیچەکی دا، بارو



کۆچباری لە وڵاتی غەریبی و بە دور لە زێد و کاشانەی لێ خست. گیانی گیانداریی لە بەرداشی رۆژگاردا هاڕی و دڵی گەورەی، هیندەی باڵای کوردستانی لە ترپە خست .

کاک تەها، برای گەورەم! ماموستای هەموو کاتەکانی ژیان و خەبات و دەربەدەریم! بۆ پیتوایە بۆ من ئەوەندە سانا و سادەیە لەسەر تو قسە بکەم، دژوارترین ئەرکیک کە ئیستا بە کۆچی خۆت لەسەر منی کلۆل و داماو داتناوە قسە کردن لەسەر تۆیە. وەنەبێ نەزانم لەسەرت بدویم، دەزانم، دەزانم لەکویَ را دەست پێبکەم بەڵام نازانم لەکویَ دا کۆتایی پی بێنم.

تو ژیانت لە نوختەیەک را دەستی پێکرد، لە نوختەیەکیش دا کۆتایی پی هات. ئاخ کاکە! کەی کاتی ئەو کۆچەت بوو، کەی کاتی ئەو سەفەرە بێگەرانەوەیەت بوو؟! بۆ پێت وایە ئەو دڵەی من لە پۆڵایە؟! ئەو دڵەی من چەندە دەبێ هەڵگری ئەو زامانە بێ، کە یەک لە دوای یەک وێی دەکەوێ؟ تو بەڵێنیت دابوو لەگەڵ من ژان و ئێشی ئەو زامانە دابەش کەی! بۆچی تەنیات هێشتم و بە بەڵێنیت وەفات نەکرد؟ نە تەنیا تۆ مافی ئەوەت نەبوو بەتەنیا جێم بهێڵی، هیچ، ئەو بارەی خۆشت بخەیە سەر شانی من، منیش مافی ئەوەم هەبوو ساڵانێکی دیکە لە رووناکی هرزو بیرت بەهرەمەند بم. منیش ئەوەندم بەش پێیدەبرا پاش ئەو کۆستە گەورانە، تۆ سەرپەنام بی و داڵدەم دەیی. ئەی چۆن دڵت هات بێ ئینساف بەجێم بێڵی و ئاوا سووک و ئارام برۆی و داخداری هەتا هەتاییم کەی؟



تۆ مەگەر ئەو هاورێ بە ئەمەگە نەبووی کات و سات و زەمانمان پێکەوە گرێ دەدا؟، لە تەنگەژەو لە رۆژە نەهامەتییەکاندا لە تەنیشتم بووی و لە رۆژە خۆشەکاندا قاقات لەگەڵ لێدەدام؟ ئەی بۆ رۆیشتی؟ چۆن بەزییت پێمدا نەهات؟! خۆت ئارام بۆی خەوتی و نوقمی خاک بووی و منیشت پەڵکێشی گلکۆت. تۆ بەڵێنیت دابوو مێژووی زیندووی من بی، چیرۆکی نەنووسراوەی شەو و شەونخونیەکانمان بی، نووسەری ئەو ئازارو مەینەت و سەربوردەو بەسەرهات و بیرەوەرییانە بی کە لە ژیانی شاخ دا لەسەر رێمان بوون.

خۆزگە توانای ئەوەم هەبایە زیندووت کەمەوە، لە ئامێزت بگرم، بۆ جارێکی دیکە گەرمایی لەشت هەست پێبکەم و پێت بڵێم؛ کاکە گیان هەستە چ کاتی رۆیشتنە تۆ مەگەر لە بیرت چۆتەوە بۆچی پێت نایە ناو ژیانی زانیار؟ مەگەر نەتدەگووت دەبێ زانیار وا پێبگەینم کە ئاواتمە، ئەی زانیار چ لێدەکەی؟، کێ بوو هەموو رۆژ و هەموو سات و هەموو کاتێک لە بەژن و باڵای ئەو توولە نەمامەی دەروانی، بەهەموو تواناتەوە ئامێزت پێدادەگرت و ماچت دەکردو گەزگەز باڵات دەکرد؟ هەستە کاکە، ئەوە زانیار لە ژوور سەرتە، چاوەڕێتە،



ئیشتیای لە ئامیَزی باوکانەتە، بە تەنیا جیَی مەهیَلَە.

برا گەورە گۆر غەریبەکەم، دویَنیَ لەگەلَ کۆرِیَک چووبووین، ئارامگە و جیَ خەوت بۆ دیاری بکەین، لەبارترین و خۆشترین جیَگامان دیاری کرد بۆ حەسانەوەت، هەرچەند لە بیرو میَشکم دابوو کە پیَتخۆش بوو بۆ حەسانەوەی هەتا هەتایت لە ژینگەی لە دایکبوونت لە مەهابادی زیَدت بە خاک بسپیَردریَی دەزانی پۆستی تەتەر کاتیَک هەوالَی جەرگبری ئەو کۆستەی پیَدام لە چ شویَنیکی ئەم جیهانە بیَویژدانە بووم، گەر زانیبات هیچکات خۆت نەدەکردە کامیکازی تەقاندن و هەلَتەکانم. ئەو رۆژە کاروانیَکی بچووکی سەرهەلَگرتوو، ریَیان کەوتبوە گۆرستانی پیَرلاشیزی گۆر غەریبان، بۆ زیارەتی گلَکۆی پیرۆزی ئەوانەی تۆ لە سەر پەردەی دلَت ناوت نووسیبوون. دەچووین پیَیان بلَیَین، ئەوا دیسان بەخت کەوتە ریَمان، بیَینە لاتان، بە ئەسپایی و بە چرپە پریَسکەی دلَمان بکەینەوەو کرنۆش بەرین و چەپکە گولَی وەفاداری لەسەر سینگی گۆرتان دابنیَین.



بەلاَم هاوارو سەد هاوار هەوالَی مەرگی لە نەکاو و کتوپرت، وای لە شیَرەی خۆت نەکرد خوشەوە بیَ. خۆ تۆ گالَتەت بە مەرگ دەهات، تۆ کە مەرگت دەستەمۆ کردبوو، تۆ کە ئەوین بە مانەوە بە ژیان مەستی کرد بووی! ئەی چون ئەو مەرگە نامۆیە توانی زەفەرت پیَ بەریَ و تۆ لە من بستیَنیَ؟ نا بریارمان وا نەبوو، تۆ نامری، هەروەک بەفر نامریَ، تۆ نامری هەر وەک گۆل نامریَ، تۆ نامریَ، تۆ لە مردن بەهیَزتری، تۆ هەموو فەلسەفەی ژیانت تیَکەلاَویَک بوو لە ئیمان بە ئازادی. هەموو ژیانت تەرخانی ئازادی بۆ نیشتمانیَک کرد کە ئازادییان تیَدا لە خاچ داوە. تۆ لە هەوەلَ رۆژەوە کە پیَت نایە ئەو گۆرەپانە، سادق و راست بووی لەگەلَ خۆت و ویژدانت. تۆ یەک ئامانج و یەک بروات هەبوو، ئەویش تاودانی ئەسپی سەرکیَشی ئازادی بوو.

نازانم بۆچی ئاوام! لە هەموو ئەو سی سالَەدا کە پیَکەوە بووین، تەنیا یەکەم رۆژی ئاشناییمانم دیَتەوە یاد، تەنیا ئەو رۆژە کە یەکەم چرۆی یەکبوونمانی لیَ شین بوو، لە بیرومیَشکم دا لە هاتووچۆ دان.

قەتم لەبیرناچیَ، ٢٩ی جورەردانی سالَی ١٣٥٩ی هەتاوی بوو. ئەو رۆژە لە نیَوانی هات و نەهات دا ساخ بوومەوە تیَکەلاَوی شاخ بم، لە زیَدو کاشانەو جیَژوانی سەردەمی هەرزەکاریم مالَئاواییم کرد، بە مەرجیَک یا ئازاد بم و بگەریَمەوە، یا بمرم و قەت نەیبینمەوە. هەموو سەرمایەی من، کۆلَەپشتیَکی رەنگ بزرکاوی سەربازی، کە چرایەکی دەستی، شانەو ئاویَنەیەکی بچووک، جووتیَک گۆرەوی، دەستیَک جلوبەرگی



پێشمەرگایەتی و دەفتەرچەیەکی قەوارە بچووک و شوشەعەترێکی گوڵەباخی و گوێزانێک  تێدابوو.

لە بناری قەلاتی شای دۆڵی شێخان کۆمەڵێک ئەستێرەم دی کە چاوچاوێنیان لەگەڵ تریفەی مانگ و کانی دەکرد. تۆش یەکێک بووی لەو ئەستێرانە. هەستم بەخۆشەویستیت لە ناخ و دەروونم دا کرد. لەو ڕۆژەوە گەرای خۆشەویستیت لە دڵم دا چەقەرەی دا. وای لێکردم تا ئەو ڕۆژەی مەرگ مەودام دەدا، تا ئەو کاتەی لە نێوان مەرگ و ژیندا، هەناسەیەک یاریم دەدا، ئوگرت بم، ئەویندارو سەودا سەری هەتا سەری گلکۆت دەبم، خاکی گڵکۆت سوورمەی چاوم بێ، هاوڕێکەم باران لە تۆ فێری سەخاوت بوو، زەوی لە تۆ فێری بەرەکەت بوو.

کاکە گیان هەستە بڕوانە! عاشقانی ڕێگات و هاوڕێیانی ڕێگای سەختی خەبات لەو تەرو تووشیو بەستەڵەکەدا، لە دوور و نیزیکەوە هاتوونە پای تابووتت، دەیانهەوێ دوایین ماڵئاواییت لەگەڵ بکەن. هەستە سەرهەڵبڕەو چاوێک بگێرە، ئەوانەی ڕەفیقی سەردەمی منداڵیت بوون، ئەوانەی وا هاوڕێ و هاوسەنگەری ڕۆژانی سەختی شاخت بوون، ئەوانەی وا لە ژیانی کۆچبەری و تاراوگەییدا ناسیتن، هەموو لێرەن، باوەر ناکەن تۆ ئاوا بێدەنگ و بێهەست بی، تۆ کە دەریا بووی شەپۆلت دەدا، تۆ کە تاڤگە بووی خرۆشت دەهات، چۆن دەبێ دەریا بێ شەپۆڵ بێ؟! تاڤگە چۆن لە حەرەکەت رادەوەستێ؟! تۆ کێ بووی منت کردە دەروێشی خوت، تا جەزمت بم! هەستە هاورێ سەر هەڵێنە و مل هەڵبرە بەو هەورە تەنیایە بڵێ، سووک پێی بڵێ کە گەیشتنە سێبەرەکەی نمە نمە با بباری، گۆر غەرێبێکیان لە گەڵدایە، تینوویەتی و ئاوی دەوێ، هەستە......!

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٤ی ژانویەی ٢٠١٠



## خەمی لەدەستدانی هاوڕێم کاک تەهاعەتیقی.

### ساڵح رەبەتی

ڕێکەوتی ٢٩ - ١٢ - ٢٠٠٩ لە کاتێکدا وەک هەمیشە چوومە سەر سایتی گیارەنگ، سایتی خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، کە بەڕاستی زەحمەتکێشانی بەڕێوەبەری ئەو سایتە بەدایم خەمخۆر و هاوفکری کۆمەلانی هەراوی ئازادی خەڵکی کوردستانن،




خەریکی کردنەوەی بووم کە بەداخەوە لەیەکەم ساتەکاندا چاوم بە وێنەی تێکۆشەری دێرین و هاوخەمی خەڵکی هەژاری کوردستان و یاری بە وەفای کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کاک تەها حەتیقی کەوت . سەرەتا خەریک بوو باوەر نەکەم و دوایی خەم و پەژارە دایگرتم و خەریک بوو گریانم دەهات کە قسەبەنرخەکانی کاک تەهام لە رادیۆ کەوتنەوە یاد کە پڕ بەدەم هاواری دەکرد بۆ شەهیدان ناگرین بەڵکو درێژەدەری ڕێگایان دەبین. هەر چەندە

لەدەستچوونی کاک تەها خەم و پەژارەیەکی گەورەیە بەڵام درێژە پێدانی ڕێگای پیرۆزی ئازاری خەمەکان کەم دەکاتەوە . کاک تەها ئەو تێکۆشەرە بەناوبانگە بوو کە تەواوی ژیانی پڕ لە شانازی خۆی بەختی نەتەوە سەربەرزەکەی کرد و هەر لەو پێناوەشدا سەری نایەوە .

بەو بۆنەوە پڕ بەدڵم سەرە خۆشی لە هاوسەرەخۆشەویستەکەی و منداڵە خۆشەویستەکانی دەکەم و خەم و پەژارەی خۆم دەردەبڕم وخۆم بە شەریکی خەم و ئازارەکانیان دەزانم . هەروەها سەرەخۆشی لە هاوسەنگەرانی و سەرجەم ئەو کەسانە دەکەم کە دۆست و هاوسەنگەری کاک تەها بوون . هەروەها سەرەخۆشی لە تەواوی خزم و کەس و کاری بەرێزی کاک تەها و خەڵکی بە ئەمەگی کوردستان دەکەم .

هیوادارم رووحی شاد بێ و ڕێگای پڕ ڕێبوار بێت .

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٢٩ی دیسامبری ٢٠٠٩

# کاکا تەها، ئازادیت پیرۆز.

**ئاسۆ ساڵح**



پاش زۆرتر لە یەک ساڵ تەنیا هۆکارێک کە بوو بە هۆی ئەوەی جارێکی دیکە بابەتێک بڵاو بکەمەوە، مەرگی کاک تەها عەتیقی بوو. کەسێ کە کەمتر لە ٢٤ کاتژمێر بینیم، بەڵام کاریگەری زۆری لە سەر ژیانم هەبوو، چوون ئەو کات و ساتەی کە بینیم، هەستیارترین قۆناخی ژیانم بووە.

لەم نووسراوە کورتە ئەمەوێ لە روانینی دوو فیلسووف، وڵامی دوو پرسیار بدەمەوە، یەکەم: مەرگ چیە؟ و دووهەم ئایا مردن لە خاکی غەریبی ناخۆشە؟

## مەرگ

وەڵام دانەوە بۆ "چی بوون"ی مەرگ لە چوارچێوەی ئەم وتارە ناگونجێ، تەنانەت زۆر فیلسوف لە بواری مەرگ بۆچوونی تایبەتیان هەیە و "مەرگ" یەکێ لەو فاکتەرانەیە کە را و بۆچوونی فەلاسەفە لە یەکتر جیا دەکاتەوە. لێرە تەنیا ئاماژەیەکی کورت ئەکرێ بە بیر و بۆچوونی "هایدگر" و "هگل" کە پێم وایە لە سەر مەرگ بیرو رای جیاوازیان لە فیلسووفی دیکە هەیە.

هایدگر لە شاکاری گەورەی خۆی، بوون و کات، باسی مەرگ لە بەرانبەر بوون دەکات. بەڕای هایدگر، بوون تەنیا لە ئاسۆی کات دەناسرێت. لە واقێع دا فەلسەفەی هایدگر لە سەر ئەم ئەساسەیە کە "بوون(هەستی)، کاتە".


"ژیانی رۆژانە" بابەتێکی دیکەیە کە لە فەلسەفەی هایدگر و بە پێوەندی لەگەڵ مەرگ، بە شێوەی جیاواز باسی لە سەر کرا. ئەفلاتوون، وەک دەسپێکەری مێتافیزیکی رۆژئاوایی، بە جیاکردنەوەی جیهانی دیکە و ژیانی ئێستا، جیهانی دیکە وەک جیهانی راستەقینە دەبینێ و ژیان ئێستا و رۆژانە، بێ بایەخ و کاتی. ئەم ڕوانینە لە عێرفانی رۆژهەڵاتیش هەیە، هەر ئەم مە سەلەیە کە مەولەویش باسی لێوە دەکا.

بەڵام هایدگر بە لێکدانەوەی سوژەی دکارتی، گرینگیەکی تایبەت دەدا بە ژیانی رۆژانە. هایدگر لە شاکاری "بوون و کات"، "دازاین" یا "بوون و هەستی مرۆڤ" لە "بوون لە جیهان" پیشان دەدا و بەم شێوەیە رادەگەیێنێ کە "دازاین" سوژەیەک نییە کە لە سەرەوەی جیهان راوەستا بێت، بەڵکوو جیهان و دازاین بەستراون بە یەکەوە، بە جۆرێک کە ناکرێ لە یەکتر جیا بکرێنەوە. بۆیە هایدگر بۆ یەکەمین جار و بە شێوەیەکی جیاواز، ژیانی رۆژانە و



رۆڵی تەکنۆلۆژیا و کولتوری لە ژیانی مۆدێرن شی کردەوە. هایدگر رایگەیاند کە ژیان بە پێچەوانەی ئەوەی کە مێتافیزیکی رۆژئاوا ئەڵێ، شوێنی روداوی دووبارە و بێ بایەخ نیە، بەڵکوو گۆڕەپانێکە کە ئەگەر مرۆڤ بڕیارە بە کەماڵ بگات، ئەبێ لێرە بێت.

لە فەلسەفەی هێگل نێوان ئازادی و مەرگ دیالکتیکێک هەیە. لە ڕوانگەی هێگل، ئازادی لە بەرەنگار بوونەوە و وەلا نانی مەرگ، پێک دێت. هگل پێی وایە، کۆیلە بۆیە کۆیلەیە چوون توانای وەلانانی بارودۆخی سەپێندراوی نییە و هاوکات لە بیری خاوەنداری لە جیهانی خۆیە. بەڵام هێدی هێدی فێر دەبێ کە ئەبێ دژ بە جیهانی پێش چاو ڕاوەستێ، ئەم پەروەردەیە لە ڕێگەی "کار"ەوە ئەبینێ. بە هۆی کارە کە جیهانی پێش چاو دەگۆڕدرێت. لێرە "خواست" و "کار" دوو هۆکارن کە کۆیلە پەروەردە دەکەن. کۆیلە تا کاتێک کە رووبەرووی مەرگ نەبۆتەوە، لە جیهانێکی بێ خەیاڵی بە سەر دەبا.




ئەگەر لە ڕوانینی هایدگری بڕوانینە "ژیان"ی کاک تاها، ئەبینین کە لەم گۆڕەپانە ژیانی خۆی تەرخان کردووە کە بگات بە کەماڵ. کەسێک کە هەموو ژیانی لە سەر خەبات و بیر و ڕای تێپەڕ کرد، بۆ ئەوەی کە لەم گۆڕەپانە بگات بە لووتکەی کەماڵ، لە ڕوانینێکی هایدگریانە، نە تەنیا لە ژیانی مایەی دانەناوە، بەڵکوو زۆریش سەرکەوتوو بووە. کاتێک کە کاک طاها لە ژیانی دا هەستی بە زۆڵم و چەوساندنەوەیەک کردوە و لە ڕێ بەرەنگار بوونەوە بەو زۆڵم و زۆرداریە و هاوکات دروست کردنی ژیانیکی باشتر، خەباتی دەس پێ کردوە، بە دڵنیایەوە گەیشتۆتە لووتکەی ئەو سووژەیەی کە هایدگر باسی لێوە دەکا.

ئەگەر لە ڕوانینی هگل لە مەرگ، ژیان و وشەی "ئازادی" لای کاک طاها بکۆڵینەوە، ئەبینین کە لەم دیالکتیکە "ئازادی" بە باشترین شێوە "مەرگ"ی وەلا ناوە، ئەوەش بۆ بەدی هاتنی "ژیان"ێکی ئازادە. بۆیە ئازادی لە لووتکەی ژیانی کاک طاها وەک شۆڕشگێرێک، بەدی دەکرێ. کاک طاها بە مەرگیشی گەیشتە ئاستی ئازادی مۆطلەق.

### مەرگ لە غەریبی

ئەم باسە ڕەنگە هەندێ کۆن بێت. ڕەنگە ئەو کاتە کە فرمێسکی هونەرمەندێکم بینی کە باسی خاکی کوردستانی ئەکرد کە لەگەڵ خۆی هێناوە ئەگەر لە غەریبی مرد، لەگەڵی لە گۆڕ داینن، ئەم باسەم هەست پێ کرد. ئێستاش



کە هەرکات خەبەری مەرگی شۆڕشگێڕێک لە غریبی ئەبیستم، یەکەم شت کە بە مێشکم دەگات، باسی مەرگ لە غەریبیە. بەڵام هاوکات ئەو پرسیارش دێتە گۆڕێ کە ئایا مەرگ لە غەریبی ناخۆشە؟

ڕەنگە ئەم بابەتە ئەو کاتە باس بکرێ کە کەسیک نەتوانێ نیشتمانەکەی ببینێتەوە و ئەم مافەی لێ زەوت کرابێ. لەم حاڵەتەدا و بە لە بەرچاو گرتنی بارودۆخی کوردستان و وڵاتانی داگیرکەری، زۆربەی هەرە زۆری ئەو کەسانەی ئەو مافەیان لێ زەوت کراوە، شۆڕشگێڕن.

بە لە بەرچاو گرتنی ڕوانینی هایدگر و هگل بۆ "مەرگ"، دەبینـدرێ کە مەرگ بۆ ئەم کەسە(شۆڕشگێڕ)، بەشێکە لە ژیان و بەشێکە لە خەبات. خەباتێک کە ساڵەهایە دەستی پێکردوە و بە مەرگی، ئەم خەباتە بۆ ئەو دەگاتە ئامانج، ئازادیەک کە ساڵەهایە خەباتی بۆ کردوە، بۆی بە دی دەکرێ. بە واتەیەکی دیکە، دیالکتیکی مەرگ، ژیان، خەبات و ئازادی، لە خەباتی هەموو شۆڕشگێران بەدی دەکرێ و ئامانجەکەشی تەنیا یەک شتە: ئازادی. مەرگی شۆڕشگێر لە غریبی، تەواو بوونی ژیانە، ژیانیک کە ترخان کرا بۆ خەبات، خەباتێک لە پێناو ئازادی، واتە مەرگ و ژیان و خەباتی شۆڕشگێر، یەک ئاماجی لێ دەکەوێتەوە و ئەویش ئازادیە. کاک طاها، ئازادیت پیرۆز.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان / ڕێکەوتی : ٢٨ی دێسامبری ٢٠٠٩

## بۆ کاک تەها عەتیقی،

### هیوا گوڵ محەمەدی

چ زوو ڕۆشتی، ئەم ژیانە چ زوو دەربـاز بـوو، هەر وا ئەزانم دوێنیە کە بۆ یەکەم جار لە قرچەقرچی گەرمای



هاوینی ١٩٨٤ لە گەورە دێ هاتمە بەردەم چادرەکە و وتم کارم بە کاک دوکتور سەعید هەیە، لە سەرەخۆ سەرت بەرز کردوە و ئارەقەی ناو تەوێڵت سڕیەوە و وتت: وەرە قومێ ئاوی سارد وەخۆ ئێستە دوکتور دێت.

دیارە پێش ئەو دیدارە من تۆم ئەناسی، نەک هەر من بەڵکو بە ملیۆن کوردی ڕۆژهەڵاتی و باشوری تۆیان ئەناسی، تۆ ئەو میوانە خۆێن شیرنە نەدیتراوە بووی کە هەموو ڕۆژانی هەینی بە دەنگی نەرم، قسەی گەرم، وشەی جوان و دەربڕینی پڕ لە ناوەرۆک، وەڵامی نامەی گوێگرەکانت ئەدایەوە و بە دوای وەڵامەکانا ئەگەڕای و بە کوردیەکی پاراو و وردکردنەوەی سادە و خۆماڵیانە گرینگیت بە گوێگر و گوێگرت هۆگر بە ڕاستی و زانست و تێگەیشتن ئەکرد.

بێگومان ئەو سەردەمانە وەک ئێستە سیگناڵی ساتالیتەکان دزەیان نەدەکردە ناو ماڵەکانا و تەنیا ڕادیۆی دەنگی



کوردستانی ئێران بوو لە ژێر تەوژمی پارازیتی حکومەتی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی ئیرانا شەپولی ئەدا و هەواڵەکانی بە گەل دەگەیاند و بەرنامەی جۆربەجۆری پێشکەش ئەکرد.

ئاوەکەم خواردەوە و لیوانەکەم لە پەنا تەپەدورەکە دانایە و تەماشایەکی کاتژمێرەکەم کرد، سەر بەرز کردەوە و پێنوسەکەی دانا و تی: پێشمەرگەی کام هێزی؟ وتم: پێشمەرگەی هێزی بێستون بوم بەڵام ئێستە لە ناوەندی ئاژوانم. بزەیەکی بێ گزەی دایە ڕوما و تی: هێزی بێستون خۆشەویستی خەڵکی کوردن، بەو عەمەلیاتانەی ئەیکەن و بەو هەموو ئازایەتیەی ئەینوێنن بونەتە جێگەی شانازی هەمووما.

هەر زۆر خێرا لە دڵما لە جێگەی بویەوە نەک قسەکانی بەڵکو ڕوحێشی سووک بوو قسەکانی لەبەر دڵان بوون. ئەوکاتە هێشتا وەک ئێستە دەم و زمانم نەکرابویەوە و نەم ئەتوانی بە ئاسانی هەستی خۆم دەربڕم دەنا ئەموت: ئێوەش ئازا و خۆشەویستن، ئەوە نیە بەم قرچە قرچی گەرمایە لەم گوندە سوتاوەی کوردستانا دەست بە قەڵەم و خەیاڵ فراوان بۆ پێشکەش کردنی بەرنامەی ڕادیو ئارەقەی ناوچاوان ئەسڕنەوە و ساتێ ناسرەون.

بەڵێ بەڕاستی دەور و کاریگەری ڕادیو دەنگی کوردستانی ئێران بەرچاو بو، لە ناو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانا جێگەی خۆی کردبووەوە و خەڵک بڕوایان پێ دەکرد و چاوەڕوانی بون.

بەرنامەی وەڵامی نامەی گوێگرەکان وەک سەرچاوەی بنەڕەتی ڕادەربڕین و ڕا گۆڕینەوە بوو، بەرپرسی ئەوبەشە واتە کاک تەها بە پشوو درێژی و لەسەرخۆیەوە وەڵامی پرسیارەکانی شی ئەکردەوە و گویگر هەستی بە ئاسودەی ئەکرد.
لە ڕەوتی جوڵانەوەی شۆڕشگێرانەی گەلی کوردا زور کەس دەور و کاریگەریان هەبووە و بە کار و چالاکی و فیداکاری شوێنیان دیار و کردوویان لەبەر چاوانە، بەڕیوەبەران و بێژەران و نوسەران و بەرپرسانی ڕادیو دەنگی کوردستانی ئێران لەو گروپ و کەسانەن و ئەتوانم بە ڕاشکاویەوە بڵێم خۆێندکارانی کورد ئەتوانن لەسەر ئارشێڤی ئەو ڕادیویە دوکترای زانستی خۆیان وەرگرن.

کاک دوکتور سەعید هات، لەبەری هەستامەوە و نامەکەم دایە، خۆێندیەوە و وتی: کاک مستەفا چۆنە( دیارە مەبەست کاک مستەفا هیجری سکرتێری ئێستەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانە و ئەو کاتە بەرپرسی ناوەندی ئاژوان بو و ئەو نامەی پێدابوم کە بیدەمە کاک دوکتور) منیش وتم باشە و هەواڵتانی ئەپرسی.

کاک دوکتور نامەکەی خۆێندەوە و بە کاک تەهای وت: ئەزانی ئەم کورە پێشمەرگەی هێزی بێستونە؟ وتی: بەڵێ پێکەوە هێندێ قسەمان کرد. پاشان کاک دوکتور وتی: دوای نان خواردن وەرەوە نامەیەکت بۆ ئەنوسم بۆ کومیسونی تەشکیلات سەرتا بچۆ دەورەی کادری ببینە وپاشان وەرەوە دەورەی بێسیم تەواو کە.



کاک تەها بە پێکەنینەوە وتی: ئاوا بڕوا ساڵێکی دیکە ئەبێتە ئەندامای کومیتەی ناوەندیش.

لە ماوەی ئەو ساڵانە دا کە کاک تەهام ناسی و لەوکاتانە دا کە ئەچومە بنکەی دەفتەری سیاسی و سەردانی ڕادیوم ئەکرد و بەتایبەت ئەو ماوەیە کە لە بێسمی دەبیرخانە کارم ئەکرد زیاتر و زیاتر لە کاک تەها وهاوڕێانی تێدەگشتم و ڕێزیان زیاتر دەبوو لە لام بەو کار و کردەوە وتێکۆشانانەی ئەیانکرد.

تەها عەتیقی مروڤێکی بە توانا، زانا، سادە، بێ فیز و خاوەن بڕوا و هەڵۆێست و دەربڕینی خۆی بوو.

چ زوو ئەڕوا ئەم ڕۆژگارە بێ پشویە، چەندە کورتە ئەم ژیانە پڕ لە ژانەی مروڤ و چەندە ناخۆشە کە خاڵێک لە ژیانا ڕەش دەبێتەوە و بچوک دەبێتەوە و ئیتر نابیدرێ و ئەویش خاڵی کۆتایێ ژیان و مردنی مروڤە.

ئەگەر چی بڕاو بەو مردنە ناکەم بەڵام دیسان خەمبارم بەو هەواڵە و دڵنیام کە ئارشیڤی ڕادیو دەنگی کوردستانی ئێران و ئەو دوو دەیە خەباتی پێسمەرگانە ناهێڵن تەها و تەهاکان بمرن و لەبیر بچنەوە و ژیان و مردنیان جێگای ڕیز و خوشەویستی و پێزانینە.

یادت بەخێر کاک تەها عەتیقی و ڕیگات کراوە و پڕ ڕێبوار بێت.

سەرچاوە : ماڵپەڕی پێشمەرگەکان / ڕیکەوتی : ٢٩ی دێسامبری ٢٠٠٩



# ڕاگەیەندراوی ناوەندی ڕاگەیاندن بە بۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرین کاک تەها عەتیقی

**خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!**

**تێکۆشەران و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە رادەگەیەنین کە رۆژی دووشەممە ٩ی بەفرانبار (٢٨ی دیسامبر) تێکۆشەری دێرین کاک تەها عەتیقی لە وڵاتی سویس لە تەمەنی ٦١ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

هاوڕێ تەها عەتیقی ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی خۆشناوو نیشتمانپەروەری شاری مەهاباد لەدایک بوو. قۆناغەکانی سەرەتایی، ناوەندی و دەبیرستانی لە مەهاباد تەواو کردو پاشان لە تەورێز تا وەرگرتنی

بڕوانامەی لیسانس لە زانستی جوغرافیادا، درێژەی بە خوێندن دا. تەها عەتیقی دواتر لە قوتابخانەکانی مەهاباد لە ئاستی دواناوەندی و دەبیرستاندا، وەک مامۆستا، دەرسی ئەدەبیاتی گوتەوە. هەر لەو ساڵانەدا بوو کە لە رادیۆ تەلەڤیزیۆنی مەهاباد دەست بەکار بوو و بۆ ماوەی چەند ساڵ بەرنامەی پڕگوێگری "خاوو خێزان"ی ئامادەو پێشکەش کرد.

بە دوای رووخانی رێژیمی پاشایەتی و دەست پێکردنەوەی تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، کاک تەها پێوەندیی بە حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە گرت و، هاوکاریی لەگەڵ حیزب دەست پێکرد. لەگەڵ دامەزرانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران، کاک تەها عەتیقی لە ریزی یەکەم بێژەراندا، قۆڵی لە خزمەتکردنی ئەم رادیۆیە هەڵماڵی. تەها عەتیقی کە هەم تێگەیشتنێکی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی باشی هەبوو، هەم خاوەنی ئەزموونی کار لە رادیۆو تەلەڤیزیۆندا بوو، هەموو تواناو عەلاقەی خۆی خستە خزمەت بەرەوپێشبردنی کارو باری رادیۆ دەنگی کوردستان. لە ساڵی ١٣٥٩ەوە هەتا هاوینی ١٣٧٣ کە رووی کردە ئورووپا، کاک تەها کارو بەرپرسایەتیی جۆراوجۆری لەم رادیۆیە بەڕێوە برد. بۆ ماوەیەکی زۆر وەک ئامادەکار، بەرپرسی هەواڵ و بەڕێوەبەری رادیۆ دەنگی کوردستان کاری کردو شانبەشانی کاری بێ پسانەوەو ماندوویی نەناسانە لەم بەشانەدا، بەرنامەی رادیۆیی "وڵامی نامەی گوێگرەکان"ی ئامادەو پێشکەش کرد. تەها عەتیقی یەکێک لە کۆڵەکەکانی ئەم رادیۆیە لە ئەستەمترین قۆناغەکانی خەباتی حیزبی دێموکرات دا بوو. ئەو لە نێو کادری رادیۆ چاپەمەنیی حیزب بەتایبەتی و لە نێو سەرجەم تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و گوێگرەکانی رادیۆ دەنگی کوردستاندا، خۆشەویست و جێگای رێز بوو. هاوڕێیان و هاوکارانی بە چاوی مامۆستاو رێنوێنی خۆیان لێیان دەڕوانی.

کاک تەها لە نێوان کۆنگرەکانی پێنجەم و شەشەمی حیزبدا (ساڵانی ١٣٦٢ - ١٣٦٠) راوێژکاری کومیتەی



ناوەندی حیزب بوو. ئەو، لە کۆنگرەی چوارەمەوە تا کۆنگرەی نۆیەم، لە هەموو کۆنگرەکانی حیزبدا چالاکانە بەشدار بوو. لە راستی دا چونکە هەم توانای بەڕێوەبردنی کارو بەرپرسایەتیی گرنگی هەبوو، هەم کەسێکی ئاگاو خۆشەویست بوو، ئەگەر بۆ خۆی ویستبای لە زۆربەی کۆنگرەکاندا شانسی هەڵبژاردنی بە ئەندامی رێبەریی حیزبی دێموکراتی هەبوو. بەڵام بۆ تەها عەتیقی نەک پۆست و عینوان، بەڵکوو کاری دڵسۆزانەو خزمەتی سادقانە مەبەست بوو.

کاک تەها وێڕای سەرقاڵبوون بە کاری رۆژانەی رادیۆوە، لە وەرگێڕانیش غافڵ نەبوو. وەرگێڕانی کتێبی بەناوبانگی "کوردستان و کورد"ی دوکتور قاسملوو بۆ سەر زمانی فارسی، بەرهەمی سەردەمێکە کە تەها عەتیقی لە چیا سەرکەشەکانی کوردستان لە سەنگەری رادیۆدا خزمەتی جووڵانەوەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کوردی دەکرد. کاک تەها، هاوینی ١٣٧٣ی هەتاوی (١٩٩٤ی زایینی) وەک پەنابەر رووی کردە وڵاتی سوئێدو لەوێ گیرسایەوە. چەند ساڵێک دواتر لە وڵاتی سویس نیشتەجێ بوو و لەگەڵ خاتوونی سەربەرزو رووسوور ئەسمەر ئیبراهیمزادە هاوسەری شەهید عەبدوڵڵا شەریفی ژیانی هاوبەشی پێک هێنا. کاک تەها لە دەرەوەی وڵاتیش لە سەر خزمەت بە جووڵانەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازانەی گەلەکەی بەردەوام بوو. وەرگێڕان و بڵاوکردنەوەی کتێبی "کورتە مێژووی جووڵانەوە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد" لە فارسی یەوە بۆ کوردی کە دوکتور سادق شەرەفکەندی نووسیویێتی، یادگاری ساڵانی ژیان لە دەرەوەی وڵاتیی ئەم تێکۆشەرەیە.

کاک تەها عەتیقی لە کاتێکدا دڵی لە لێدان وەستا کە بەڵێنی دابوو لە ساڵی تازەدا سەردانی کوردستان بکاتەوەو جارێکی دیکە خۆی لە نێو کۆڕی هاوخەباتان و هاوڕێیانی پێشمەرگەدا ببینێتەوە کە بەداخەوە مەرگی ناوەخت هەم ئەویش و هەم ئێمە هاوسەنگەرانی، و هاوکاران و دۆستانی لەمێژینەی لە دیتنەوەی دووبارەی یەکتر بێبەش کرد.

بە کۆچی ناوەختی تەها عەتیقی، گەلی کورد تێکۆشەرێکی بەوەفاو بەنرخ و،حیزبی دێموکراتی کوردستان دۆست و یاوەرێکی خۆشەویستیان لەدەست دا. ناوەندی راگەیاندنی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی کۆچی دوایی کاک تەها عەتیقییەوە، سەرەخۆشی و هاودەردی قووڵی خۆی بە هاوسەری زیندەیاد کاک تەهاو هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەیان و تێکڕای ئۆگرانی ئەو کەسایەتییە تێکۆشەرە رادەگەیەنێ. هەمووانیش دڵنیا دەکەین کە یادی کاک تەها، وەک خزمەتەکانی ئەو مرۆڤە بە رادیۆ دەنگی کوردستان و حیزبی دێموکرات، بە نەمری دەمێنێتەوەو هەمیشە بە رێزەوە ئاوڕییان لێ دەدرێتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان ناوەندی راگەیاندن

سێ شەممە ١٠ی بەفرانباری ١٣٨٨

سەرچاوە : ماڵپەری حدک میدیا / ڕێکەوتی : ٣١ی دیسامبری ٢٠٠٩



# ڕاگەیاندراوی کۆمیتەی بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵاتی حدک بەبۆنەی کۆچی دوایی کاک تەها عەتیقی

بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە، سەرلەبەیانیی رۆژی ٢٨ی دێسامبری ٢٠٠٩ی زایینی بەرامبەر بە ٧ی بەفرانباری ١٣٨٨ی هەتاوی، کەسایەتیی خۆشەویستی رۆژهەڵاتی کوردستان و تێکۆشەری ناسراوی دێموکڕات، کاک تەهای عەتیقی، بەهۆی نەخۆشی‌یەکی کتوپڕ لە شاری "بیل"ی سویس چاوە چاوەڕوانەکانی بۆ هەمیشە لەسەر یەک دانان و ماڵئاوایی یەکجاریی لە ئازیزان و هاوڕێیان و لە گەل و نیشتمانەکەی کرد.

تەهای عەتیقی ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی سەربەرز و کوردپەروەری شاری مەهاباد لە دایک بوو. خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی لە مەهاباد تەواو کرد و پاش وەرگرتنی دیپلۆم بۆ درێژەدانی خوێندن چووە زانستگای تەورێز و لەوێ لیسانسی جوغرافیای وەرگرت. پاشان گەڕایەوە مەهاباد و وەک مامۆستا لە قوتابخانە و دەبیرستانەکانی ئەو شارە دەستی بە کار کرد. هاوکات لەگەڵ کاری مامۆستایەتی، بەهۆی لێهاتوویی لەبواری راگەیاندن و هۆگریی بە کاری چاندی و هزری، لە رادیۆی مەهاباد دامەزرا کە لەوێ بەتایبەتی بەرنامەیەکی خەڵکپەسەندی لە بواری رۆشنگەریی کۆمەڵایەتی‌دا بەڕێوە دەبرد.

بەهەستی و خاوەن هەڵوێست بوونی تەهای عەتیقی لە سەردەمی دەسەڵاتی ملهوڕی پەهلەوی‌دا مایەی ئەوەیان لەوی‌دا پێک هێنا کە وەک کەسایەتی‌یەکی ئازادیخواز و نیشتمانپەروەر لەکاتی شۆڕشی گەلانی ئێراندا لەگەڵ تێکۆشەرانی ریزی هەرە پێشەوەی گەلەکەی بۆ گەیشتن بە ئازادی هاوکار و هاودەست بێ. کاک تەها ساڵی ١٣٥٨ بە رەسمی بوو بە ئەندامی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان. ئەو ژیانی حیزبی و شۆڕشگێڕانەی خۆی بە بەشداری لە سەرخستنی دەسکەوتێکی بۆ ئەو سەردەمە زێدە بەنرخ و پڕشنگداری جوڵانەوەی ئازادیخوازانەی گەلی کورد لە ئێراندا دەست پێ کرد کە بریتی بوو لە وەڕێخستنی رادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران. کاک تەها تا ئەو کاتەی لە کوردستان بوو وەک جێگری بەرپرسی ئەم ئۆرگانە گرینگە کە بۆ گەیاندنی دەنگی هەقخوازانەی خەڵکی کوردستان ئەم شاخ و ئەو دۆڵی دەکرد خزمەتی کرد و لە پاش کۆنگرەکانی چوار و پێنجی حیزبیش وەک راوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا.

تەهای عەتیقی هەڵقووڵاوی بنەماڵەیەکی کورد پەروەر و شۆڕشگێڕ بوو. خاڵێکی ناوبراو بە ناوی کەریم خامچی ساڵەهای ساڵ لە تەمەنی خۆی لە بەندیخانەکانی رێژیمی شادا تێپەڕاند و چەندین کوڕە خاڵ و کوڕە پووری کاک تەها وەک خوسرەو خامچی، حەسەن، شەهاب، یووسف، خوسرەو، سەدیق و برایم رەحمانییش لە بەرەکانی دیفاع لە بەرامبەر هێرشی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کوردستاندا شەهید بوون.



بە مەرگی ناوەختی کاک تەهای عەتیقی، حیزبی دێموکرات و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان یەکێک لە بەئەزموونترین تێکۆشەرەکانی خۆی و خەباتگێڕێکی یەکجار بەنرخیان لە دەست دا. تەهای عەتیقی مرۆڤێکی تێگەیشتوو و بەفەرهەنگ و تێکۆشەرێکی شێلگیر و بەبیر و بڕوا بوو کە بەبێ هیچ چاوەڕوانییەک و بەوپەڕی جیدییەت و سەداقەتەوە خزمەتی دەکرد. ئەو لە ڕۆژە هەرە سەختەکانی خەبات و خۆڕاگریدا تاڵی و سوێریی دەچەشت هەتا هەگبەی پڕ لە بیر و ڕوانینی خۆی بخاتە خزمەت گوڵ کردنی داری خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەی.

کۆمیتەی بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بەناوی خۆی و بە نوێنەرایەتی لەلایەن ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە دەرەوەی وڵات، بەو بۆنە تاڵ و دڵتەزێنەوە هاودەردی و هاوخەمیی خۆی بە هاوسەری بەڕێزی کاک تەها، ئەسمەر خانمی شەریفی، و ئازیزانی کۆستکەوتوو پرشنگ، گەلاوێژ، ڕزگار و زانیار، بە هاوڕێ و هاوسەنگەرانی لەمێژینەی کاک تەها لە ڕیزەکانی دێموکڕاتدا بەتایبەتی لە ڕادیۆ دەنگی کوردستان، بە خەڵکی خەباتگێڕی شاری مەهاباد و بە گشتی خەڵکی کوردستان ڕادەگەیەنێ.

ناو و سیمای تەهای عەتیقی، یادگاری ڕێبەرانی شەهیدی حیزب، بۆ هەمیشە لە دڵ و دەروونی ڕێبوارانی ڕێگاکەی و لە هەناوی ئەویندارانی ئازادیدا دەمێنێتەوە.

بەرز و بەڕێز بێ یادی تەهای عەتیقی شۆڕشگێڕی فازڵ و خۆلە پێناوی گەل.

کۆمیتەی بەڕێوەبەریی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان

سەرچاوە : ماڵپەری حدک میدیا / ڕێکەوتی : ٢٩ی دیسامبری ٢٠٠٩

## کاک تەها عەتیقی، تێکۆشەری دێرینی ناو ریزەکانی دێموکرات کۆچی دوایی کرد

سویس، ناوەندی هەواڵی دەرەوەی وڵات: بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە ڕادەگەیەنین سەرلەبەیانیی ئەمڕۆ دووشەممە ٢٨ی دێسامبری ٢٠٠٩ بەرانبەر بە ٧ی بەفرانباری ١٣٨٨ی هەتاوی، کاک تەها عەتیقی کەسایەتی ناسراو و تێکۆشەری دێرینی ناو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و کادری بەتوانای ڕادیۆ دەنگی کوردستان، لە تەمەنی ٦١ ساڵی دا بە هۆی نەخۆشیەکی کتووپڕ لە وڵاتی سویس، کۆچی دوایی کرد و بۆ ئاخرین جار ماڵاویی لە گەلەکەی و تێکۆشەرانی دێموکرات کرد.

کاک تەها عەتیقی هەر لەسەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە بە سەر ڕژیمی پاشایەتییدا بۆ



وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەل و نیشتیمانەکەی خەباتی بە دژی ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی لەناو ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتدا دەست پێکرد و ڕۆڵێکی کارا و بەرچاوی لە بەڕێوەبردنیی سەرکەوتوانەی ڕادیۆ دەنگی کوردستان و ڕاگەیەنەرەکانی دیکەی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا بینی. تێکۆشەر کاک تەها عەتیقی ماوەی چەند ساڵ بوو لە وڵاتی سویس نیشتەجێ ببو. بە کۆچی دوای کاک تەها گەلەکەمان خەسارێکی گەورەی بەر کەوت و حیزبی دێموکراتی کوردستان تێکۆشەرێکی دێرین و دڵسۆزی خۆی لە دەست دا.

کۆمیتەی سویسی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ئەم هەواڵەی بۆ ناوەندی هەواڵی دەرەوەی وڵات ناردووە، وێڕای ئەندامان، دۆستان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو وڵاتە سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەس‌وکار و تێکرای تێکۆشەرانی دێموکرات دەکا و خۆ بە خاوەنی ئەم خەمە دەزانێ.

سەرچاوە : ماڵپەری حدک میدیا / ڕێکەوتی : ٢٨ی دیسامبری ٢٠٠٩

## پرسەنامە ی نوێنەرایەتی حدکا لە دەرەوەی وڵات

بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە تێکۆشەرو نیشتمانپەروەری کورد تەها عەتیقی، لە بەرەبەری ڕۆژەکانی تازەبوونەوەی ساڵی تازەی زایینی دا، لە ٢٨ / ١٢ / ٢٠٠٩ بە هۆی وەستانی کتوپڕی دڵ لە شاری بیلی سویس، کۆچی دوایی کرد.

کاک تەها عەتیقی تێکۆشەرێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوو. پێش شۆرشی گەلانی ئێران ببوە ئەندامی نهێنی تەشکیلات و دوای سەرکەوتنی شۆرش لە ساڵی ١٩٧٨، ببوە ئەندامی ئاشکرای حیزب. لە نێوان کۆنگرەکانی چوارەم و پێنجەمی حیزبدا بە ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرابوو، و تا ئاوارەبوونی بۆ هەندران وەک کادرێکی لێهاتووی حیزب ماندوویی نەناسانە تێدەکۆشا.

کاک تەها مرۆڤێکی دڵسۆز، ڕۆژنامەنووسێکی بەئەزموون، بێژەرێکی بە توانا، نووسەر و وەرگێرێکی کارا بوو. هەر لە سەرەتای تێکۆشانی لە حیزبدا یەکیک بوو لە کادرەکانی بەشی ڕاگەیاندنی حیزب و بەرێوەبەرانی ڕادیوی "دەنگی کوردستانی ئێران". چەندین بەرهەم و کتێبی بەکەڵکی لە زمانەکانی کوردی بۆ فارسی و فارسی بۆ کوردییەوە وەرگێراوە.

وێڕای تاسەداریی لە کۆچی لە ناکاوی کاک تەها، بە ناوی نوێنەرایەتیی دەرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەرەخۆشی لە بنەماڵەی کاک تەهای عەتیقی، تێکرای کەسوکار و هاورێ و هاوسەنگەرانی دەکەین و خۆمان



لە خەمدا بە شەریک دەزانین.

رووحی بەرزی کاک تەها عەتیقی شاد بێ

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

نوێنەرایەتیی دەرەوەی وڵات

سەرچاوە : ماڵپەری خاکەلێوە / ڕێکەوتی : ٢٩ی دیسامبری ٢٠٠٩

---

## کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرینی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران کاک تەها عەتیقی

کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سویس ڕادەگەیەنێت کە بە داخ و وەڕارەییەکی زۆرەوە، پێشمەرگە و تێکۆشەری رووناکبیری دێرینی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەڕێز کاک تەها عەتیقی کاتژمێر ١١ی پێش نیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممۆ، ڕێکەوتی ٢٨ / ١٢ / ٢٠٠٩ی زایینی، لە کاتی وەرزش و بە هۆی ڕاوەستانی دڵ، لە شاری "بیل ـ بیەن"ی وڵاتی سویس کۆچی دوایی کرد و هیوا و ئاواتی سەرەکیی، کە گەیشتنی نەتەوەکەی بە ئازادی و ڕزگاری لە ستەمی نەتەوایەتی بوو، لە وڵاتی غەریبی و دوور لە زێد و نیشتمانەکەی، کوردستان، بردە ژێر گڵ.

کاک تەها عەتیقی بەشێکی بەر چاوی لە تەمەنی خۆی لە خەبات بە دژی داگیرکەرانی کوردستان لە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بردە سەر و لە ماوەی ژیانی پڕ لە سەروەری پێشمەرگایەتیدا،

وەک کادرێکی شارەزا، خوێندەوار و بە ئەزموون، ڕۆڵێکی زۆر گرنگ و بەرچاوی لە دەزگای ڕاگەیاندنی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بە گشتیی و "ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران" بە تایبەتی لە قۆناخی سەختی خەباتی چەکداری، گێڕا و کاک تەها عەتیقی یەکێک لە سیما ناسراوەکانی ئەو کاتی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی ئێران، بۆ خەڵکی کوردستانی ئێران و تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران بوو.

بەڕێز کاک تەها عەتیقی، پێشمەرگەیەکی بە ئیمان، ڕووناکبیر و تێکۆشەرێکی خاوەن قەڵەمی بە بڕشت و کوردی



زانێکی بە توانا بوو. ئەویندارى و هۆگرییەکی تایبەتیی بۆ ڕێبەرانی شەهید و هەردەم زیندووی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران، واتا کاک دوکتۆر قاسملوو و کاک دوکتۆر سەعید هەبوو. هەر خۆشەویستی ئەو دوو ڕێبەرە وای لە ناوبراو کرد کە کتێبی "کوردستان و کورد"ی کاک دوکتۆر قاسملوو لە زمانی کوردیەوە بۆ سەر زمانی فارسی و هەروەها کتێبی " تاریخچەء جنبشهای خلق کرد" ی کاک دوکتۆر سەعید لە زمانی فارسییەوە بۆ سەر زمانی کوردی وەربگێرێت.

کۆمیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سویس، وێڕای دەربڕینی داخ و پەژارەی خۆی بۆ کۆچی دوایی تێکۆشەر کاک تەها عەتیقی، لە قووڵایی دڵەوە سەرە خۆشی لە بنەماڵەی بەڕێزی کاک تەها و هاوسەرە دڵسۆزەکەی، بەڕیز خوشکە ئەسمەر شەریفی، تێکۆشەرانی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران و خەڵکی نیشتمانپەروەری شاری مەهاباد دەکات.

بەرز و بەڕێز بێ یاد و ناوی کاک تەها عەتیقی


کۆمیتەی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران لە وڵاتی سویس

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستان میدیا / ڕێکەوتی : ٢٨ی دیسامبری ٢٠٠٩

## تەها عەتیقی ئەو مرۆڤەی ماندووبوون لە فەرهەنگیدا نەبوو.

### سەلاح پیرۆتی

ڕۆژی دووشەمە ٩ ی بەفرانبار بەرامبەر بە ٢٨ ی دێسامبری ٢٠٠٩ ی زاینی بێژەر و وەرگێڕ تەها عەتیقی لە وڵاتی سویس لە تەمەنی ٦١ ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.



بەڕێز عەتیقی لە ڕۆژی ٢٣ ی ڕێبەندانی ١٣٢٧ی هەتاوی لە شاری سابڵاخ لە دایکبووە.

خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی فێردوسی و خوێندنی ناوەندی لە قوتابخانەی "ابن سینا" تەواوکرد.

ساڵی ١٣٤٧ دەچێتە زانکۆی تەورێز و لە جۆزەردانی ١٣٥٢ لە بەشی جوغرافیای ئابووری و ئینسانی بەکالۆریۆس وەردەگرێت. وەک ماموستا لە قوتابخانەکانی شاری سابڵاخ وانەی گوتۆتەوە. هەر لە ئەو ساڵانەشدا لە ڕادیۆ

تەلەڤزیونی مەهاباد، یانی پێش شۆڕشی ١٣٥٧ هەتاوی (١٩٧٩) پرۆگرامی "خاو و خێزانی" ئامادە و میوانداریتی کردووە.

بە دوای شۆڕش و لە ساڵی ١٣٥٩ هەتاوی کاری ڕاگەیاندنی لە "دەنگی کوردستانی ئێران" درێژە پێداو و لە بەڕێوەبەرانی ڕادیۆ و هەروەها میوانداری پروگرامی "وەڵامی نامەی گوێگرکان بوو.

سەرئەنجام لە ساڵی ١٣٧٣ ی هەتاوی١٩٩٤ ی زایینی لە هەندەران لە پێشدا لەوڵاتی سوید و پاشان لە وڵاتی سویس خۆ دەگرێتەوە.

کاک تەها لە دەرەوەی وڵات کتێبی" کورتە مێژووی جووڵانەوە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد" لە نووسینی دوکتۆر سادقی شەرەفکەندی لە فارسییەوە بۆ کوردی وەرگێڕا.

بە لەدەست چوونی تەها عەتیقی خەڵکی کوردستان یەکێک لە پڕ ئەزمونترین پسپۆرانی لە بەشی ڕاگەیاندن لە کیس دا. یادی هەر بە خێر بێت.

هاوکارمان سەلاح پیرۆتی بەرنامەی کورد لە تاراوگەی ئەم هەفتەیەی تەرخان کردووە بۆ ئاوڕدانەوە لە ژیانی و ئەم بەڕێزانەش میوانانی بەرنامەکە بوون:

ئەحمەد شێربەگی.
خەدیجە مەعزوری.
کاک هەیاس.
سەرچاوە: ماڵپەری بەشی کوردی ڕادیۆ ئەمریکا

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٦ی ژانویەی ٢٠١٠



# لە یادی کاک تەهای عەتیقی تێکۆشەر دا.

حەسەن حاتەمی

ساڵی ١٣٧٢ ی هەتاوی و شەوێکی ساردی پاییزی بوو. کاتژمێر لە نیوە شەو لای دابوو. لە کتێبخانەی گشتی قەڵای کۆیەی نزیک ئەرمۆتە(هەرمۆتە) - بە قەولی نەمر عەولای شەریفی "قەڵای دێموکرات"، خەریکی موتاڵا بووم.



پەتوویەکی سەوز و سپی رەنگم لە خۆم وەرگرتبوو و لەبەر فانۆسێک لە پەنا ئاشتارێک دانیشتبووم. پەنجەرەکان شۆشەیان تێنەگیرابوو. لە دەرەوە بای دەهات.
لە تەنیشتم لەپێش تا بێ شووشەی باریک و نیوە درێژەکە ڕا، کەسێک بانگی کردم : ئەوە چ دەکەی بەو درەنگ وەختە؟ ڕاچڵەکام و چاوم لە پەنجەرەکە کرد. کاک تەها بوو. داوام لێکرد بێتە لام، قبووڵی کرد. دەرکەم لێکردوە.

هاتە ژوور و دەستمان بە قسان کرد. زۆر کەس بە هاتنەخواری بەناچاری لە قەندیل نارەحەت بوون. بەڵام کاک تەها زۆرتر لە خەڵکانی دیکە نارەحەت بوو. بۆ داهاتووی حیزب زۆر بەپەرۆش بوو. ئیزن درابوو خۆی بە یو. ئێن. لە سولەیمانێ بناسێنێ. ئەوکارەشی وەک زۆر تێکۆشەری دیکە نابەدڵ بوو و پتری نارەحەت دەکرد. وەکوو خۆی کوتەنی : شەوانە باشی خەو لێنەدەکەوت و هێندێک جار، لە سەربانی قەڵا پیاسەی دەکرد یان لە حەوشەکانی قەڵا قەدەمی لێدەدا.



بنەماڵەی کاک تەهام لە مێرمنداڵیەوە دەناسی. لەکاتی خوێندنی یەکێک لە پۆلەکانی سێ ساڵی یەکەمی دبیرستان (ناوەندی)، لەگەڵ یەکێک لە براکانی هاوکلاس بووم. دوو گەڕەک ماڵمان لێک دوور بوو. بەڵام کاک تەهام لە گەرمەی شەڕی سێ مانگە دا ناسی. جارێک لەگەڵ نەمران، کاک شوان و جەعفەری کەرووبی لەماڵێکی گەڕەکی ئاشی مام ئەحمەدی(وەزیری) چاومان پێی کەوت. کاک تەها لەگەڵ نەمر کاک کەماڵی دەباغی سێ کاتژمێر قسەیان بۆ کردین.

ئێمە پێشمەرگەی پەلی شاهۆ بووین. لە عەمەلیاتەکانی شەوانە و جارجار رۆژانەی دژی داگیرکەرانی جیهادی



ئایەتوڵلا خومینی لەگەل پەلەکانی شەپۆل، نەبەز و... لە نێو شاری مەهاباد زۆر سەرکەوتوو بووین. دوای ئاگر بەستی کاتی ئەو شەڕە داسەپاوە هێندێک گیروگرفتمان بۆ دروست بوو. بە نوێنەرایەتی لە گەڵ ئەو نەمرانەی باسم کردن چووینەوە لای کاک تەها. ئەو زۆر بەجوانی گوێی بۆ قسەکانمان ڕاگرت. پاشان تەلەیفونێکی کرد و چەند خولەکێکی قسە کرد. دوای تەلەیفونەکە نامەیەکی بۆ نووسین. دوو رۆژ دواتر سێ کەسەکەمان و نەمر، رەحیمی نادر ئەحمەدی (خەبات) چوونیە دیداری دوکتور قاسملووی نەمر لەماڵە کاک مونتەقیمی قازی یاد بەخێر، هەڵکەتوو لە پشت سیلۆی مەهاباد. ماوەی سێ کاتژمێر لای ماینەوە و ڕێنوێنی بەسوودی کردین و قەولی چارەسەری گیروگرفتەکانی پێداین و...

بە هۆی ئەوەی کاک ئەحمەدی شێربەگییم پێشتر دەناسی؛ سالآنێک هاوپۆل بوین، دیپلۆممان پێکەوە وەرگرت و نزیکەی ٦ مانگی دەورە سەرتاییەکانی ئیجباریش پێکەوە بوین. لە قەندیل و قەڵا کە کاک تەها، کاک ئەحمەد و خوشکە جەجیج پێکەوە دەژیان، دەچوومە لایان . زۆریان ڕێز دەگرتم.

ئەو شەوە پرسیارێکم لە کاک تەها کرد. کوتم: ئایا ڕۆیشتنی مرۆڤێکی شارەزای سیاسی، بەئەزموونی مەزنی کۆمەڵایەتی و خەباتگێڕێکی لەمێژینە و کادرێکی بەوەجی رادیو بۆشایەکی گەورەیە بۆ رادەیۆ دنگی کوردستان و ریزەکانی حیزبی دیموکڕات نابێ؟ هەروەها دوای جەنابت بەرنامەی "ئێمە و گوێکرەکان" کێ دەنووسێ و بەڕێوەی دەبا؟ بە بزەیەکی سارد هاتەوە سەر قسان و... پێشنیارم پێکرد یارمەتیم بدا، فێرمکا، لەبەشی بەرنامەکەی خۆیدا گڕۆگاڵ بکەم. بەدڵ ئاواڵەیەوە قبووڵی کرد.

کاتژمێر لە سێی شەو تێپەڕیبوو. کاک تەها کە بەڵێنی دا، کوتی: لێرەبە ئێستا دێمەوە. دوای ماوەیەکی کورت، بە پێکەنینەوە و بەنیوە تەلیسێک نامەوە گەڕایەوە کتێبخانە. بەهاوکاری کاک تەها و دوکتور خەلیقی دوای ٣، ٤ جار بەرنامە نووسین، ورەد وردە هاتمە سەر گەڕ و پتر لە دوو ساڵ هاوکاری لاوەکی رادیۆ دەنگی کوردستان بووم.

یادی تێکۆشەر کاک تەهای عەتیقی بەڕێز بێ
بیرو هزری سەرکەوێ و ئاواتەکانی وەدی بێ.

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٧ی ژانویەی ٢٠١٠

## یادێک لەزانایی و شەهامەتو بیرو بۆچوونی شادڕەوان کاکتەهای عەتیقی.


حاجیحوسێن حەدداد


لەدوای کۆچی دوایی شادڕەوان هاوڕێ کاک (تەهای عەتیقی) چەند بەڕێز لەسایتەکاندا باسی کارو تێکۆشانی ئەو بەڕێزەیان کردووە، بەشبەحاڵی خۆم لەبەر ئەرکی حیزبی خۆمو لە یەک دوور بوونی شوێنی کارم لەو زانا شۆڕشگێڕە نەمتوانیوە لەنزیکەوە لە زانایی کاک تەهای ڕەحمەتی کەڵک وەرگرم.



بەڵام لە کۆبوونەوەکی تایبەتی کادرەکانو لەسمینارو ئاخاوتنی بەرپرساندا، بە دڵەوە گوێم لە هەڵسەنگاندنو بۆچوونەکانی کاک تەها دەگرت، بۆ ئەوەی لە خرمانی زانستی ئەو زانا بە زیپکە شتۆکێک فێرببم. بەڵام لە زانستو سیاسەتو لێکدانەوەو وەڵامدانەوەو حازر جوابیو بڕوا بەخۆبوونو شەهامەتو ڕاستگۆییو... بەداخەوە من کەمێک شەهامەتو ڕاستگۆیی لەم مرۆڤە زاناو شۆڕشگێڕە فێربووم. باشم لەبیرە، ماوەیەک بەرلەوەی کاک تەها بەرەو غەریبی بڕواتە دەرەوە ساڵی ١٣٧٣ کۆبوونەوەیەک بۆسکرتێری حیزب کە لە دەرەوە گەرابۆوە، لە قەڵای کۆیە سازکرابوو کە زوربەی ئەندامانی ڕێبەرایەتیو کادرو پێشمەرگەکانی حیزب تێیدا بەشدار بوون، بەڕێز سکرتێر ماوەی یەک سەعات لەسەر وەزعی ناوخۆی حیزبو ئێرانو ئوروپا بۆ بەشداران قسەی کرد.

دواتر بەشداران بۆ پرسیارو ڕەخنەو پێشنیار ناونووسیان کرد، کە نۆبە گەییشتە کاک تەهای ڕەحمەتی هەرچی سکرتێری بەڕێز فەرمووبووی، کاک تەها بۆی هەڵلاجی کردو هەڵەکانی دەست نیشان کردو وەستایانە بۆی ڕاست کردنەوەو ڕەخنەی گرتو پێشنیارەکانی خۆی پێڕاگەیاند.

سەبارەت بەوەزعی ناوخۆی حیزب ڕووی لە سکرتێرو ئەندامانی ڕێبەرایەتی کردو فەرمووی برادەرینە من دەمەوێ بڕۆم بۆ دەرەوە، هۆی چوونە دەرەوەی خۆم باس ناکەم، بەڵام داواتان لێدەکەم ئەو کادرو پێشمەرگانە لێیان قەوماوەو پردی دواوەیان ڕوخاوەو ڕووناکایەک بەدیناکەن، ئێوەش بەشێوەی نەشیاوو نادێموکڕاتانە زوڵمیان لێدەکەنو ئەوانیش لەبەر بێدەرەتانی ئەم وەزعە قبووڵ دەکەن، پیاوی چاک بن، واز لەو زوڵمەو زۆرە بێننو چیتر وەکوو ڕەعییەت لەو خەڵکە مەروانن، ڕۆژێک دێت کاسەی سەبریان لێوڕێژ دەبێو ماڵاواییتان لێدەکەن، ئەودەم پەشیمانی سوودی نابێ.

وێڕای سەرەخۆشی لە بنەماڵەو هاوڕێو هاوسەنگەرانیو هەزاران درود بۆگیانی کاک تەهای زاناو تواناو تێکۆشەری بە هەڵوێست.


سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی : ١٥ی ژانویەی ٢٠١٠



## بۆ کۆڕیادی کاک تەها

### پەیامی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە بۆ کۆڕیادی چلەی ماتەمینیی کاک تەها عتیقی

رۆژی شەممە، ٦ی فێوریە، چلەی ماتەمینیی تێکۆشەری دێرینی ناوریزەکانی حیزبی دێموکرات کاک تەها عەتیقی لە وڵاتی سویس بەڕێوە چوو. لەو کۆڕیادە دا کە بە ئامادەبوونی بنەماڵەی بەڕێزی کاک تەها و بەشداریی سەدان کەس لە، هاوڕێیان و دۆستانی ئەو نەمرە بەڕێوەچوو، پەیامی مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە لە لایەن دوکتور ئاسۆ حەسەن زادەوە خوێندرایەوە. ئەوەی خوارەوە دەقی پەیامەکەیە:



دۆستانی بەڕێز!

ئامادە بووانی ڕێورەسمی یادکردنەوەی تێکۆشەری لەدەستچوو کاک تەهای عەتیقی!

بنەماڵەی بەڕێزی کاک تەهای دۆست و هاوڕێ و هاوسەنگەر!

سڵاوتان لێبێ کە لەدەوری یەک کۆ بوونەوە تا لەجیاتی خۆشتان و هاوڕێ و هاوئامانجەکانی دیکەشتان ئەرکی ئەمەگناسی و پێزانین بەرامبەر بە سێ دەیە هەوڵ و خەبات و مانووبوونی تێکۆشەری هەمیشە لەیاد کاک تەهای عەتیقی بەجێ بگەیەنن. سڵاو لەگیانی نەمری کاک تەهاش کە بە مەرگی لەنەکاوو بێوادەشی دەرفەتێکی خوڵقاند تا گەلی برایانی لێکدابڕاو بەیەک بگەن و هەوڵ بدەن ئاورێک لە ڕابردوو بدەنەوەو بیرێک بۆ دوارۆژی گەلەکەیان بکەنەوە.

کاک تەهای عەتیقی کە بەداخەوە ئێستا ئیدی بەجێی هێشتووین و خەفەتی لەدەستچوونی لەدڵدا چاندووین،یادگاری زۆر شیرین و ئەزموونی شیاوی لێفێربوونی لێ بەجێ ماون. ڕەنگە کەمکەس ئەو شانسەی هەبێ ببێتە تەهای عەتیقی کە لەسەرەتای تەمەنی لاوەتیدا،ئەوکاتەی بەدەیان ساڵی مابوو ببێتە سەرپەرستی بنەماڵەیەک، وەک ڕێنوێنێکی کۆمەڵایەتیو بنەماڵەیی متمانەی هەزاران کیژو لاوو ژنو پیاوی کوردی بەدەست هێنا تا لە ڕێگای بەرنامەیەکی ڕادیۆییەوە بوخچەی دڵی لەلا بکەنەوە،گیروگرفتە تایبەتییەکانی ژیانی دەگەڵ بێننە گۆڕێو داوای ڕێنوێنیی لێ بکەن.

چەند شانازییەکی گەورەیە ئەوکاتەی مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد ئەرکی بەڕێوەبردنی ڕادیۆی دەنگی کوردستانی خستە سەر شان، چۆن بۆ هەموو پێرسۆنێلی ئەو ڕادیۆیە بوو بە براو مامۆستاو پشتوپەناو



هەمووان وەک سێمبوولی خەبات لێیان دەڕوانی. لەوەش گەڕێین کە رادیۆی دەنگی کوردستان بۆ کاک تەها ببووە کۆرپەیەکی نازەنینو شەوو شەونخوونی نەما کە تەهای عەتیقی لە پێناوی پێشخستنو پاراستنیدا نەیچێژێ.

هەر ئەوانەی دەگەڵ رادیۆی دەنگی کوردستان،یان باشتر بڵێم دەگەڵ کاک تەها لە ڕادیۆی دەنگی کوردستان ژیاون دەزانن ئەو ڕادیۆیە چەندی گیروگرفتو ڕاگوێزڕاگوێز هاتۆتە پێشو ئەو پیاوە چ ڕەنجێکی کێشاوە تا ئەودەنگەی ببووە یارو هاودەمی وردو درشتی خەڵکی کوردستان قەت بێدەنگ نەبێ. هەرئەوەندە بەسە بزانین ئەوڕادیۆیە لەماوەی بەرپرسایەتیی کاک تەهادا نیزیک بە دەجار لە ژێر زەبری هێرشو پەلاماری فڕۆکەو تۆپخانەو کاتیووشاو پیادەنیزامی دوژمندا ناچار بە جێگۆڕکە بوو ،بەڵام لەسایەی دڵسۆزیو مودیریەتی دروستی کاک تەهاو هاوکاریو فیداکاریی کادری ڕادیۆدا جگە لە تاقەڕۆژێک قەت بۆ سەعاتێکیش لە گوێگرەکانی هەڵ نەبڕا.

دوا برگەی ژیانی کاک تەهای عەتیقی کە بەجێیە ئاوڕێکی لێ بدەمەوە پێکهێنانی ژیانی هاوبەش دەگەڵ خاتوونی رووسوور ئەسمەر خانم بوو. هەموومان دەزانیین خوشکە ئەسمەرو منداڵە ئازیزەکانی چەندساڵ پێشتر بە شەهیدبوونی رۆڵەی لێوەشاوەی دێموکڕات کاک عەبدوڵڵای شەریفی هێلانەیان لێ شێواو لەئاکامدا ئاوارەی وڵاتی غەریبایەتی بوون. بەڵام ئەسمەر خانمو منداڵەکانی باشترین شاهیدن کە بەچوونی کاک تەهای عەتیقی بۆ نێو ژیانی ئەو بنەماڵەیە چۆن برینیان سارێژ بۆوەو ئەوکۆرپە ئازیزانە کە بە شەهیدبوونی بابیان نازیان لێ شێوابوو چۆن بووژانەوەو ئەو نەمرە چۆن بۆیان بوو بەبابو براو مامۆستاو هاوڕێو دۆستی گیانی بەگیانی.

ئەمن کە لەوماوەیەدا بۆم ڕێکەوت چەند    جارێک سەردانی ئەو بنەماڵە بەڕێزە بکەم، بەڕاستی هەستم بە بەتاڵیی جێگای شەهید عەبدوڵڵای شەریفی لەژیانی پڕشنگ و ڕزگارو گەلاوێژو زانیاردا نەدەکرد. بەتایبەتی کاتێک لە پێوەندیی نێوان کاک تەهاو زانیاری ساوا، بەڵام ژیرو جوان، ورد دەبوومەوە بۆم ساغ نەدەبۆوە ئەوە کاک تەهایە منداڵ بۆتەوەو بە زمانی زانیار دەدوێ یان زانیارە وەک لە کوردیدا دەڵێن ئەقڵی لەقەدەر قالبی نیەو قەرە لە قەرەی گەورەکان دەدا.

هەرچۆنێک بێ،لەکاتێکدا هەم کاک تەها لەهەرەتی پێگەیشتوویی فکریو سیاسیدا بوو و هەم بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستان زۆری پێویستی بە هەوڵو تێکۆشانی ئەو تێکۆشەرە ماندوویینەناسە هەبوو، مەرگی بەناوەخت کاک تەهای لەباوەشی گەرمی بنەماڵەکەیو گەلە مافخوازەکەی ڕفاندو ئەو کۆستە گەورەیە هەموو لایەکی تاساند. ئەوە دەگەڵ هەموو تاڵییەکەی شتێکە بەدەر لەدەسەڵاتی هەمووانو شاعیر گوتەنی مەرگە دێو دوابە هەموو شت دێنێ. گرنگ ئەوەیە کاک تەها لەدڵی هەمووواندا یادو بیرەوەریی خۆشی بەجێ هێشتووەو لەولاشەوە هەم ئەو بزووتنەوەیە کە هاوڕێی لەدەستچووومان بەشی هەرەزۆری ژیانی بۆ تەرخان کردبوو، لەگەشەو هەڵچووندایەو هەم ئەو نەمامە ساوایانەی کاک تەها دواساڵەکانی تەمەنی بۆ پەروەردە کردنیان سەرف کرد، لەغەم ڕەخسیون و پێگەیشتوون.

جارێکی دیکە سەرەخۆشی بۆ بنەماڵەی بەڕێزی کاک تەهای عەتیقیو هاوسەنگەرانیو هەموو خەڵکی کوردستان،نەمریو سەربەرزی بۆ کاک تەهاو پایەداریو بەرقەراری بۆ ئامانجە بەرزو پیرۆزەکانی. سوپاسی دووبارەشم بۆئێوە دۆستانو هاوڕێیانی وەفاداری کاک تەهای عەتیقی.

دەگەڵ ڕێزو خۆشەویستیی براتان:

عەبدوڵڵای حەسەنزادە

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی : ١٥ی فێوریەی ٢٠١٠

---

## بیرەوەرییەک لە ژیانی خۆم لە گەل نەمر کاک تەها. ئەحمەد شێربەگی.

### ئامادە کردنی: ڕزگار شەریفی

ڕۆژی شەممەی ڕابردوو ٦ی فێورییەی ٢٠١٠ زایینی بەرامبەر بوو بە ٤٠ ڕۆژ بە سەر لە ترپە کەوتنی دڵی گەورەی تکۆشەری دێرین نەمر کاک تەهای عەتیقی ،بەم بۆنەوە ڕێورەسمێکی بە شکۆ بە بەشداری سەدان کەس لە ئەوگرانی ڕێگای ئازادی بۆ ڕێزگرتن لە نەمر کاک تەها لە ولاتی سویس پێکهات. بەرێز کاک ئەحمەد شێربەگی دۆستی نەمر کاک تەها یەکێکی دیکە لە بەشدارانی ئەم کۆریادە بوو کە بیرەوەری یەکی لە ژیانی خۆی لە گەل کاک تەهاپێشکەشی بەشداران کرد.



بەشدار بوانی بەرێز! سلاوی برایەتی و ئەمەگناسیتان پێشکەش.

ئەمرۆ٦ ی فێورییەی ٢٠١٠ بەرامبەر بە١٧ ی ڕێبەندانی ١٣٨٨ ی هەتاوی پێمان نایە چلەمین ڕۆژی کووژانەوەی مۆمی تەمەنی کورت،بەلام پر لە سەروەریی تێکۆشەری دێرینی ڕێگای ئازادیی کوردو کوردستان،نەمر کاک تەهای عەتیقی.٩٦٠ کاتژمێر بە سەر ئەو کۆچە ناوادەیدا تێدەپەرێ، بەلام ئێستاشی لەگەڵ بێ، بەگومانم کە کاک تەها لە نێوما نەمابێ و ماڵئاوایی یەکجارەکیی لێکردبی.



لەو ماوەدا لە زۆر شوێن لە سەر ئەمر کاک تەها قسەم کردوە و بابەتم بڵاو کردۆتەوە. هەر چەند هەڵدەگرێ زۆر لە مە زیاتر لە سەر کەسایەتی و بیرو هزرو ئەندێشەکانی ئەو مرۆڤە تێکۆشەرو فیداکارە بگوترێ و بنووسرێ، چونکە هەموومان کاک تەها مان دەناسی و کەم و زۆر لە هەڵسو کەوت و بیروباوەری بە ئاگابووین، دەمانزانی کێ بوو، چۆن هاتو چۆن ڕۆیی. بۆیە من نامەوێ بۆ جاریکی دیکە بچمەوە سەر قسەکانی رابردووم و دیسان لە سەر ژیان و سەر بوردەی کاک تەهای ئەمر قسان بکەمەوە.

دوێنێ شەو بە تەمابووم بابەتێک بۆ ئەمرو ئامادەبکەم،تێمابووم چ بڵێم دەربڕی ئەو هەستە بێ کە سۆزی سێ ساڵ نیزیکایەتیو پێکەوە بوونی تێدا بەدی بکەم.

وەکوو موسافیرێکی بیر هەڵگرتووی شەمەنەفەرێکی تیژئاژۆی تەمەن کورتی ژیان، هەڵکورماو لە بەر پەنجەرەی واگۆنی ئەندێشە، ڕووداوەکان و بەسەرهاتەکانی ئەم سێ ساڵەم بە شەن دەکرد. دەمهەویست دانە دانە بیانهۆنمەوە و بیانخەمە داوە دەزووی ژیان و، ملوانکەیەک دروست بکەم، لە هەر چرکە ساتێکی هەر بیرەوەری یەکی تاڵو شیرینی ئەو مێژوو کورتەی تەمەن، زەنگیانەیەک هەڵبژێرمو پێوەی بکەم.

بەڵام هەرچی دەمکردو هەرچی بە ناخو قووڵایی بیرمدا ڕۆ دەچووم، نەمدەزانی کامە یەک لەو دەنکە زەنگیانانە هەڵبژێرم کە پڕ بە باڵای کەسایەتی ئەو زاتە بێتو، هەروەها ببێتە تەوەری کۆتایی ڕێورەسمی ئەو چلەی ماتەمینەو ئەو کۆڕ یادەمان.


گەرام، گەرامو گەرام، هەموو کەلێن و قوژبنی مێشکم سەنگو سووژن کرد، هەڵگێڕوا گێرو سەرەوژێرم کرد. یەکە یەکە هەڵم هاوارد.لە شەنم دا.بە دەم بای خەرمانم داکرد، بەڵام شەکەت بەدوای گەڕان،دەستە وەستان مابوومەوە، بێ هیوایی ڕووی تێکردم. ئەمجار پەنام بردە بەرئاڵبۆمی وێنەکانی شاخ و تاراوگەییمم.لە دانە دانەیان خورد بوومەوە، چاوم بە ڕێکەوتیاندا گێڕا، هەر وێنەیەک هەڵگری بیرەوەرێکی سەردەمی خۆی بوو،

دڵۆپێک فرمێسک خوی خزاندە کالانی چاوم،بە ئەسپایی و بە بێدەنگی خوشی و کەوتە سەر گۆنام،لە سەر وێنەیەک هەڵوێستەم کرد،چووم لە ناخێوە.... لە پرێکا تەزوویەک،موچورکێکو هەستێک ،نازانم لە شەوقی دیتنەوە،یان لە خەمی قووڕسی ناخم،هەموو هەستو لەشمی داگرت،فرمێسک هاتە هانام.لە دەروونمدا خۆشحاڵ لە وەیکە دەنکە زەنگیانە وون بۆکەی خۆم دیتۆتەوە.

ئە وێنەیە هەودای خەیاڵمی پەلکێشی ڕۆژێکی زۆر زۆر ناخۆش کرد.ڕۆژێک کە ڕووداوێکی تاڵو کارەساتێکی بە ژانی لێکەوتەوە.ڕۆژێک کە چارەنووسی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە ئاقارێکی دیکە دا برد و شوێنی لە سەر ڕەوتی دوارۆژی تەمو مژاویی سەختی خەبات دانا.



مـن بە گێـرانەوەی ئەو بیـرەوەری یە تـاڵە دەمـهەوێ دوو تایبەتمەنـدییو دوو هەڵوێسـتی زەق كە لە دەروونـی نەمـر كـاک تەهـا دا قوڵپیـان دەدا،ئاشكرا بـكەم.ئەو دوو تایبەتمەنـدی یە بەس بـێ بـۆ ئەوەی بە نـاخی شۆڕشـگێرانەی كـاک تەهـا دا بچیـنە خـوارێ ،هەتـا باشـتر و چـاكتر بیناسین.



یەكەم بە قـووڵایی ئیمـانی پـتەوەی كـاک تەهـا بە رێبـازی پیـرۆزی كـوردایەتی پەی بەریـن.دووهەم ورە،نەترسـی، گیانفیـداییو هەستودڵناسـكی ئەوزاتە پیرۆزە ئاشكرا بكەین.

سـاڵی ١٣٦٢ ی هەتـاوی، دەبـێ بە خوێنـاویترین و پـڕ چـالاكی تـرین سـاڵی هێـزی پێشـمەرگە و بـزووتنەوەی رزگـاریخوازانەی گـەلی كـورد لە رۆژهەڵاتـی كوردسـتان پێناسـە بكـرێ. لەم سـاڵە دا بەرەیەكـی بەریـن وبەربـلاو، بە پانتـایی كوردسـتان كرابـۆوە، هەر رۆژەی شـاهیدی خوڵقانـدنی حەماسە و قارەمـانەتێكی هێـزی لە شكان نەهـاتووی پێشمەرگە بـوون. سـاڵی سـەرنج بـدەن سـەرنج بـدەنە بە نـاو بانگەكـان بـوو. سـاڵی راوەدوونـانو تێكشـكانە یەک لەدوای یەكەكـانی هێـزە پەلاماردەرەكـانی كوردستان بوو.ساڵی زەبری كاریگەرو گورچوو بڕی هێزی پۆڵایینی پێشمەرگەبوو لە پەیكەری هێزەكانی دوژمن.


كۆمـاری ئیسـلامی كە زەبـری قورسـو گورچـووبڕی لە هێـزی پێشـمەرگە خـوارد بـوو .هەمـوو هێـزو توانـای نیزامـی خـۆی خستە گەر ،بۆ ئەوەی قەرەبووی شكستەكانی بكاتەوە.

پـاییزی ئەو سـاڵە، هێزێكـی یەكجـار زۆر پۆشـتەو پەرداخـی كـۆ كـردەوە، پەلامـاری بەریـن و بەربلاویـی خـۆی لە چەنـدین بەرەدا بـۆ سـەر نـاوچە ئـازاد كراوەكـانی نـاوچەی"ئـالانی سەردەشت"كە بـنكەی دەفتەریـی سیاسـی، نەخۆشخانە و ئینتیشـارات و رادیـۆ دەنگـی كوردسـتانی ئێرانـی لێبـوو، دەسـت پێكـرد. لە هەمـوو بەرەكـانی شـەردا هێـزی پێشـمەرگە لە سـەنگەری بەرگـری دا دامەزرابـوون. دوژمـن بە هەمە جـۆرە چەكێكـی قـورس ،بسـت بە بسـتی نـاوچەی ئـالانی دەكوتـا. پێشـمەرگەش بە خـوێنی گەشـی خـۆی پارێزگـاری لە بست بە بسـتی ئەو نـاوچەیە دەكرد.بەرەنگـاریی شۆڕشـگێرانەی هێـزی لە شـكان نەهـاتووی پێشـمەرگە بە رادەیەک بـوو كە هێزەكـانی كۆمـاری ئیسـلامی بە تەواوی دامـاوو دەسـتە وەسـتان ببوون.

لە سـەر بڕیـاری سـەركردایەتی حیزبـی دێمـۆكراتی كوردسـتانی ئێـران، بنكەكـانی حیـزب لە گەڵ ئەوەی كە لە ئامـادە باشی تەواو دابوون، زۆرێكیش لە بنكەكان سووک كرابوون و بەرەو باشووری كوردستان كە ناوچەیەكی چۆلكراووبە



دوور لە ئاوەدانی بوو، راگوێزرابوون. لەبنکەی رادیۆ ئینتیشاراتیش کە لە ناو خێوەت دابوو، بۆ ئەم مەبەستە کۆبوونەوەیەک پێکهات، لەو کۆبوونەوەیەدا باس لە وەکرا کە دەنگی کوردستانی ئێرانیش خۆی بۆ کشانەوە بۆ ناوچەی چۆلکراوی باشووری کوردستان ئامادە بکاو ئەم کارەش هەرچی زووتربکرێ باشترە، لەم کۆبوونەوەیەدا ژمارەیەک لە کادرو پەرسۆنێلی کۆمیسیۆنی رادیۆ و ئینتیشارات بە رۆیشتن و چۆلکردنی ناوچەی ئالان بە م شیوەیە رەزایەتیان نەداو بریاری مانەوەیان دا. نەمر کاک تەها یەکێک لە وانە بوو کە دەنگی خۆی لە دژی ئەو داوایە دەربڕی. زۆر ئازایانە و باوەر بە خۆ رایگەیاند: خوێنی من لە خوێنی ئەو پێشمەرگەیەی کە ماوەی مانگە نیوێکە لە کێوی "نۆڕی"وەک شوورەیەکی پۆلایین ڕاوەستاوە و سەنگەری گرتووەو بە خوێن و گیانیی خۆی پارێزگاری لە ئێمە دەکا. رەنگینتر نیە. هەتا یەک پێشمەرگە بەو کێوەوە مابێ، منیش دەمێنمەوە، هەر کەس پێی خۆشە با بروا، رادیۆ دەبێ دوایین ئۆرگانی حیزبی بێ کە ناوچەی ئالان بە جێ دێڵێ. لێبڕاوی نەمر کاک تەها ، بۆ مانەوە وای کرد ژمارەیەک لە گەڵی هاوڕا بن و ژمارەیەکیش بڕون. بەم جۆرە چەند کەسێکمان کە لە قامکەکانی دەست تێنەدەپەرین، بریاری مانەوەمان دا. رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران هەموو رۆژێ لە ژێر رەهێڵەی ئاوری قورسدا هەواڵیی چالاکیەکانی هێز ی بە ورەو کۆڵنەدەری پێشمەرگەی بە گوێی خەڵکی کوردستان دەگەیاند، مانەوەی رادیۆ هەم خەڵکی ناوچەی ئالانی هۆمێدەوار کردبوو، هەم کۆماری ئیسلامی ئێرانی هەراسان.



سەر ئەنجام کۆماری ئیسلامی ئێران بڕیاریی دوایی خۆی بۆ گرتنەوەی کێوی "نۆڕی"دا کە نۆختەیەکی ستراتیژیکی ناوچەی ئالان بوو. رۆژی سێ ی خەزەڵوەر، هێزێکی زۆر و تازە نەفەسی لە هەموو ناوچەکانی ئێران را کێشایە ناوچەی ئالان، هێزە پەلاماردەرەکان لە ژێر پشتیوانی ئاوری توندی تۆپ و کاتیۆشا و لە ژێر چەتری ئاوری خەستی مووشەکی هێلی کۆپتێر دادەستیان بە پێشرەوی بۆ سەر سەنگەری پێشمەرگەکان لە بەرزایی "نۆڕی" کرد. لە خۆلەکێکدا دەیان مووشەکی کاتیۆشا، گوللە تۆپ، خۆمپارە و مووشەکی هێڵی کۆپتێر لە ناو سەنگەری پیشمەرگە نەبەزەکاندا دەتەقینەوە.شەرێکی توند بەڵام نا بەرامبەر لە نێوان هێزی بەورە و بە ئیمانی پێشمەرگە لە لایەکوو، لەشکری زۆرو پۆشتەو پەرداخی کۆماری ئیسلامی لە لایەکی دیکەوە دەستی پێکرد. شەر لە گەرمەی خۆی دابوو، خەریکی تۆمار کردنی بەرنامەکانی دەنگی کوردستانی ئێران بووین، هێشتا چەند خولکێک بۆ کۆتایی بەرنامەکان مابوو، کە رێبەریی بە ورە و نەترس و رۆڵەی رۆژی تەنگانە و لێقەومان، شەهید کاک دوکتور سەعید کە ئەوکاتە بەرپرسی کۆمیسیۆنی تەشکیلات بوو، بەڵام لە دژوارترین هەل و مەرجدا چاوو دڵی لە گەڵ دەنگی کوردستان دەگەرا.

بە هەڕەمە لە خێوەتەکەمان وەژوور کەوت و فەرمووی: کوڕینە وادیارە دەبی خۆمان کۆکەینەوە و بڕۆین، بە



گوێرەی دوا هەواڵ کێوی نۆڕی لە لایەن دوژمنەوە گیراوە، پێشمەرگە لە کاتی پاشەکشەدایە. ئەم هەواڵە بە جارێک تاساندینی، هەرچۆنێک بوو پاشماوەی بەرنامەکانمان تۆمار کرد، هێندەی پێنەچوو هێزی پێشمەرگە ،شەکەت، ماندوو، تۆزاوی، خەمناک و لێو بەبار داکشانە خوارێ، ئەم دیمەنە تاڵترێن و بە ژانترینی ئەو دیمەنانە بوو کە دەمان دیت، ئەوەی لە وێ بوو وەکوو ژێی کەوانی وێکهاتبوو، چاو بە فرمێسک و دڵ پڕ لە ژان، خێوەتمان خستە خوار، هەرکەسە ئەوەی بۆی دیاری کرابوو بە ئەرکی خۆی هەستاو باروبنەی بە کۆڵەوە نا.

سەرنجێکی کاک تەهام دا.کە لە سیمای خورد بوومەوە.چ ببینم، کاک تەها ئارام دەگریا. بەر لە وە هیچکات کاک تەهام نەدیتبوو فرمێسک لە چاوانی چزێ. هیچکات نەمدیتبوو فرمێسک رووماى تەڕ کا،زۆر جار کە کزو ماتم دەدی، دەمزانی شتێک هەژاندوویەتی.دەمزانی خەمێکی گەورە لە دەروونیدا لە هەڵچووندایە.دەمزانی بە دەم ژانی ئەو خەمەوە دەتوێتەوە،بەڵام نەمدی دڵۆپێک فرمێسک هەڵرێژێ.

زۆر چاک دەمزانی چەندە بە هەست و بە رەحم و دڵناسکە، دەمزانی چەندە بە داخو بە پەرۆشە بۆ لە دەستدانی پێشمەرگەیەک، دۆستێک، دایکێک، سووتانی گوندێک، کەوتنی دارێک، لە نووزە کەوتنی کانی یەک، ئەو رۆژە کە تەلیس وگۆنیە پڕ لە کاسێت و شریتەکانی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێرانی لە کۆڵ نابوو، ویستی دیسان نەگری، ویستی ئەمجارەشیان فرمێسکەکانی بخنکێنێو نە هێڵێ هەناسە هەڵکێشن.بەڵام کارەساتەکە لە وە بە هێزتر بوو، بتوانێ لە بەرامبەری دا خۆی رابگرێ. لە وە بەژانتر بوو،کانی فرمێسکی نەتەقێتەوە.

کاک تەها گریا،بە بێدەنگی گریا، وەکوو دایکێکی رۆڵە شەهیدی وونبوو گریا، وەکوو کۆرپەڵەیەکی بەر مەمکی دایکێکی بێچۆڕی شیر گریا، وەکوو ئەوینێکی جوانەمەرگی خەزان دیتوو گریا.

نەمر تەها بە دەم هەنگاو نانەوە دەگریا، بە دەم خۆزگەو هیوا بە جێماوەکانی دا دەگریا، بە دەم بیرەوەری یە تاڵو شیرینەکانی دا دەگریا.


ئاخە کاک تەها مرۆڤ بوو. مروڤێکی بە هەڵوێست و باوەرمەند بوو. مرۆڤێکی خاوەن تێگەییشتنبوو، دەیزانی هۆی ئەو گریانەی چی بوو. لە قووڵایی تراژیدیە کە گەیشتبوو، ئەو دەزانی لە پاش بڕینی ئەو سنوورە دەستکردە چ داهاتوویەک و چ چارە نووسێکی نا دیار لە بۆسەو کەمینی بزووتنەوەی کورد دایە.



# دەقی قسەکانی زانیار

سڵاوتان لێ بێ بەڕێزان، بەخێرهاتنی هەمووتان دەکەم.

زۆر لەو شتانەی کە من دەمهەویست باسیان بکەم، پرشنگ باسی کردن، بۆیە من تەنیا چەند بیرەوەری یەکی خۆم و کاک تەهاتان بۆ دەگێرمەوە چونکە پێمخۆشە کە لە یادی کاک تەهایدا بەشدار بم.



ئەو کاتەی کە کاک تەها هات بۆ سوئیس من زۆر منداڵ بووم بۆیە لە هەموو ڕۆژە گرینگەکانی ژیانم دا لەگەڵم بووە وەک یەکەمین ڕۆژ کە چووم بۆ باخچەی منداڵان و دوایەش کە چووم بۆ قوتابخانە.

ئەگەر ئێمە لە کوردستانەوە هاتین بۆ سوئیس من تازە ببووم بە دوو ساڵ. بۆ کاک تەهای زۆر گرینگ بوو کە کوردی باش فێر بم و بزانم بە زمانی خۆم بنووسم و بخوێنمەوە، بۆیە کاک تەها داوای کرد کە لە کوردستانەوە کتێبی کوردیم بۆ بێت. کاک تەها مامۆستای من بوو.

لە ماڵێ لەگەڵ کاک تەها پێنج کلاس دەرسی کوردیم خوێند. هەمیشە دەیکوت کە زمانی کوردی تەنیا شتێکە کە ماوەمانە و دەبێ هەموومان بیپارێزین. ئەگەر منداڵی کوردی دەدی کە بە کوردی پێکەوە قسەیان نەدەکرد زۆری پێناخۆش دەبوو و دەیکوت منداڵی تورک بە تورکی قسان دەکەن و منداڵی عەرەب بە عەرەبی قسان دەکەن تەنیا منداڵی کورد پێکەوە بە کوردی قسان ناکەن.

کاک تەها کاریگەری گەورەی هەبووە لە سەر خۆم و لە سەر ژیانم. هەمیشە دەیکوت دەبێ بخوێنم هەم بۆ خۆم، هەم بۆ وڵاتەکەم. هەر مامۆستای کوردیم نەبووە، مامۆستای تەواوی ژیانم بوو. هەرە زۆری ئەوەی دەیزانم لە کاک تەهاوە فێری بووم. بێجگە لە خوێندن بۆ وەرزش و بۆ کتێب خوێندنەوەش هانی دەدام و زۆرجار بۆ خۆی کتێبی بۆ دەکریم.

بەشی هەرە زۆری ژیانم لەگەڵ کاک تەهای بووم و بیرەوەری زۆرم لەگەڵ کاک تەها هەیە بەڵام ناتوانم ئێستا لێرە هەمووی بگێرمەوە، بەڵام قەت بیرەوەری یەکانم لەبیر ناچنەوە و کاک تەهاشم قەت لە بیر ناچێتەوە.

زۆر سوپاس

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی : ١٠ی فێوریەی ٢٠١٠



# دەقی وتەکانی پرشەنگ شەریفی لە چلەی ماتەمینیی نەمر کاک تەها عەتیقی دا

ئامادەکردنی: رزگار شەریفی

وێڕای سڵاو لە ئێوە بەڕێزان، بەخێرهاتنی هەموو لایەکتان دەکەم و سوپاستان دەکەم کە لێرە ئامادەن بۆ ئەوەی کە بە یەکەوە یاد لە کاک تەهای عەتیقی خۆشەویست بکەینەوە و ڕێز بگرین لە خەباتی دەیان ساڵەی ئەو کاک تەهایەی کە کات و ساتە هەرە گرینگەکانی ژیانی بۆ خەبات لە پێناو وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی گەلە ستەمدیدەکەی تەرخان کرد.



بێگومان لە ڕۆژێکی وەک ئەمڕۆدا و لە بۆنەیەکی ئاوەها دا قسەکردن لەسەر زاتێکی مەزنی وەک کاک تەهای خۆشەویست بۆ من هەروا سانا نیە. بەڕاستی ئەوە دژوارترین ئەرکە کە تا ئێستا بە من سپێردرابێت یان کە هاتبێتە سەر ڕێم. ئەویش لە بەر ئەوەی کە من خۆم و وشەکانم لە بەرامبەر مرۆڤێکی گەورەی وەک کاک تەهای خۆشەویست و بۆ قسەکردن لەسەر کەسایەتیەکی بەرزی وەک ئەو نەمرە بەڕاستی زۆر بە بچووک دەزانم،ئەوە

لەلایەکەوە، لە لایەکی دیکەشەوە لە ماوەی ئەو نیزیک بە یازدە ساڵەی کە ئێمە شانازی پێکەوە ژیان لەگەڵ کاک تەهای خۆشەویستمان هەبووە لە هەر ڕۆژێکدا بە دەیان بیرەوەری شیرینم لەگەڵ ئەو نەمرەدا هەیە و ئەگەر بڵێم لە هەر ڕۆژێکدا بە دەیان دەرسی لێوە فێربووم، بەڕاستی زیادەم نەکوتووە جا بۆیە نازانم لە کوێدا کۆتایی بە قسەکانم بهێنم.

ئەگەر بمهەوێ باس لە تواناکانی کاک تەهای خۆشەویست بکەم یان لە زانایی و لە هەڵکەوتوویی و یان لە ئەخلاق و لە پرەنسیپە بەرزەکانی، دەتوانم بە ساعەتها لە سەر هەریەک لەوانە بدوێم بەڵام بەداخەوە ئەوە لە ڕێ و ڕەسمێکی ئاوە کورتدا ناکرێت بۆیە من لێرەدا زیاتر باس لە چۆنیەتی ناسینی کاک تەهای بەڕێز و لە کاریگەریی ئەو لە سەر ژیانی خۆم دەکەم، چونکە ئەگەر باسیش لە کاریگەریی ئەو نەمرە لەسەر هەریەک لە خوشک و براکانم بکەم، ئەوەش کاتێکی زۆرتری پێویستە و ئەمڕۆ لێرەدا ناکرێ.

هەروەک ئێوەی بەڕێزیش ئاگادارن، ئێمە لەسەرەتای ساڵی ١٩٩٩ وە شانازی ژیان لەگەڵ کاک تەهای خۆشەویستمان هەبووە. پێش هاتنی بۆ وڵاتی سوئیس کاک تەهای نەمر ماوەی پێنج ساڵ بوو کە لە وڵاتی سوئێد نیشتەجێ ببوو. ئەو ڕۆژەی کە کاک تەهای ئازیز هات بۆ ئێرە من زۆر باش لە بیرمە. کاک تەها کە هات لەگەڵ



هەموو منداڵەکان، بێجگە لە زانیار کە زۆر منداڵ بوو لە پێشدا بە جوودا و دواتر لە ناو کۆمەڵێک کەس دا قسەی کرد و لێیپرسین داخوا ئێمە رازین بەوەی کە ئەو بێتە ئێرە و هەموومان بە یەکەوە دەست بە ژیانێکی نوێ بکەینەوە. ئێمە هەموومان بەوپەڕی خۆشحاڵیەوە، هەر لە یەکەمین ڕۆژەوە کاک تەهامان وەک ئەندامێکی سەرەکی بنەماڵەکەمان قبوول کرد، بە شاهیدی ئەو کەسانەی کە ئەو ڕۆژە لە ماڵی ئێمە بوون و ئێستا لێرەش حزوریان هەیە. بەڕاستی ئەوە خۆی لە خۆیدا گەورەیی کاک تەها دەگەیەنێت کە ئەو هەرچەند کە ئێمە منداڵ بووین بەڵام ڕێزی لە بیر و بۆچوون و هەست و ئیحساسی ئێمە گرت و حازر نەبوو کە بەبێ ڕەزامەندی ئێمە بێتە ئێرە و لەگەڵ ئێمەدا بژیت.

من لە سەفەرێکدا کە لە ساڵی ٢٠٠٣ بۆ یەکەمجار پێکەوە بۆ وڵاتی سوئێد کردمان، بە چاوی خۆم دیتم کە کاک تەهای خۆشەویست لە پێناو ئێمەدا و بۆ ئێمە چیها و چ کەسانێکی بەجێهێشتووە. کاک تەهای نەمر لە ماوەی ئەو پێنج ساڵەی کە لە وڵاتی سوئێد ژیابوو، زۆر باش چووبووە پێش و خۆی زۆر باش لەگەڵ ئەو هەل و مەرجە نوێیەدا گونجاندبوو، یانی هەرچی بۆ مرۆڤ گرینکە ئەو هەیبوو. زمانی سوئێدی تا ڕادەیەکی زۆر باش فێر ببوو، کاری باشی هەبوو و لە هەموو ئەوانەش گرینگتر بەشێکی هەرە زۆر لەو کەسانەی کە هاوڕێی سەردەمی منداڵی و لاوێتی و ڕۆژە سەختەکانی ژیانی بوون لەوێ دەژیان و کاک تەهایان لە دڵەوە خۆش دەویست، بەڵام کاک تەها بۆ ئێمە و لە پێناو ئێمەدا هەموو ئەوانە و ئەو کەسانەی بەجێهێشت و هات لەگەڵ ئێمەدا ژیانێکی نوێی دەسپێکرد، دەتوانم بڵێم کە ئەوانی هەموو فیدای ئێمە کرد. لەو ساڵەوە بەڕاستی هەمیشە بۆ من پرسیار بووە کە دەبێ لە ناخی مرۆڤێکدا یان باشتر بڵێم لە ناخی کاک تەهای ئازیزدا چەندە خۆشەویستی بەرامبەر بە ئێمە هەبووبێت و یان دەبێ مرۆڤێک چەندە لەخۆبووردوو و فیداکار بێ هەتا بتوانێ کە کارێکی ئاوەها بکات و هەرچی هەیەتی فیدای کەسانێکی دیکەی بکات. ئیتر لەو کاتەوە من لە لایەکەوە زۆر خۆشحال بووم بە هاتنی کاک تەهای خۆشەویست بۆ نێو ژیانی خۆمان، بەلام لە لایەکی دیکەوە هەستم بە شەرمەزاری دەکرد چونکە دەمزانی کە قەت ناتوانم فیداکاریەکی لەوچەشنەقەرەبوو بکەمەوە. بەڕاستی پێش ئەوەی کە کاک تەهای خۆشەویست بێتە ناو ژیانمانەوە، لە ڕۆژ و ساڵە هەرە سەختەکانی ژیانمان بووە. هەروەک پێشتریش باسم کردوە ئێمە بەهۆی کارەساتی جەرگبڕی شەهید بوونی نەمر عەولا شەریفی باوکم و بەهۆی دوورکەوتنەوە لە وڵات و لە دۆستان و لە هاورێیان کە هەمووی لە ماوەیەکی کورتدا ڕوویدا، وەک نیمچەمردوومان لێهاتبوو و پێکەنینمان لەبیر چووبۆوە بەڵام ئەوە کاک تەهای خۆشەویست بوو کە بە هاتنی بۆ نێو ژیانی ئێمەوە لەو حالەتە رزگاری کردین و فێری دووبارە ژیان و پێکەنینی کردینەوە و هەڵێستاندینەوە.

پێش ئەوەی کە کاک تەهای خۆشەویست بێتە ئێرە، من لە کوردستان دووجاری دیکە لە نیزیکەوە دیتبووم. دەتوانم بڵێم کە بەگشتی لە نێوان من وکاک تەهای نەمردا سێ بەیەکگەیشتن هەبووە، ئەویش لە سێ شوێنی جیاوازدا و لە سێ هەل و مەرجی جیاوازدا.



بێگومان" دەنگی کوردستانی ئێران" بو هەموومان دەنگێکی ئاشنایە و زۆرن ئەوانەی کە بە بەردەوامی گوێگری ئەو ئۆرگانە خۆشەویستە بوون و ئۆگری بوون و هەن. منیش لەبەر ئەوەی کە لەناو بنەماڵەیەکی پێشمەرگەدا لە دایک بووم و سەردەمی منداڵیم لەناو شۆرشدا بەسەربردوە، هەر زۆر زوو لەگەڵ ئەو دەنگە خۆشەویستەدا ئاشنایەتیم پەیدا کرد. بەڵام دەتوانم بڵێم کە خۆشەویستی من و ئۆگری من بۆ ئەو ڕادیۆیە لە هەموو کەس زیاتر بووە، بەڕاستی من پەیوەندیەکی رۆحی تایبەتیم هەبوو لەگەڵ دەنگی کوردستانی ئێران، ئەویش لە بەر ئەو هۆیەی کە بۆتان باس دەکەم :شەهید عەولای شەریفی باوکم زۆربەی کاتەکان لەگەڵ پێشمەرگەکاندا دەچۆوە بۆ ناوچە. لەو ماوەیەی کە ئەو لە ناوچەدا دەبوو کە جاری وابوو چەند مانگێکی دەخایاند ئێمە هیچ پەیوەندیەکمان لەگەڵیدا نەدەما چونکە هیچ ئامرازێکی پەیوەندی گرتن ئەوکات بۆ ئێمە نەبوو.لەبیرمە کە ئەگەر پێشمەرگەیەک بریندار بووبایەو بیانهێناباوە باوکم نامەی بۆ دەناردین دەنا تا ئەو کاتەی کە دەگەرایەوە، تەنیا پردی پێوەندی نێوان ئێمەو باوکمان دەنگی کوردستانی ئێران بوو، ئەویش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ. یانی ئێمە تەنها لە ڕادیۆوە ئاگاداری چالاکیەکانی باوکمان و پێشمەرگەکانی دیکە و دەتوانم بڵێم مان و نەمانی باوکمان دەبووین. بۆیە من بە بەردەوامی لەگەڵ دایکمدا گوێم لەو دەنگە خۆشەویستە دەگرت. لەبیرمە کە ئەگەر لەگەڵ منداڵان لە کایە کردن بوومایە و یان لە هەر شوێنێکی دیکە، پێش دەسپێکردنی بەرنامەکانی ڕادیۆ دەگەڕامەوە ماڵەوە و لەگەڵ ئەوەی کە لە نێوەرۆکی زۆربەی بەرنامەکان حاڵی نەدەبووم، لە سەرەتاوە تا کۆتایی بەرنامەکان گوێگری دەبووم. ئیتر ئەوە دایکرد کە دەنگی کوردستانی ئێران رۆژ لەگەڵ ڕۆژ لەلام خۆشەویستر ببێت و لەگەڵ ئەویشدا هەموو ئەو کەسانەی کە دڵسۆزانە بۆ ڕاپەراندنی کارەکانی رادیۆ زەحمەتیان دەکێشا و من لەو منبەرەوە گوێبیستی دەنگە زوڵاڵەکانیان دەبووم.بەڕاستی گەورەترین ئاواتی سەردەمی منداڵی من ئەوە بوو کە لە نیزیکەوە کادرەکانی ڕادیۆ ببینم بە تایبەت کاک تە های عەتیقی خۆشەویست، کاک ئەحمەد شێربەگی و خوشکە خەجیجەی مەعزوور کە هەموویان لەلام بەرێزن . باوکم لە نیزیکەوە دەیناسین و هاورێیەتی لەگەڵیاندا هەبوو. ئەوان هاوماڵ و هاومزل بوون. لەبیرمە زۆرجار کە باوکم لە لای ئەوان دەگەڕایەوە و من پێمدەزانی کە سەردانی کاک تەهای ئازیز و هاورێیانی کردووە، دەسبەجێ دەچوومە لای و لێمدەپرسی کە داخوا دەبێ کاک تەهای خۆشەویست و هاورێیانی چۆن بن، چ قیافەیەکیان هەبێ و زۆر پرسیاری تر کە بۆ منداڵێک پرسیارن. ڕۆژێک باوکم گەڕایەوە ماڵەوە و بانگی کردم و هەواڵی ئەوەی پێدام کە کاک تەها ی ئەمرو هاورێیانی دێن و دەبنە میوانمان. بەڕاستی ئەو رۆژەی کە ئەوان هاتن، پێموایە کە کاک ئەحمەدیش باشی لە بیرە، یەکێک لە هەرە خۆشترین ڕۆژەکانی ژیانم بووە، چونکە ئەو ئاواتەی منداليم وەدیهات. بۆخۆتان دەزانن کە هیچ شتێک وەک حەز و ئارەزووی منداڵی نیە. من ئەو رۆژە ئەوەندە لێیان ورد ببومەوە و گوێم لێرادەگرتن تا بزانم داخوا ئەو دەنگانە لەو دەنگە زولالانە دەچن کە من لە رادیۆوە گوێبیستیان بووم، کە پێموایە ئێستاش قیافەیانم لە بیر ماوە. کاک تەهای خۆشەویستم ئەو رۆژە ئاوا دیت وەک لەوێنەکان دا دەبینرێ، مرۆڤێکی هەتا بلێی خۆش ئەخلاق، خۆش بەرخورد، سادەو ساکار بە تایبەت لە جل و بەرگ پۆشیندا و لە هەمان کاتیشدا قسە خۆش، زمان شیرین و لێو بە بزەو پێکەنین.

هەر ئەوەندەی کە ئەو رۆژە بە لامەوە خۆش بوو، دە ئەوەندە و بەڵکو زیاتریش جاری دووەم کە کاک تەهای

خۆشەویستم دیتەوە، بەلامەوە سەخت و ناخۆش بوو. ئێمە لە قەندیل نەمابووین. سالی ١٩٩٤ بوو و حیزبی دێموکرات ناچار کرابوو کە بنکەو بارەگاکانی لە قەندیلەوە بۆ کۆیە بگوازێتەوە و کاک تەهای نەمریش بریاری دابوو کە بەیەکجاری بێتە دەرەوەی وڵات. ئەو کات کە من کاک تەهای خۆشەویستم دیتەوە ئەو بۆ ماڵ ئاوایی کردن هاتبوو. من لەوەی کە ئیتر گوێم لە دەنگە ناسک و بەسۆزەکەی نەدەبۆوە، بەراستی زۆر نارەحەت بووم. ئەو کات قەت بە بیری منی منداڵدا نەدەهات کە ڕۆژێک لە ڕۆژان چارەنووس لێرە ئێمە بەیەک دەگەیەنێتەوە و ئەو کاک تەهایەی کە من لە سەرەتادا تەنیا شەیدای دەنگی بووم، بۆ من دەبێ بە باوک، بە نزیکترین هاوڕێم و بە یەکێک لە هەرە گرینگترین مرۆڤەکانی ژیانم..

کاک تەهای عەتیقی بەڕاستی بۆ ئێمە باوک بوو. لە هەر کارێکدا کە کردوومانە، لە هەر هەنگاوێکدا کە بۆ پێشەوە هەڵمانهێناوە، کاک تەهای نەمر لە پشتمانەوە بووە و بە تەواوی توانایەوە پشتگیری لێکردووین. ئەگەر لە کارێکدا گومانم لە سەرکەوتن تێیدا هەبووایە، ئەوە کاک تەها بوو کە هیوای پێدەبەخشیم و ئەو هێزە بوو کە پاڵی پێوەدەنام. ئەگەر وجوود و پشتیوانی کاک تەهای خۆشەویست نەبوایە، من و ڕزگار و گەلاوێژ چۆن دەمانتوانی کە بە ویژدانێکی ڕاحەتەوە لە ماڵەوە دوور بکەوینەوە و هەرکەسەی لە شارێک بە مێشکێکی ئاسوودەوە درێژە بە خوێندن و کارو ژیانی خۆی بدات؟ بۆیە ئەگەر لە ژیانماندا سەرکەوتنێکمان بەدەست هێنابێ و یان کورد گوتەنی شتێکمان بە شتێک کردبێت، بەشی هەرە سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پشتیوانیەی کە کاک تەهای خۆشەویست لێیکردووین. بێگومان من قەت ناتوانم کە تکۆڵی لە ڕۆڵی بەرچاوی شەهید عەولای شەریفی باوکم و لە کاریگەری ئەو نەمرە لە سەر ژیان و یان لە سەر کەسایەتی خۆم بکەم، بەڵام دەتوانم بە لەبەرچاو گرتنی تەمەن و ئەو ماوەیەی کە من شانسی ژیان لەگەڵ ئەو دوو زاتە گەورانەمدا هەبووە، بەڕاشکاوی ئەوە بڵێم کە کاریگەری نەمر کاک تەهای عەتیقی لەسەر ڕەوتی ژیانم و کەسایەتیم زیاتر بووە. ئەوە ڕاستیەکە و من نامهەوێ حاشای لێبکەم. ئەگەر من پێناسەی باوک بکەم، بۆ من باوک ئەو کەسەیە کە ئەو تایبەتمەندیانەی باسم کردن، لە ئەودا هەبێت، دڵسۆز و غەمخۆر و لێبووردە بێت. جا هەربۆیە کاک تەهای نەرمیش باوکمان بوو. باوکێکی هەتا بڵێی غەمخۆر بۆ داهاتوومان و بەخشەندە و مێهرەبان.

ئەگەر ئێستا یەک نموونەتان لە پشتیوانیەکانی کاک تەهای خۆشەویست بۆ بهێنمەوە سەرتان لە گەورەیی ئەو نەمرە دەسوڕێت و لەوانەشە باوەڕ نەکەن. ڕۆژێکیان پرۆژەیەکم بۆ باس کرد و کوتم حەز دەکەم لێکۆڵینەوەیەکی یاسایی بکەم لەمەڕ مافی ژن لە ئیسلامدا بە زمانی ئەڵمانی، چونکە پێموایە کە ژن هیچ مافێکی نیە. کاک تەهای خۆشەویست هەر زۆر تەشویقی کردم و کوتی کارێکی زۆر باشە حەتمەن ئەو کارە بکە. پێشنیاری کتێبێکی پێکردم بە ناوی "٢٣ ساڵ" لە نووسینی "علی دشتی" کە بیخوێنمەوە. منیش کە کتێبەکەم دیت، دیتم کە بە فارسی نوسراوە. کوتم کاک تەها گیان زۆر باش حاڵی نابم لە فارسی، پێویستم بە یارمەتی هەیە. کوتی باشە یارمەتیت دەکەم. دەمدیت ماوەیەک شەوانە تا درەنگ دادەنیشێت و خەریکی نووسینە، من بەراستی نەمدەزانی کە چ دەنووسێت هە تا ڕۆژێکیان بانگی کردمە لای خۆی و کوتی ئەوە ئەو کتێبەم بۆ وەرگێراویە سەر زمانی کوردی تا بتوانی بۆ کارەکەت



وەک سەرچاوە کەڵکی لێوەرگری. کاک تەهای خۆشەویست دوو لەسەر سێی ئەو کتێبەی وەرگێڕابوو، بەڵام بەداخەوە ئێستا یەک لەسەر سێی لە لای من ماوە. من کە ئەوەم دیت زۆر سەرم سوڕما و نەمدەتوانی باوەڕ بکەم چونکە قەت شتی ئاوا نەک هەرنەمدیتبوو، بەڵکو نەشمبیستبوو. کوا کام باوک کارێکی ئاوەهای بۆ کچەکەی خۆی کردووە؟ بەڕاستی ئێمە هەمیشە بە کاک تەهای نەمرەوە زۆر پشت ئەستوور بووین. کاک تە ها بۆ ئێمە هەمیشە قەڵایەک بووە کە ئێمە پاڵمان پێیەوە داوە.

نەمر کاک تەهای عەتیقی لە هەمان کاتدا کە باوک بوو بۆ من، نیزیکترین هاوڕێشم بوو. ئەگەر من کێشەیەکم هەبووایە، ئەگەر لە کارێکدا پێویستیم بە یارمەتی هەبوایە و یان بە کەسێک کە گوێم لێڕابگرێ و یان کەسێک کە ئەو شتەی لە دڵمدایە و بمهەوێ لە لای بیدرکێنم، بیدرکێنم، من وەک کەسی یەکەم هەمیشە دەچووم بۆ لای ئەو داوای یارمەتیم لەئەو دەکرد. چونکە بەڕاستی لە دڵسۆزی کاک تەهای خۆشەویست دڵنیا بووم ئەوە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەوە لە نێوان ژیانی منداڵی و لاوێتی کاک تەهای نەمردا و ژیانی من زۆر شتی هاوبەش هەبوون کە ئێمەیان لەیەکتر نیزیکتر دەکردەوە لەوەی کە هەمیشە هەبووین. بێجگە لە وانەش من زۆر سفەتی جوان و بەرز کە لە شەهید عەوڵای شەریفی باوکمدا بەدیمکردبوون، لە کاک تەهای نەمریشدا دۆزیمنەوە وەک: قسەخۆشی، زمان شیرینی، هێمنی و لەسەرەخۆیی و بیرفراوانی کە زۆر بەلامەوە گرینک بوو. ئەوانە کاک تەهایان ئەوەندەی دیکە لە لای من خۆشەویستتر کردبوو..

من لەوەی کە دوو باوک و دوو مامۆستای بێ وێنەی وەک شەهید عەوڵای شەریفی و کاک تە های عەتیقی نەمرم هەبووە، خۆم بە بەختەوەرترین مرۆڤ دەزانم. لە هەمان کاتیشدا لەوەی کە بوارم نەبووە زیاتر لەگەڵ ئەو دوو زاتە گەورەیەدا بژیم بۆ ئەوەی کە زیاتر لە باوەشی پڕ لە سۆز و خۆشەویستیاندا بحەسێمەوە، ئەو باوەشانەی کە هەمیشە بۆ من و بۆ غەمەکانی من واڵا بوون و یان بۆ ئەوەی کە زیاتر لە بیر و هزریان سودمەند بم، داخداری هەتاهەتایم.

لە کۆتاییدا دەمهەوێ ئاماژە بە شتێک بکەم چونکە زۆر ئەو پرسیارەم لێکراوە داخوا نەمر کاک تەهای عەتیقی بێجگە لە وەرگێرانی کتێبی "کوردستان و کورد" و "کورتە مێژووی بزوتنەوە نەتەوایەتیەکانی کورد" ی نەمران قاسملو و شەرەفکەندی هیچ چالاکیەکی دیکەی لە بواری نووسیندا هەبووە. بێگومان، کاک تەهای نەمر بە دەیان وتار و بابەتی بەکەڵکی نووسی و بڵاوی کردنەوە. لەوانەیە زۆربەی ئەو کەسانەی کە بە کوردی دەخوێننەوە، نووسینەکانی کاک تەهای نەمریان خوێندبێتەوە بەڵام نەیانزانیبێ کە هی ئەوە چونکە نەمر کاک تەها بە ناوی خۆیەوە شتی بڵاو نەدەکردەوە. زۆر لەو نووسراوانەی پێش بڵاو کردنەوە بە من داوە تا بیانخوێنمەوە. جارێکیان لێم پرسی کاک تەها گیان بۆ بە ناوی خۆت نووسراوەکانت بڵاو ناکەیەوە. لە وەڵامدا کوتی بابەتەکانم زیاتر مێژوویین و گرینگ ئەوەیە کە زانیاریەکان بگەن ئیتر ئەوە لە ژێر چ ناوێکدا دەبێ گرینگ نیە. بەڕاستی کاک تەها ئاوا بوو، ئەو قەت لە پێناو ناو و ناوبانگ دەرکردندا کاری نەکردووە بەڵکو هەموو کات خزمەت کردن مەبەستی سەرەکی بووە. کاک تەهای

نەمر هێندێک پرۆژەی دیکەشی هەبوو. لە ناخی دڵەوە ئاوات دەخوازم کە لە داهاتوو دا لە هەموو بارێکەوە توانایی ئەوەم هەبێ کە پرۆژەکانی ئەو نەمرە تەواو بکەم، هەم وەک وەفای خۆم و هەم وەک دەربڕینی هەست و خۆشەویستیم بەرامبەر بە کاک تەهای ئازیزو بەرامبەر بە هەموو خزمەتەکانی، چ ئەوانەی کە بە من و خوشک و براکانم و چ ئەوانەی بە بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلی کوردی کردن .

یاد و ناو و بیرەوەری یەکانی شەهید عەولای شەریفی و کاک تەهای عەتیقی نەمر بۆ هەمیشە لە دڵمدا بە یەکەوە و لە تەنیشت یەک بە زێرینترین خەت نووسراونەوە. بەو هیوایەی کە روحیان هەمیشە شاد و ئامانجەکانیان بەرقەرار بن.

ئامادەکردنی: ڕزگار شەریفی

-------------------------------------------------------------

ڕۆژی شەممە، ٦ی فێوریە، لە یادی چلەمین ڕۆژی کووژانەوەی مۆمی تەمەنی نەمر تەهای عەتیقی دا ،ڕێورەسمێک بە بەشداری سەدان کەس لە وڵاتی سویس بەڕێوە چوو، پرشنگ شەریفی وتارێکی پێشکەشی بەشدارانی کۆڕ یادەکە کرد.

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی : ١٠ی فێوریەی ٢٠١٠

## دەقی قسەکانی هاوژینی کاک تەها. ئەسمەر کە لەلایەن رزگار شەریفی خوێندرایەوە

### ئامادەکردنی: ڕزگار شەریفی

بەشدارانی بەڕێز

لە ناخی دڵمەوە بەخێرهاتنتان دەکەم بۆ چلەی ماتەمینی تەهای خۆشەویست. بە پێویستی دەزانم کە سوپاسی لە بن نەهاتووی خۆمتان پێشکەش بکەم کە بەشداری ئەو کۆستە گەورەیەمانن و خەمی ئەو کۆستەتان لەگەڵ دابەشکردووین.



سەر ساغی و سڵامەتی ئێوەی بەڕێز ئاواتمانە.

زانیار کە چکۆلەترین منداڵی منە ساڵی ١٩٩٣ لە کۆیە لە دایک بوو. کاتێک کە تەمەنی یەک ساڵان بوو



باوکی شەهید بوو. لەبەر ئەوەی کە وەزعی کوردستانی عراق زۆر ناخۆش بوو و من نەمدەویست کە بچمەوە ئێرانیٚ بڕیارم دا کە بێمە دەرەوەی وڵات. من لە ساڵی ١٩٩٥ دا لەگەڵ چوار منداڵەکانم هاتمە ئوروپا و لەو کاتەوە لە وڵاتی سوئیس نیشتەجێین. سوئیس وڵاتێکی زۆر نامۆ بوو بۆ من. لە سەرەتادا ژیانمان زۆر سەخت بوو لەبەر ئەوەی کە مەسئوولیەتی چوار منداڵم لە ئەستۆ بوو و من دەبوایە کە هەم دایک و هەم باوک بوومایە بۆ منداڵەکانم و هەم کاری ماڵەوە و هەم کاری دەرەوەم جێبەجێ کردبایە. ئەوە بۆ من زۆر سەخت بوو چونکە نە زمانم دەزانی و نە کلتووری ئێرە بۆ من ئاشنا بوو. بۆیە بڕیارم دا کە لە گەڵ نەمر تەهای عەتیقی کە هاوڕێ و هاوسەنگەری شەهید عەوڵا بوو، ژیانی هاوبەش پێکبێنین. نەمر تەها بۆ من باشترین کەس بوو چونکە هەم خۆم و هەم منداڵەکانی بە باشی دەناسی و لەو ماوەیەی کە لە سوئێد دەژیا، هەمیشە تەلەفۆنی دەکرد و لە حاڵ و ئەحواڵی خۆم و منداڵەکانی دەپرسی. ئیدی بەو جۆرە لە ساڵی ١٩٩٩ دا تەها هاتە ئێرە و لە کاتەوە ئێمە بە یەکەوە لە وڵاتی سوئیس ژیانمان بەسەر دەبرد.

نەمر تەها هەر لە ئەوەڵین ڕۆژەوە قەولی پێدام کە پشتیوانێکی باش بێ بۆ خۆم و بۆ منداڵەکانم و بەراستی ئەو قەولەی خۆی بە تەواوی بەجێگەیاند. ئەو لە هەموو کارێکدا یارمەتی مندالەکانی دەدا و زۆر خۆشی دەویستن و وەک منداڵی خۆی چاوی لێدەکردن.

نەمر تەها هەر لە ئەوەڵین ڕۆژەوە ئەو بارە قوورسەی کە کەوتبووە سەرشانم لەگەڵی دابەش کردم و هاوکارێکی باش بوو بۆ پێگەیاندنی مندالەکانم بەتایبەت بۆ زانیار. ئەو پێیخۆش بوو کە منداڵەکان لەبیریان نەچێتەوە کە منداڵی کێن و لە کوێڕا هاتوون بۆیە هەمیشە ئامۆژگاری دەکردن و بە زانیار کە تەمەنی دوو ساڵان بوو کە کوردستانمان جێهێشت دەرسی کوردی دەکوت تا فێری نووسین و خوێندن بە کوردی بێت. منداڵەکان هەموویان نەمر تەهایان زۆر خۆشدەویست و ڕێزیان لێدەگرت. دەتوانم بڵێم کە ئەگەر شەهید عەوڵاش بووایە ئەو منداڵانەی هەر ئەوەندەی تەهای نەمر خۆشدەویست و هەر ئاواش پێدەگەیاندن. بۆیە تا ئەو ڕۆژەی کە ماوین من و منداڵەکان ئەو خزمەتەی کە نەمر تەها پێیکردین لە بیرمان ناچێتەوە و قەت لەبیری ناکەین.

نەمر تەها ئینسانێکی قسە خۆش و زمان شیرین بوو و دڵێکی زۆر ناسکی هەبوو، هەرچەند ئەو بە جەستە لە کوردستان نەبوو بەڵام هەمیشە لەگەڵ ئێش و ئازارەکانی گەلەکەیدا دەژیا و بۆ ساتێکیش کوردستانی لە بیر نەکرد. نەمر تەها هەموو کات هەوڵی ئەوەی دەدا کە مندالەکان ناسنامەی خۆیان لەبیر نەکەن و هەمیشە بە کورد بوونی خۆیانەوە شانازی بکەن بۆیە ماڵێ کردبووە قوتابخانەی کوردایەتی و تێیدا دەرسی کوردایەتی دەکوتەوە. من و مندالەکان بە ناسین و ژیان لەگەڵ نەمر تەهادا هەمیشە شانازی دەکەین. بەو هیوایەی کە ئاوات و ئامانجەکانی نەمر تەهای عەتیقی و هەموو شەهیدانی کوردستان وەدیبێن. ڕوحیان هەر شاد بێ.


سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی : ١١ی فێوریەی ٢٠١٠



# فرین بە ئاسمانێکی تەماویدا.

ئەحمەد شێربەگی

له یادی چلەمین رۆژی کووژانەوەی مۆمی تەمەنی نەمر تەها عەتیقی دا



ئەو کاتە واپۆستی تەتەر
نامەبەری رێ یەکی دوور
زۆر پەشۆکاو،
ماندووشەکەت ،خۆی کردە ژوور،
بە دەستێکی لەرزۆکەوە، رەنگ بزرکاو
پسوولەی مەرگی تۆی دامێ،
بروام نەکرد
بروام نەکرد
رانەچڵەکیم،خۆم سڵ نەکرد،
کە بە پەلەو سەر لێشواو
خۆم گەیاندە لای ئەوانەی ئازیزت بوون
تویشەی هیوای داهاتووت بوون.
هەگبەی پڕی دەسکەوتت بوون.
خۆشتیان دەویست،خۆشت ویستن،
چاوپڕگریان سەیریان کردم!!
بروام نەکرد
بڕوام نەکرد،کاتێک لە وێنەتم روانی،
بزەی لێوتو زیتەزیتی چاوەکانتم،
لەرووناکیی کزەڵۆکەی
دوو مۆمی شێتی عاشق دا بەدیکردن،
قووڵ دەتروانی،
بروام نەکرد.
بڕوام نەکرد،
ئەوکاتەش وا،تابووتی ساردی بێ روحت
تاجە گوڵی رەنگ هەناریی داپۆشیبوو،



تەرمت سەرمەست،لە بەرامەی بۆنی گۆڵاو،
پیلووی چاوت بە ئارامی نابوە سەر یەک،
نمێکی تەر داپیۆشیبوو،
بڕوام نەکرد.
بڕوام نەکرد، ئەو ڕۆژەی واچەشنی هەڵۆ
دات لە شەقەقەی شاباڵی باڵ،
ئەردت جێهێشت،
ئاسمان ئاوسانی باران بوو،
ماتو بێرەنگ
بە بێ دەنگی بۆ غەریبیت
ئەسرینی بە کوڵی دەرشت،
بڕوام نەکرد،
بڕوام نەکرد،
کاتێ چوومە ژێر تابووتت،
سووک بووی هیندەی رووحی منالّ.
هەستم بە قورساییت نەکرد
چەشنی پەپوولەی سووکە باڵ.
بڕوام نەکرد
ئەوکاتەش وا

ئاڵای پرشنگی خۆری کورد،
بوو بە خەڵات دایانپۆشی.
خۆری ئاڵا،
لە سەر دڵت بووبەچرا،بە رووناکی ،
بەئارامی رۆیان هێشتی،
عەرزلە باوەشی گرتی؛
بڕوام نەکرد.
برکو ژانی ئەم کۆچبارەت،
ئەوەدمە بوو:
یەکەم کەس بم،ببمە پێشەنگ!
کرو بێدەنگ، پێمەرەیەک،



گڵوخۆڵی سەر گڵکۆکەت: برێژمەسەر
چۆنم وێرا!
مێژووی زیندووی سێ دەیە خەم،
سێ دەیە ژان،
سێ دەیە ئێش،حەشار بدەم،
بڕوام نەکرد،بە دەستی خۆم ،
خۆڵ بکەمە سەرمێژووی خۆم!!
بەلام ئەمرۆ کە دەبینم،
ئەوەی عەشقی کوردستانتی لە دڵ دایە،
ئەوەی بۆ نەورۆز و
بۆ بەهاری سەربەستی کورد،
دەمێک سەر مەست،دەمێک عاشق،
دەمێکیش شێت و شەیدایە
ئەوەی دەروێشی ڕێگاتەو ئەتۆی ناسی
لە ڕووباری بەتەوژمی شەپۆلاویت،
کەوتە مەلە،
ئۆگرت بوو،وەکوو ماسی
ئا لێرەیە،
ڕاوەستاوەکزو خەمبار،
دەست لە سەر دڵ،بە ملی لار

یادو سۆزیی،
ئەو ساتانە دەکاتەوە،
کە تۆی ناسیی
ئەو کاتەیە:
ئارامیشێک رووم تێدەکا،
ئۆقرە دەگرم.
بڕوا دێنم؛
کە کۆچباری ئەمجارەیەت،
ڕاستەو،دەبێ بیسەلمێنم.
بە حەسرەتی ئەوکاتانەی،



شینمان یەک بوو.
دڵمان یەک بوو،
ژینمان یەک بوو،
خۆزگەو هیواکانمان یەک بوو.
بە سەفەری یەکجارەکیت،
خۆم رابێنم.
بەڵام هاورێم! ئارام بنوو،
وچان بدە،با شەکەتی رێت دەر بچێ.
زۆرت جەور کێشا،بۆ گەل
زۆرت جەفا هاتە سەر ڕێ.
زۆر بێ مرادسەفەرت کرد،.
زۆر ئاواتت وەدی نەهات بردتە ژێر گڵ،
بەئارامی سەر بنێوە،
وچان بدە،
چاوەکانت بە ئارامی بخە سەر یەک،
بەهەر چرکە لە ساتێکی ئەو سێ ساڵە،
بەڵێنی بێ،
لە هەر شوێنێ پێشمەرگەیەک،
گوڵێکی سوور
لە پەنجەرەی دڵی کەوتبێ،
لە هەر شوێنێ مەتەرێزێک

خوێنی گەشی پێشمەرگەیەک،
نەخشی کرد بێ،
ئەو کاتەش وا،کە پێنووسی مێهرەبانت
ڕستە ڕستە لە جوامێری،
لەگیانبەخشی،لە گەورەیی
پێشمەرگەکانی خۆر دەدوێ
ئەوزەمەنەش،دەنگی زوڵاڵو ئارامت
شەپۆل شەپۆل،فرمێسک فرمێسک،
ئاهەنگی شین،



هیندیَ جاریش،گۆرانی ژین،

بە کوڵ دەچرِیَ،

یادت بکەم

بەڵێنی بیَ.

لە مەجلیسیَ، لە کۆزیلەی هەر میوانی یەک،

لەگۆوەندورەشبەڵەکی هەرشایی یەک

یادت بکەم.

لە سەر کانیو لە کەناری هەر رووباریَ،

لە سەر دووندولە بناری هەر چیاییَ

یادت بکەم،

لە هەر شوێنیَ،

چرکەکانمان گریَ دەدا

چەلی وابوو بە ناو زاری هەژدیهاداو،

هێندێک جاریش لە ناو نوێنی خەونەکاندا

ساتەکانمان تێپەر دەکرد.

یادت بکەم، سەر دانوێنم.

کرنۆش بەرم،

باوەش بە رووحتدا بێنم.

بڵێم :

هاورِێم،یادت بە خێر،

هەزاران جار یادت بە خێر

یادت بە خێر

یادت بە خێر


سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / رێکەوتی : ١٠ی فێوریەی ٢٠١٠



# بە یادی چلەی کۆچی دوایی مامۆستا تەها عەتیقی.

عوسمان کەوکەبی شاد

سەردەمی پەلەقاژە و ڕوخانی ڕژێمی حەمەڕەزاشا بوو. من بۆ خوێندنی قۆناغی ئامادەی چوومە شاری مەهاباد.



لە قوتابخانەی فێرگەی پیشەسازی (هنرستان فنی) سمایلی شەریفزادە لە لقی ڕێگاو بان دەستم بە خوێندن کرد. لەو قوتابخانە وەک قوتابی لە گەڵ مامۆستا تەها عەتیقی ئاشنا بووم. مامۆستا بۆ ڕوخانی ڕژێمی شا زۆری هەوڵ دەدا و قوتابیانی هان دەدا. هەمیشە پشتیوانی لە خوێنشاندان و مانگرتنی قوتابییەکان دەکرد. لە وتاردانی سیاسی بە دژی ڕژێم و گەیشتن بە ئاوات و ئامانجی گەلی کورد زۆر چالاک بوو. مامۆستا کورد پەروەرێکی لێهاتوو و زیرەک بوو.

هەستی کوردایەتی و مرۆڤایەتی گەلێک بەرز بوو.دەرسی ئەدەبیاتی فارسی بە ئێمەی قوتابیان دەگوت. بەڕێزیان زۆر شێرانە و بوێرانە و کوردانە و مەردانە قوڵی کوردایەتی هەڵماڵی و دەستی بە وانە گوتنەوەی زمانی کوردی کرد. کتێبی کوردی دەهێنا و وانەی کوردی پێدەگوتین. لە ناو پۆلیشدا هەر بە زمانی کوردی دەئاخاوت. هەروەها ئێمەشی فێری کورد و کوردایەتی دەکرد و هەستی ئێمەی بۆ خۆشەویستی کورد و کوردستان زیاتر دەکرد. سەرنجی قوتابیانی بۆ لای خۆی ڕادەکێشا. ئەو ڕیز و خۆشەویستی خۆی لە ناو دڵ و دەروونی قوتابییەکاندا کرد بۆوە.

لە ناو پۆلەکەماندا قوتابییەکی فارسی زمان هەبوو. ئەو قوتابییە زمانی کوردی نەدەزانی. ئەو بە مامۆستا تەهای گوت: من لە زمانی کوردی تێناگەم و بە زمانی فارسیش وانەکانمان بۆ شەرح دە. مامۆستا بویرانە و کوردانە وڵامی دایەوە: من ناتوانم ماف و ویست و خواستی قوتتابیانی کورد زمان بۆ یەک نەفەر قوتابی فارسی زمان پێشێل کەم .

من پێم وایە ئێمەی کورد چۆن فێری زمانی فارسی بووین، تۆش دەبێ فێری زمان کوردی بی، هەتا باش تێبگەی.

بە بیستنی هەواڵی ناخۆش<br>
چرای دەرونم بوو بە خامۆش<br>
کوچی کرد مامۆستا تەها<br>
قوتابیانی جێ هێشت بە تەنیا<br>
غەمگین و پەرێشان بووم



دڵ تەنگ و نیگەران بووم
لە بیرمە لە قوتابخانە
قۆڵت هەڵماڵی کوردانە
بوێرانە و شێرانە
بە بێ باکی و پاکانە
لە جیاتی زمانی فارسی
فێرت کردین زمانی کوردی
دەتهێنا پەڕتوکی کوردی
بۆ وانە گوتنەوەی کوردی
جێی شانازی قوتابیان بووی
خۆشەویستی هەمووماں بووی
مامۆستای زاناو تێکۆشەری کورد
چالاک و بە دەست و برد
کورد بووی و کوردپەروەر
بۆ قوتابیانت بووی بە ڕێبەر
خەباتگێر و تێکۆشەر بووی
پێشمەرگەی کوردستان بووی
وێژەری ڕادیوی کورستان بووی
نمونەی ڕاستگۆی و ڕەوان بووی
بۆ کورد دڵسۆز و بە وەفا
گۆڕ غەریب بووی لە ئۆروپا
عوسمان کەوکەبیشاد قوتابی ئەمەگناسی تۆ
لە دڵی دەرناچیت غەمی مەرگی تۆ

سەر خۆشی خۆم لە خێزان و منداڵ و کەس وکار و هاوسەنگەر و هاوڕێیانی مامۆستا عەتا دەکەم و خۆم بە بەشداری غەم و پەژارەیان دەزانم.

وێڕای ڕێز و سڵاو
عوسمان کەوکەبیشاد
شاری هامار وڵاتی نۆرویژ

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٨ی فێوریەی ٢٠١٠



# بۆ کۆچی ناوەختی ٢ ساڵەی کاک تەها عەتیقی تێکۆشەری ڕێ ئازادی ودڵسۆزی حیزب و گەلەکەمان.

**ڕەحمەت ئیبراهیمی**

بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە ڕۆژی دووشەممە ٩ی بەفرانبار (٢٨ی دیسامبر سالی ٢٠٠٩) تێکۆشەری دێرین کاک تەها عەتیقی لە وڵاتی سویس لە تەمەنی ٦١ ساڵیدا کۆچی دوایی کردو بۆ هەمیشە ئێمە هاورێان ودۆستانی وبنەماڵە بەرێزەکەی بەجێهێشت، ئێستا ٢ ساڵ لە مۆمی پر لەشانازی ئەو شۆرەسوارەی رێ خەباتمان لێ کوژاوەتەوە، بەحەق ئەوانەی کاک تەهایان دەناسی ولەگەڵی ژیان وهاوخەبات بوون، ڕەنگە بتۆوانن باس لە وتایبەت مەندانە بکەن ،کەلە ونەمرەدا هەبوون



نەمر کاک تەهای مامۆستالەشارەکەی خۆی دا تۆانیبووی زۆر زوو بەئەخلاقی کومەلایەتی سرنجی زۆر کەس را بکێشت وە لەیار گیری ودۆست پەیدا کردن دانمونەبوو.یەکەم جار کەشانازی ناسینی نەمر کاک تەهام هەبوو لە ناوچەی دۆلێشیخان لە مەهاباد بۆیەکەم جار دەنگە پر لە زوڵالەکەی رادیوو دەنگی کوردستان بڵاوکرایەوە ئێمە تیمێک لە یەکیتی لاوان بو پاریزگاری وهاوکاری ڕەوانەی ئەو ناوچەکراین.نەمر کاک تەها دلسۆزی حیزب وکەسێکی جدی وماندونەناس لەئەرکەکانی دا سەرکەوتوو وبێ تعاروف بوو ئەو دایم شتی بۆ کوتن هەبوولەفێر بوون وفێر کردن دا بەحەق مامۆستا و زانا بوو کاک تەها لەگەڵ هەمو موسیبەتەکانی ژیانی کۆمەلایەتی بنەماڵە ئەو ژیانی شاخ وخەباتی لەرێزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا هەڵ بژاردوپێ وابوو سەرکەوتنی گەلەکەی لەبەرانبەربەجێهێشتنی بنەماڵەکەی دا دەبێ بگۆرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش نرخی بۆ دانا وهەمو ژیان وخۆشی لاوەتی کردە قوربانی خەبات وبۆی تێکۆشا وکاری بۆ کرد ، ئەو دژی تاکرەوی وخۆ بەزڵ زانی وهەل پرەستی لەحیزب دا بوو .

وپێ وابوو کە دەبی رێبۆارانی رێ خەبات وەک سەرکردەکانمان لەهەمو بارێکەوە ئەو ئەخلاق وتایبەت مەندانەیان هەبێت،ئەوەی بۆ من جێ سرنج بوو کە لەکاتی رێ ورەسمی بەخاک سپاردنی دا بەرچاو کەوت ئە وهەمۆ هەست وسۆز وخەمخۆری هاورێان ودۆستان وبەتایبەت بنەمالە بەرێزەکەی، دا ئەسمەری ومندالە خۆشەویستەکانێان کە بۆ کاک تەهایان هەبوو، کاک تەها لەباری زەمان کەم لە گەڵ ئە وبنەمالە شۆرشگێرە ژیا بەلام زوو تۆانی جێگاو پێگای کۆمەلایەتی خۆی پکاتەوە،تەوسیف وتەعریف لەزمان وانەوە شاهیدی ئەوەن کە تەها شایانی هەمو شتێک بوو. بۆیە من لە ساڵیادی کۆچی ٢ ساڵەی نەمر کاک تەها کەرۆژی ٤ شەم ڕێکەوتی٢٨ی دیسامبرە سەری ڕێز وحورمەت وخۆشەویستی بۆ روحی پاکی دەنێرم و داوای سەرکەوتن بۆ بنەماڵە بەرێزەکەی وهاورێان ودۆستانی دەورانی خەباتی

شاخ وچیا وشار کەلەگەڵ کاک تەها ژیان وکاریان کرد ودەیان ناسی دەکەم.

روحی شاد وئاواتی کاک تەها کەرەزگاری کورد وکوردستان بوو بە خەباتمان وەدی بێنن

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٢٥ی دێسامبری ٢٠١١

## ڕاپۆرتی ڕێورەسمی ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی نەمر کاک تەها عەتیقی

کاتژمێر ٢ی پاشنیوەرۆی ١٠ی ژانوییەی ٢٠١٠ی زایینی بە بەشداریی زیاتر لە سەد کەس لە هاوڕێیان و هاوسەنگەرانی کاک تەها عەتیقی نەمر، کۆڕێک بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی کاک تەها، کادری بەوەجی ڕاگەیاندنی حیزبی دێمۆکرات کە ڕۆژی ٢٨ی دێسامبری ٢٠٠٩ی زایینی لە تەمەنی ٦١ ساڵیداو لە وڵاتی سویس بە نەخۆشییەکی کوتوپڕ دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت، بەڕێوەچوو.



لەو کۆڕیادە دا کە لە کەش و هەوایەکی ماتەمین و پڕ لە حزووری کاک تەهای نەمردا بەڕێوەچوو، سەرەتا بە چەند ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە خەباتو گیانبازی شەهیدانی سوور خەڵاتی کوردستان بەگشتیو کاک تەهای عەتیقی کۆچکردوو بەتایبەتی دەستی پێکرد.

ئەمجار جەعفەری شەریعەتی یەکێک لە هاوڕێ و هاوکارانی کاک تەها لەلایەن خۆی و پێکهێنەرانی کۆڕیادەکەوە بەخێرهاتنی بەشدارانی کرد و کورتەیەک لە ژیانی کاک تەهای خستەبەر دیدەی بەشداران. شەریعەتی لەدوای پێشکەش کردنی کورتەیک لە ژیاننامەی کاک تەهای نەمر باسی شەخسییەت و ڕۆڵی ئەو لە رادیۆ دەنگی کوردستان و ڕاگەیاندنی حیزب بەگشتی کردو وتی: هاوڕێ عەتیقی ئینسانێکی رووح سووک، بەتجروبە، بیرتیژو فیداکار بوو، کاک تەها لە ماوەی کاری بەردەوامی لە رادیۆ بۆ یەک ساتیش هەستی بە ماندوویی لە کاری بەردەوامی هەموو ڕۆژەی پێوە دیار نەبووو بە سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەو هەروەها سەرکەوتنە سیاسییەکانی حیزب شادی و خۆشی لەودا دەگەیشتە لوتکەو بە شەهید بوونی هەر پێشمەرگەیەکیش مات و سیس دەبوو.

کاک تەها بەشێکی زۆری بەو ئەدەبیاتە هەست بزوێن و شۆڕشگێرانەیەی دەنگی کوردستانەوە هەبوو کە بە



زمانێکی ساکارو پاراو سەری بە هەموو ماڵێکی کوردستان، سەرەڕای پارازیتی زۆری ڕژێم دادەکردو قوتابخانەیەکی زمانی کوردی و بیری نەتەوەیی بە دیاری بۆ دەبردن. بەبێ موجامەلە لەسەدا هەشتای بەرنامەکانی رادیۆ لە نووسین و ئامادە کردنی ئەو بوون، دارشتنەوەی هەواڵەکان، بەشی شەهیدان، وەڵامی نامەی گوێگرەکان کە بۆ خۆشی لەو بەرنامەیە دا وێژەری دەکردو بەرنامە تایبەتییەکانی رادیۆ بەبۆنەی رۆژی شەهیدان، دامەزرانی حیزب، رۆژی پێشمەرگە، دووی رێبەندان و چەندین بەرنامەی تایبەتی دیکە.

لە بەشێکی دیکەی کۆریادەکەدا بەرێز کاک مەلا عەزیز لە هاورێیانی تاراوگەی کاک تەها سەبارەت بە هەستی بەرزی نەتەوەیی‌و بیرو فکری کوردایەتی ناوبراوو خەمخۆریی لە رادەبەدەری بۆ بەشداران قسەی کردو سەبارەت بە فیداکاری‌و لەخۆبوردوویی ئەو بۆ پێگەیاندنی مناڵەکانی شەهیدی هەمیشە زیندوو، کاک عەبدوڵڵا شەریفی وتی: کاک تەها هەموو توانای خۆی بو پێگەیاندنی ئەو مندالانە بەکار هێنا تا لە تەنیشت دەرس خوێندن‌و راهێنانی زانستی خۆیان‌دا داستانی قارەمانەتی‌و گیانبازی‌و ئامانجە پیرۆزەکانی باوکی شەهیدیان لەبیر نەکەن‌و بەو رێبازە پیرۆزە وەفاداربن.

کاک عەبدوڵڵا حیجاب یەکێکی دیکە لە هاوکارانی کاک تەها لە رادیۆ دەنگی کوردستان، سەبارەت بە نەخش‌و رۆڵی ئەو لە ئەدەبیاتی ئەوکاتی شۆرشی حەقخوازانەی کوردستان‌دا بۆ بەشداران دواو لە بەشێکی دیکەی قسەکانی‌دا وتی: کاک تەها بڕوای وابوو کە دەبێ ئەو گرژی‌و ئاڵۆزییانەی نێوان حیزبەکان کەم بکرێتەوەو نەمێنێ. بەرێز حیجاب هەروەها وتی: با فەرهەنگی مردوو پەرستی بە فەرهەنگی زیندوو پەرستی بگۆڕینەوەو ناکۆکییە سیاسییەکان وەلا بنێین‌و وەک ئەندامێکی کۆمەڵگا بە یەکەوە کار بکەین.

مامۆستا پەیمان لە چوارچێوەی شێعرێکی بەسۆزدا هەستی ناسکی خۆی بەرامبەر بە کاک تەها دەربڕی‌و لە بەشێکی شێعرەکەی‌دا دەڵێ:

ئەو زۆری گوت
کەمی بیسرا
وتەکانی خوێن خوێن
جەوهەری بەژنی تەمەن
هەمان قەڵەم
لاپەڕەکانی هەڵوێستیی نووسین
چاپخانەی غوربەت دەری کرد
ئەمرۆ کتێبی گشتییەو
هەموومان دەیخوێنینەوە !



کاک رەزا ئەمینی، کاک کەریم ئەڵلاویسیو کاک ئەبووبەکری قەدیکورد، هەر یەکەیان لە گۆشە نیگایەکەوە سەبارەت بە کەسایەتیی هاورێ عەتیقی قسەیان کردو بیرەوەرییەکیان لەو نەمرە بۆ بەشداران گێڕایەوە.

جەعفەری شەریعەتی لە بەشی دووهەمی کۆریادەکەدا سەبارەت بەشێوەی بەرێوەبەریو مودیرییەتی کاک تەها لە رادیۆو شێوەی هەڵسوکەوتی لەگەڵ هاوکارانیو بەگشتی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناوبراوو ئەو باوەر بەخۆبوونەی کە لەناو کۆڕی هاوکارانیدا پەرەی پێدەدا بۆ بەشداران بە درێژی قسەی کرد.

کاک ئەمیری باباخانی بەنووسراوەیەک لەژێر سەردێری "کاک ئەحمەدی بابمو کاک ئەحمەدی من" هەستو سۆزی خۆی خستەبەر دیدەی بەشدارانی کۆریادەکەو لە بەشێکی نووسراوەکەی دا دەڵێ: ..." دیسانیش دەنگی شمشاڵەکەی مامە قالەو کاک ئەحمەدەکەو دەنگێکی دیکەش. بەڵام ئەو دەنگە نەی دەنەڕاند، باسی دووکەڵو هاتو هاواری نەدەکرد، باسی تەقەی نەبوو، باسی.... باسی.... باسی...

دەنگی ئامۆژگارێک بوو، بەڵام ئامۆژگاریم پێخۆش نیە. دەنگی مامۆستایەک بوو. ئەمن مامۆستای جوغرافیایی قوتابخانەکەمان زۆر خۆش دەویست. دەنگی ئەو کاک ئەحمەدە تازەیە زۆر وەک دەنگی مامۆستاکەمان دەچوو. رۆژەکانی هەینی دەهاتەوە ماڵیمە. هەر کە دەستی پێدەکرد، بانگی بابم دەکردو دەمکووت: بابە وەرە کاک ئەحمەدەکەی دیکە. بابیشم بزەیەکی دەهاتە سەر لێو."


دوایین بەشی کۆریادەکە پێشکەش کردنی پەخشانە شێعرێک لەلایەن بەرێز ناسری فەتتاحیو شێعرێک لەلایەن کاک حامیدی ئەحمەدییەوە بوو کە بە وشەی ناسکو بەسۆز هەستی خۆیان بەرامبەر بە کۆچی ناوادەی کاک تەها دەربڕی.

سەرچاوە : ماڵپەری حدک میدیا / رێکەوتی : ١٠ی ژانویەی ٢٠١٠



# ئەو شا نوورانەی کە کوژانەوەیان بۆ نیە.

**کەریم ئیبراهیم زادە**



تۆ کە ژیانت بۆخۆت و لەپێناوی خۆتا نە بوو
بۆ رزگاری بۆ نیشتمان بۆگەل و هەر بۆگەلت بوو
تۆ رێبواری ئازای رێگای ئازادی نان و ژیان بووی
گوڵ ئەستێرەی شەوی تار و رەشی کوردستان بووی
با پەیکەری پیرۆزیشت بە سینەی خاکا داچێ
ناوت یادت لە یادی یادان هەرگیز قەت دەرناچێ

باس لە سەرلاینە جۆراوجۆرەکان وژیان و کەسایەتی بەرێز و نەمر کاک تەها عەتیقی زۆر هەڵدەگرێ، شارەزایی باش و نەفری خاسی خۆی گەرەکە.

لێرە دا ئەوە نە لەدەستت من دی و نە لەو ئاست و توانایەش دام،کە بتوانم نرخی خۆی پێبدەم. بۆیە زۆر بەخێرایی و بە کورتی دەتوانم بڵێم،کە کاک تەها مرۆڤ دۆست و مرۆڤێکی واقعی بە مانای وشە بوو، کەسایەتێکی رۆشەن بیر،بە ئەزموون و، واقع بین، بەسەبرو تەحەمول، دڵ فرەوان و بەخشندە،نیشتمان پەروەریکی رازدارو راستگۆ کورد پەروەرو ئازادە و ئازادی خواز و شۆرشگێریکی بە توانای مەیدانی کوردایەتی بە کردەوە بوو.لە پێناو بیروباوەری دا شێلگیرو پێداگر و بەتوانا بوو.

بۆیە هیچ بایەک و هیچ تەگەرەو کۆسپێک نەیان دەتوانی لەو رێگایەیی کە بۆ خۆی پێوابوو راستە بەدەریکەن. بەڵێ ئەو ئەویندارى راستی و پاکی و چاکییە،لە سابڵاغ لە شاری ئەوینی کوردایەتی لە ساڵی١٣٢٧ هەتاوی لە دایک دەبێ لە کاتو زەمەنێک دا کە هێشتا زەمانێکی ئەوتۆ بە سەر روخانی کۆمارە ساواکەیوو،بە دار داکرانی بینایی شار واتە پێشەواکەی دا تێنەپەریوە،هێشتا چاوانی دایکانی شار هەر بە فرمێسکە و دڵی شار هەر لە خەمی قوڵی ئەم کۆستە دایە،هێشتا زامی شار هەر گەرمە برینە،چاوی شار هەر بە تانەو بە تەمە،دڵی ئەویندارانی رزگاری لێوریژ لە خەمە،ئاسۆی کورد هەر رەش ولێڵ و تەمە،داڵ وچەقەڵ و کەمتیارن، لە کوڵانان هەر دیارن، ماری نەوسن مێشک خۆرن، لە کردەی باش خۆ دەبوێرن، شاریان کردۆتە پێخوست، تا کەس نەکا دەنگ و هەست.

ئا لەم سەرو بەندەدا کورپەیەکی چاو گەش، لەدایک دەبی و دەبێتە قەندیلەیەکی ناو ماڵێکی کورد بزەو شادی بۆ دایک و باوک و دۆست یاران دینێ. دایک بەدەم لایەلایەوە بە سەرهاتی کۆمارو پێشەوا و چوارچرایی لە شەو و



نیوەشەواندا بۆی دەڵی و و بۆی دەگیٚریٚتەوە، باب وانەكانی كۆمارو خۆراگری و كوردایەتی بەگویٚدا دەچرپیٚنیٚ. بەڵیٚ كۆرپەی ساوا گغە و گاڵە دەكا و دەكەویٚتە دارە دارە و پیٚدەگریٚ و ریٚدەگریٚ و دەردەچیٚ لە دارە دارە.

رۆژ و مانگ و ساڵ تیٚپەر دەكا، دەبیٚتە توولە غەڵفیٚكی دوایی كۆمار كە ریشەی بە خاكی پاكی كوردستان داكوتاوە هەڵدەچیٚ و باڵا دەكا و باڵا دەكا بە قامەت و بیر بۆ سەرو هەر بۆ سەر دەچیٚ گەورە دەبیٚ تیٚدەگا و پیٚدەگا باوەش بە شار دادەكا و دەخوازیٚ هەر هەموو غەمی شار بكا بە هی خۆی، بزە بەسەر لیٚوی مناڵان و دایكانی شار داببەشیٚ، بەڵیٚ كاك تەها ئیٚستا لاویٚكی بە هەست و خویٚن گەرم پڕئنیٚرژی و پڕ كارە بۆیە قۆڵی هیممەت هەڵدەماڵیٚ و لە دوو بوار دا دەست بە خەبات دەكا ئەو كە مامۆستایی قوتابخانەیە، هەر لە هەمان كاتیش دا وەك بیرمەندیٚك پەی بە رۆڵی راگەیاندن دەبا، بۆیە بە بەرنامەوە و بە كارایەك كە لە خۆی دا بەدی دەكا دیٚتە ئەو مەیدانەوە لە بەرنامەیەكی خاوخیٚزانی رادیۆیی دا، هەر رۆژ سەر بە ماڵ ماڵی شارو هەر هەموو گوندەكان ودەوروبەر دا دەكا و گیروگرفتەكانی ناو كۆمەڵی كوردەواری دیٚنیٚتە بەر باس و شەنیان دەكا و لە هیٚڵەگیان دەدا ریٚگاچارە بۆ حەللیان دەست نیشان دەكا، پەندو ئامۆژگاریەكانی باب وباپیران دیٚنیٚتەوە بیر كۆڵەكەكانی بنەماڵەی كورد پتەو و پتەوتر دەكا،و بۆ پیٚكهیٚنانی بنەماڵەیەكی گەورەتر كە كوردستانە ریٚكیان دەخاو یەكیان دەخا و ئامادەیان دەكا. بەڵیٚ كاك تەها كە خۆی ناسیوە و گەل و وڵاتەكەی كە كوردستانە ناسیوە بڕیاری ئاخری خۆی داوە كە بە ریگایی بەختیاری گەل دا بڕوا و لە پیٚناوی ئامانجە بەرزەكانی گەل دا بمریٚ.

لیٚرە دا ئەگەر ئاوریٚكی زۆر كورت لە میٚژووی پڕ سەرفرازانەی ئەو زەمەنەی نەمر كاك تەها بدەینەوە، زیٚتر بۆمان دەردەكەویٚ كە بەریٚزیان هەر لە سەرەتای لاوی دا لەو كاتانەی كە وەك ماموستا، خەریكی وانە وتنەوە بووە لە قوتابخانە وەك رۆشەنبیریكی ژیرو بەبیر پیٚدەنیٚتە مەیدانی خەباتو كوردایەتی بۆ راستی ئەم قسانەم زۆر دوور نارۆم، چەند وتەی كاك سمایل بازیار كە لە پرسەی كاك تەهای نەمر لە كۆیە وتنی، ئیٚشارەی پیٚدەكەم: كاك تەهام ساڵی ١٣٥٤ هەتاوی ناسی كە ئەوكات ئەو ماموستاو من قوتابی بووم بەتەبیحەتی وەیی كە كاك تەها ماموستای ئەدەبیات بوو،وانەی ئیٚنشاش هەر لە ئەستۆی ئەو بوو یەكیٚك لەو ئیٚنشایانەی كە دەبوو ئامادەی بكەین،كاك تەها داوایی لیٚكردین باشترین كتیٚبیٚك كە خویندوتانەتەوە بینوسن و لە سەر كەلاس بیناسیٚنن. كاتیٚك كە قوتابیەكان ئەوكتیٚبانەی كە خویٚندبوویانەوە و دەیانناساندن و شتیٚكیان لە سەر دەگوت، تەنیا كتیٚبیٚك و ئیٚنشایەك نمرەی ئەوەلی پیٚدا كتیٚبی داستان نووسی منداڵان، نووسەری سیاسی و خەڵكی" سەمەد بهرنگی" بوو، بەنیٚوی "یک هلو هزار هلو".

بەڵی لیٚرە زۆر بە روونی بۆمان دەردەكەوی كە نەمر چەندە گرینگی بە مەسائیلی سیاسی داوە،و زۆر وەستایانەو شارەزایانەش هەنگاوی بۆ ناوە، و دەخوازیٚ لە و فەزا پۆلیسی و داخراوەی ئەو كات،بە قەولی مەعروف "دیوار موش دارد موش هم گوش دارد" مەدرەسە بەرەو بەحس و مشاجەرەی سیاسی بەریٚ. كاك سمایل دەڵیٚ شۆرشی باشوری كوردستان توشی نسكۆ ببوو، فەزای ناهومیٚدی وشكست باڵی بەسەر وڵات دا كیٚشابوو،كاك تەها عینوانی ئیٚنشایەكی



پێدابن لە ژێر سەردێری، ئینسان لە وانەیە لە گەیشتن بە ئامانج توشی شکست بێ بەڵام نابێ نائومێد بێ. بەڵێ عینوانی ئینشا نۆرماڵ نیەو هەدەفمنداندیە وخواستی تری لە پشتە. کاک تەها وەک ماموستایەکی بە ئەزموون بە تیرێک دوو نیشانان دەپێکی لە لایەک هەستی ئومێد وبڕوا بە خۆ بوون لە نێو لاوانی کورد بەهێز دەکا و لە لایەکی تر زۆر لێزانانە تووی شۆرش و بەرخۆدان لە سەنگەری قوتابخانەوە دەخوازێ لە نێو خەڵک دا بچێنێ. سەرنجام شۆرشی گەلانی ئێران دەست پێدەکاو، زۆر ناخایەنێ کە ئەو تەون و کرەی بە خوێنی رۆلەکانی گەلانی ئێران و سەری سەرکردە پێکەوە نراوە بە دەست وبازوی بەهێزی گەل تێکەوە دەپێچرێ و دەخرێتە نێو زبڵدانی مێژوو. ئیتر ئەم سێبەرە شوومە نامێنێ و رەژیمی پەهلەوی بۆ هەمیشە دەگۆڕ دەنرێ. گەلی کوردیش کە لە هەل وەدەرفەت دەگەرێ،بۆ ستاندنی مافی دێتە مەیدان و ئامادەی هەر قوربانی و فیداکارێکە لە پێناو داوا رەواکانی دا. بەڵێ زۆر روونە کە هەڵوێستی ئەمر چەدەبێ. بەڵێ کاک تەها پاڵ بە هەر هەموو قازانج و بەرژەوندیکانی خۆی وەدەنێ و بە کردەوە ئاشکرا قۆڵی هیممەت هەڵدەماڵێ و خۆی بەشداری شۆرشێکی سەخت و خویناوی دەکا دێتە رێزی شۆرشگێرانی دێموکرات و دەبێتە پێشمەرگە و رێبواری راستەقینەی بەرهەقی مافخوازی گەلە هەژارەکەی . لە راگەیاندن دا لە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران دەست بەکار دەکا و هەموو توانا و ئەزموون و کارایی خۆی لەم ئۆرگانە دا دەخاتە کار.

بە هیممەتی کاک تەها و هاوکارانی دەنگی کوردستان دەبێتە دەنگی هەژارو نەدار، دەنگی کرێکارو جوتیارو زەحمەتکێشان، دەنگی خوێندکارو قوتابیان، دەنگی ئازادی و ئازادیخوازان، دەنگی شۆرش و شۆرشگێران، دەنگ دەنگی پێشمەرگەیە.

بەڵێ ئەوە بە لێزانی و کارایی و زەحمەت و تێکۆشانی کاک تەها و یارانێتی، ئەو دەنگە کە هاواری گەلێکی بێبەشە، هەر هەموو پەردەو لەمپەرێک دەبڕێ، لە گەڵ خوێندکار لە زانکۆیە ،لە قوتابخانە لە مزگەوتە،لە ناو هەر هەموو مالان دا، لە کێو و مەزراو گێلگەیە، هێزی هاندەرە رێنیشاندەرە، لە گەڵ پێشمەرگە لە ناو سەنگەرە. ئەگەر بۆ ئاخری پەنجاکان و دەیەی شەستی هەتاوی ئاورێک دەینەوە زیاتر بۆمان روون دەبێتەوە کە نرخ و رۆڵی ئەم رایۆیە چەندە گرینگ و پڕ بایەخ بووە و بەتایبەتی ئەگەر بزانین کە گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا تا ئەو کات هیچ وەختێک خاوەنی هیچ مێدیایەکی خۆی نەبووە.

لەم رادیۆیە دا رۆڵ و نەخشی کاک تەها وەک بەفری بەر تیشکی خۆر دیارە و هیچ کەس ناتوانێ ئێنکاری بکا. کاک تەها لە ناو حیزب دا دەبێتە کادرێکی نمونەی هەڵوێست و ئازایی، بە دژی هەر کردەیکی نا شۆرشگێرانە و نا دێموکراتانە هەڵوێست دەگرێ لە کۆروکۆبوونەوەو کۆنفرانس و کۆنگرەکان دا چالاکانە بەشداری دەکا خاوەن هەڵوێست و قسە و نەزەری خۆی دەبێ. بە قسەی زۆر کەس لە ئەندامانی حیزب ، نەمر کاک تەها ئەگەر خۆی ویستبای لە حیزب دا لە رێزی پێشەوەی رێبەران دا دەبوو. بەڵام بۆ کاک تەها ئەو کەسە مەسئول و رێبەر بوو کە ئەرک و مەسائیلی حیزبی سادقانە، دڵسۆزانە، لێزانانە و بوێرانە راپەرێنێ. نەک تەنیا نێوی مەسئولی لە سەر بێ.



ئەم هەمـوو خـاڵە بەهێـزانە کـاک تەهایـان کردبـوو بە خۆشەویسـتی کـادر و پێشـمەرگە. لە گەڵ ئەوە کە شـوێنی کـاری کـاک تەهـا ئۆرگـانی رادیـۆ بـوو، بەڵام دۆست و رەفیقی لە هەمـوو هێـزو کۆمیتەکـان دا هەبـوو. کـاک تەهـای خەڵکی و خـاکی زۆر بـایەخی بە خـۆ نێزیـک کـردنەوە لە هەمـوو ئەنـدامانی حیـزب دەدا و حەزی بە ناسـینی تەک بە تەکـی ئەنـدامانی حیـزب دەکـرد. بەڵـێ بەراسـتی کـاک تەهـا هەمـوو خـاڵە کـانی سـیمای کـادریکی دێمـوکراتی لە خـۆ دا کۆکردبـۆوە .گەلـۆ ، کـاک هەیـاس کـاردۆ، وتەنـی ئینسـان دەبـێ چەنـدە لە خـۆ بـردوو بـێ کە وەک کـاک تەهـا بـێ. چـل رۆژ بەر لە ئەمرۆ بە تەلەفوون پێیان وتم کاک تەها.. تەنیا چەند وشەیەکمان توانی رەدوبەدەڵ بکەین.

بەڵـێ بـاس، باسـی لەلێـدان کەوتنـی دڵە گەورەکەی کـاک تەهـا بـوو . تاسـام، حەپەسـام، نـوقمی دەریـایی خەیـاڵات بـووم، چەنـد تەکـانێکم بە جەسـتەی تەزیـوو تاسـاوم دا . سـەیرە لە خەودام یـا بیـدارم تـا ئەمـرۆ کە لێـرە کۆبـووینەوە بۆ رێزگرتن لە ژیانی پڕ سەرفرازانەی نەمر کاک تەها هەر پێم وایە لە خەو دام

ئای خوایە لەو خەوە چەندە تاڵە
چەندە بەسەر جوڵەو ترپەی دڵا زاڵە
ئای بەم خەوە چەندە ئاڵۆز، پەریشانم
چەندەخەستە، بەژانە گیانم
خوایە لەم خەوە، رامپەڕێنە
هێزی بە بەرجەستەی سڕما بێنە
با هەست بەگەرمایی ژین کەم
شەرتبێ، دیدەم لەخەو نە بان کەم

نووسینی: کەریم ئیبراهیم زادە ( کەریمە سوور)

ئەو بابەتە لە چلەی ماتەمینی نەمر کاک تەهای عەتیقی دا خوێندراوەتەوە

سەرچاوە : ماڵپەری گیارەنگ / رێکەوتی : ١١ی فێوریەی ٢٠١٠



## کاک تەها ئەرکی ئێمەت قورستر کرد.

**ئیبراهیم لاجانی**

هەواڵی مەرگی نابەوەختی کاک تەهای عەتیقی هەژاندمی. لەسەریەک ئەو جۆرە هەواڵانە تاسێنەر و خەمهێنەرن . بەڵام ئەو هەواڵە ئازاریشی لەگەڵ دابوو لە خۆرا نەبوو بە هەموو وجودمەوە هەستم بە لەرزینی ئەژنۆکانم کرد. ئاخر بە لە دەستچوونی کاک تەها، حیزبی دێموکرات کادرێکی بەوەجی خۆی، گەلی کورد لە کوردستانی ئێران تێکۆشەرێکی شێلگیری رێگای ئازادی و دێموکراسی، دەزگای راگەیاندنی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێران یەکێک لە ماندوویی نەناسترین مودیرەکانی خۆی لەدەست دا.



کاک تەها کە پێش بوون بە پێشمەرگە، تواناو زانایی و لێوەشاوەیەکانی خۆی وەک مامۆستا لە قوتابخانەکانی مەهاباد دا بۆ پێگەیاندن و پەروەردەکردنی نەوەیی نوێی کورد تەرخانکردبوو، پاش هێرشی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوردستان، بەرگی پێشمەرگایەتی لە بەرکرد و هەموو وزەو زەوق وهەست و وجودی خۆی بۆ بردنە پێشی خەبات لە رێگای ئازادیدا تەرخان کرد. کاک تەها هەر لە رۆژەکانی هەوەڵەوە لە رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێراندا کاری کرد و زوو بوو بە کۆڵەکەیەکی بە هێزی رادیۆ دەنگی کوردستانی ئێران. رادیۆیەک کە بە تایبەت لە هەل و مەرجی سەختی ئەو دەمەدا و تەنانەت دواتریش و ئێستاش هەروا دەنگی حەقوێژی بزووتنەوەی میللی دێموکراتی گەلەکەمانە و لە راگرتنی وردی خەباتگێرانەی گەلەکەماندا رۆڵی بنەرەتی دەگێرێ رۆلەکانی کوردستان بۆ خەبات و بەربەرەکانی هاددا.

کاک تەها بە حوکمی کارەکەی و شوێنی کارەکەی هەمیشە مشاوێرێکی سابتی رێبەرایەتی حیزب بوو. خاوەن نەزەر و بۆچوونی خۆی بوو. حیزبیەکی دڵسۆز و بە بیروباوەڕ بوو. بە هەموو واتای وشە پێشمەرگە بوو. ئێمە کە ساڵانێکی زۆر پێکەوە لە رادیۆ دەنگی کوردستان هاوکار بووین، دواجار لە غوربەتدا چەند ساڵ لەمەوبەر یەکترمان دیتەوە. ئەو دەم تازە یەک دوو رۆژ بوو کە شەپۆلەکانی رادیۆ کەوتبوونە سەر ئینترنێت. گەراین و پێکەوە توانیمان لە رێگای ئینترنێتەوە گوێ لە دەنگی رادیۆ بگرین. بە بیستنی دەنگی رادیۆ هەردووکمان چاومان پربوون لە ئاو . بەلی گریاین. خاتراتی دەورانی هاوکاری لە گەڵ کاک تەها هەمیشە بۆ من سەرچاوەی ئیلهام دەبێت تا هەم لە گەڵم دەبن. پاش کاک تەها ئەرکی ئێمە تێکۆشەرانی دێموکرات گرانتر دێتە بەرچاو چونکە دەبێت جێگای خالی ئەویش پڕکەینەوە.

یادی کاک تەهای پێشمەرگە بە خێر ورێگای هەروا پڕ رێبواربێ

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێشمەرگەکان / رێکەوتی : ٢٩ی دێسامبری ٢٠٠٩

# یادی کاک تەها عەتیقی لە دلّم دا زیندوە

رەحیم رەشیدی

هەمـوو شتێک لە نەکـاو هـاتە گـۆڕێ، بە سـەفەرێک لە پاریسـەوە هـاتبومە واشـینگتۆن، رۆژێکـی سـاردو تـووش، تفت هەڵخستایەت بە ئاسمانەوە دەیبەست. کۆمەڵێک هاوڕێ لە ماڵی دۆستێک کۆبووینەوە،



دەمـان هەویسـت لێوێـک بە بـادە تەڕ کەیـنو خەمێکـی غەریبی بە "بـا" دەیـن. گەرەکمـان بـوو کە دەفـــتەری بیـــرەوەری پێشـــمەرگایەتی، ئـــاوارەیی، پەنـــاخوازیو پەنـــابەری چەنـــد ســـاڵەمان لە تـــورکیە، ئورووپـــاو ئامریکـــا، هەڵـــدەینەوەو ئەو بوخچـــانەی دڵ بکەیـــنەوە کە ماوەیەکی زۆرە نەکراونەوە، بۆ ئەوەی دەمارەکانی ژیان تەژی لە هیوا کەینەوە.

هەورامیەکـی کـۆنە ناسـیاو هەر خەریکـی موبـایلەکەیەتی، لە نەکـاوو لە نێـو ئەو حەشـیمەتەدا، ڕوو لە مـن دەکـاتو دەڵـێ: "ئەزانـی کـاک تەهـا عەتیقی مـرد". بـێ ئەوەی پرسـیاری لێبکەم، کە چـی ڕووی داوە، بـێ ئەوەی زارم گـۆ بکـا، لە جێگای خۆم سڕ دەبم.

دونیـای منـداڵی خـۆم وەکـوو فیلمێـک، بە خێرایـی شـەمەندەفەر، بە ڕهێڵەکـانی زەیـنمدا دێـتو دەچێـت، ئەرێ، مـن هەمیشە ئـۆگری دەنگـی بـووم. هەمـوو کـات بە دڵ خۆشم ویسـتوە، هـیچ کاتێـک سـەبارەت بەو پیـاوە هەسـتم بە دووریو غەریبـی نەکردبـوو. بە تـایبەتی ئەو کاتـانەی بەو دەنـگە نەرمو نیـانەی لە بەرنـامەی "وڵامـی نـامەی گوێگرەکـان" کە لە رادیـۆ دەنگـی کوردسـتانی ئێرانـدا، رۆژانـی هەینـی هەمـوو حەوتـوویەک، وەکـوو نەقـوڵو نەبـات بەسـەر کوردسـتانیان بە گشـتیو ڕۆژهەڵاتـی وڵات بە تـایبەتی دەبەخشـرایەوە. دەنگێـک کە وەکـوو تـاڤگە هەر هەسـتێکی هەڵچووشـی هێـور دەکردەوە.

ئێسـتاش کە بیـر لە ڕابـردوو دەکەمەوەو بە کـۆڵانی بیرەوەرییەکـانمدا شـۆڕدەبمەوە، زانسـتو قسـەی نەسـتەقی کـاک



تەهـــا ســـەرنجم ڕادەکێشـــن، هەســـتێکی ســـەیر دامـــدەگرێ کە بیـــری دەسنووسـەکانی دەکەومەوە کە کـاتی خـۆی لە رادیـۆ بە حەزو خولیـایەکی بـی سـنوورەوە دەمخـوێننەو لێیـان فێـر دەبـووم. ئەوە مـاوەی سـێ سـاڵی ڕەبەقە قورسایی مەرگی کتوپڕی ئەم مرۆڤە شکۆمەندە بەری نەداوم...

ئێـوارەی ٢٩ی مانـگ، زۆر لە خـۆم دەکەمو لەگەڵ دادە ئەسـمەر خێزانـی کـاک تەهـا، تەوار شـەریفی، هەروەهـا دەگەڵ دوو هەڤـاڵی دێـرینو تـا سـەر بە وەفـای کـاک تەهـا، بەڕێـزان عەلـی پوورئامـانو ئەحـمەد شـێربەگی دەدوێـمو هاوخەمیـان لەگەڵ دەکەم، لە راسـتیدا خەمیـان لەگەڵ بەش دەکەم. کوڵی گریانێکی بە ژان سەرتاپای وجودم دەهەژێنێت، قسەکانی دادە ئەسمەرو لاواندنەوەکەی هەموو مرۆڤێکی



به ویژدانو خودان هەست، سر دەکات. کاک عەلی پوورئامان ئەم مرۆڤە بەهەستو گەوورەیە، بە وردیو بەو پەڕی خەفەتبارییەوە هەموو ڕووداوەکەم بۆ دەگێڕێتەوە کە چی ڕووی داوەو چلۆن کاک تەها لە کاتی وەرزش کردندا شەپڵە لێیداوە...

دەزانم کە دادە ئەسمەر ئەوە دوو جارە هێلانەکەی لێدەشێوێ، دوو جارە ئێشو ژان لە هەناوی ڕۆ دەچێت، ئەو ئۆفو ئێشی مەرگی سوورو سەربەرزانەی شەهید عەبدوڵا شەریفی سەر لە نوێ بۆ زیندوو بۆتەوە، دەردەکەی زیندوو بۆتەوە؛ لە بەر ئەوەی کاک تەها بەراستی، بە سۆزو مێهرەبانی بێ سنوورەوە، نەبوونو بێ بابی بۆ منداڵەکانی باجە ئەسمەر کاڵ کردبووەوە...

یەکەمین جار کاک "تەها"م لە ڕێکەوتی ٢٤ی ئاپریلی ساڵی ٢٠٠٤دا، لە بڕلین پێتەختی ئاڵمان لە کاتی دانانی لەوحی بیرەوەری شەهیدانی میکۆنۆس دیت، ئەو کات لە سوئێد دەژیام، ئەویش پێشتر لەوێ دەژیا، دوایە کە ژیانی هاوبەشی پێکهێنا هەواری گواستەوە بۆ سوئیس، لەبەر گرینگی دانانی ئەو لەوحە لەوێ بوو، ئاشنایەتیمان درێژەی کێشاو بە دەست بە کار بوونم لە تەلەویزیۆنی تیشک لە پاریس، دۆستایەتیمان چڕتر بویەوە، لەو ماوەدا کاک تەها بۆ من مامۆستاو ڕێنوێنکی یەکجار مەزنو گەورە بوو. هەر دەم، ڕێنوێنی دەکردم، هەڵەو پەڵەی بۆ پینە دەکردمو ڕێگای دروستی لە پێش دادەنام...

جارێک کاک هادی حوسێنی، بۆی باس کردم کە لە مێژە کاک تەها دەناسێو دواجاریش لەگەڵ کۆمەڵێک بەرپرسی حیزبی لە ماڵیان بوە کە پێیانی وتوە: "...ئاگاتان لە کاک ڕەحیم بێ، دڵی ڕاگرن..."

پاش ماوەیەکی زۆر، پرسیارم لێکرد کە شتێکی ئاوام بیستوە، سوپاسم لێکرد، یادی هەزاران جار بەخێر بێ، فەرمووی: "...ئەمن دەیانناسمو کارم لەگەڵ کردوون، پێم سەیرە کە ئەوندە خۆت ڕاگرتوە، دەزانم کە چ دەکەیتو چەندەش باشی دەکەیت...". بۆچوونی کەسێکی وەکوو کاک تەها، بەو هەموو لێزانیو زانستەوە لەسەر کارەکانم، بۆ من بایەخو پەیامێکی گەورەی تێدا بوو.

کاک تەها عەتیقی، قوتابخانەیەکی گەورە بوو، بێ گومان ئەدەبیاتی بەرگری کورد قەرزاری قەڵەمو خزمەتە بەرچاوەکانی ئەو مرۆڤەیە، باوەرم وایە کە پێویستە خوێندکارانی کورد تێزی دوکتۆرا لەسەر خزمەتەکانی کاک تەها بنووسن. دەشێ ئەوان سەبارەت بە کارو تێکۆشانی ئەو نەمرەو ئەو خزمەتە مەزنو بەرچاوانەی بە زمانو وێژەی کوردی بە گشتیو ئەدەبیاتی شۆڕشگێرانەو پێشکەوتوانە کە لە سەردەمێکی سەختو دژواردا پێشکەشی کردوە. توێژینەوە بکەن.

بە داخێکی گرانەوە، کاک تەها لە هەلومەرجێکدا گوڵی تەمەنی پڕ لە شانازی هەڵوەڕی کە، بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە هۆی خۆ خۆریو دووبەرەکیەکی بێزئەستێنو دوژمن شادکەرەوە، تاکوو ئێستاو بەو جۆرەی شیاوی ژیانو ڕابڕدووی پڕشەنگداری ئەو نەمرەیە، یادی نەکراوەتەوە.



یادو ناوی کاک تەهای عەتیقی هەمیشە لە دڵماندا زیندوە.

سەرچاوە : ویبلاگی نووسەر / ڕێکەوتی : ٢٩ی دێسامبری ٢٠١٢

# بۆ کۆچی ناوادەی هاوڕێم تەها عەتیقی

**سەروان سابیر**

ئەمجارەش داسی مەرگ گەوزی هاویشت و ڕۆڵەیەکی دیکەی مەڵبەندی موکوریانی خستە سەر زەوی. لە ڕۆژێکی ساردو سڕی زستانی سوئێد، هەواڵی مەرگی لە ناکاوی کاک تەهای عەتیقیم پێگەیشت، بەخۆم نەبوو، شریتی عومری ڕابردووم بەرەو دوا هەڵکردەوەو گەڕامەوە بۆ ساڵەکانی سەرتای ناسیاویی من وکاک تەها و برایەکی بە نێوی کاک وەهاب.



ئەم جوتە برایە لە پاییزی ساڵی ١٣٣٧ی هەتاویی هەتا پاییزی ساڵی ١٣٤٠ی هەتاویی هاوکلاسم بوون ؛ هەر لەو کاتەوە کە کاک تەهام ناسیوە؛ ئەوم وەک مرۆڤێکی روو خۆش و قسە خۆش، هەروەها هێدی وبەویقارێکی تایبەت بە خۆیم بینیوە، ئەو تایبەتمندیانە ئەویان کردبوو بە خۆشەویست و جێی ڕێزی هەموان.

بەڕاستی بە منداڵیش هەستان و دانیشتنی کاک تەها زۆر لە سەرووی تەمەنی بوو. لە کلاسی پێنجەم بەڕێوەبەر( مبصر)ی کلاسەکەمان بوو، هەروەها لە کلاسی شەشەمیش چەند مانگێک( مبصر)ی کلاس بوو. لە بیرمە ئەو ڕۆژەی ئاغای" مبلغی" (رئیس) وئاغای" صالحیان"(ناظم)ی مەدرەسەکە کاک تەهایان وەک( مبصر)ی کلاسەکەمان دیاری کرد، ئاغای مبلغی گوتی:

" از امروز جناب طه عتیقی را بعنوان مبصر کلاس معرفی میکنیم و امیدواریم اخلاق و رفتار ایشان الگو باشد برای همه شاگردان کلاس."

بەکار هێنانی وشەی جەناب لە لایەن رئیسی مەدرەسەوە لەو سەردەمەدا کە شووڵی تەڕ و شەق و زللە زمانی ڕۆژانەی زۆربک لە مامۆستایان بوو، زۆر بە دەگمەن دەبیسرا .

لە هاوینی ١٣٤٠ وە هەتا ١٣٦٠/٧/١واتە پاش بێست ساڵ دیسان لە دەفتەری سیاسی حیزب لە دۆڵی دێموکرات بە دیداری کاک تەها شاد بوومەوە و لە ماوەی ساڵانی پێشمەرگایەتیمدا هەرکات ڕێم لە دەفتەری سیاسی کەوتبا سەردانی کاک تەهام دەکرد.




کۆچی دوایی کاک تەها وەک رەفیقێکی دێرینم بەڕاستی کزەی لە جەرگم هێنا، کاک تەها سەرەڕای ئەوەی رەفیقێکی لەمێژینەم بوو، نموونەی ئینسانێکی بە تەواو مەعنا بوو، کاک تەها ئینسانێکی ڕاستگۆو بوێر بوو، ئەو بێ پەردە نەزەراتی خۆی باس دەکرد. خۆم بە شەریکی غەم و پەژارەی بنەماڵەی کاک تەهای عەتیقی خۆشەویست دەزانم ، هەزاران سڵاو لە رووحی هەمیشە شادی کاک تەها.

سەروان سابیر. سوئێد ١٣٨٨/١٠/٨
٢٩ی دیسامبری ٢٠٠٩

## ئەمرۆ ٢٨ی دێسامبر سێ ساڵ بە سەر مەرگی کاک تەهای عەتیقی دا تێدەپەڕی,

### ئەحمەد شێربەگی

ئەمرۆ ٢٨ی دێسامبر سێ ساڵ بە سەر مەرگی هەژێنەرو کوتوپرو نابەوەختی دۆست وهاوسەنگەر و مامۆستام نەمر کاک تەهای عەتیقی دا تێدەپەڕی و پێدەنێتە چوارەمین ساڵی ئەوسەفەرە بێ گەڕانەوە ویستم بۆ یادکردنەوەیە لەو ئیسانە گەورەیە کە سەخاوەتمەندانە لە ژیانی خۆی مایەی دانا و سادە ژیا و هیچیشی لە گەڵ خۆی نەبرد یادێک بکەمەوە .





نووسراوەیەکی کورتی کاک تەهاتان دەخەمە بەر چاو کە بۆ پێشەکی وەرگێرانی کتێبی زانستی "کوردستان و کورد"لە نووسینی رێبەری مەزن دوکتور قاسملووی مامۆستا نووسیویتی. لەو مەتنە بچووکەدا لە گەڵ بیرو هزری نەمر کاک تەها عەتیقی ئاشنا دەبن...

==========================================================


یەکەمجار کە لەگەل کتێبی .کوردستان و کورد" ئاشنا بووم زستانی ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی سەرەتای دەستپێکردنی ڕاپەرینی گەلانی ئێران لە دژی رێژیمی پاشایەتی بوو.بۆ من خوێندنەوەی پەرتووکێکی ئەوتۆ ،ئەویش بە زمانی کوردی خۆشی و چێژێکی تایبەتی هەبوو.

ناوەرۆکی وردی پەرتووکەکە و لێکدانەوە زانستیی یەکانی نووسەر لە هەل ومەرجی ئابووری،ڕامیاری و مێژوویی کوردستان کە پشتی بە بەڵگەو ژمارەو ئامارێکی حاشاهەڵنەگر بەستبوو،منیش وەکوو هەموو خوێنەرانی بێ ئەژماری



ئەو کتێبە بە زمانە جۆربە جۆرەکانەوە خۆلیای خۆی کرد، وای لێکردم کە بریاری وەرگێرانی بۆ سەر زمانی فارسی بدەم.

ئەو چۆنییەتە تارادەیەک دژوار بوو بەڵام ئیرادەی لێبڕاوانەم بوو بە هۆی ئەوە بە سەر ئەو گرفتەدا زاڵ بم و کاتێ لە وەرگێڕانەکەی بوومەوە کە نەلە تاجی پادشاهی شوێنەوارێک ما و نە لە تاج بە سەر.بەڵام هێندەی نەخایاند کە بووکی ئازادی ،بەرهەمی شۆڕشی گەلانی ئێران ،بۆ جارێکی دیکە کەوتە ژێر ڕووبەندی کۆنەپەرستی و سەرەرۆیی ، "کوردستان" سەنگەری دێمۆکراسی و خودموختاری کەوتە بەر پەلاماری بێ بەزەیانەی پارێزەرانی بیرە دواکەوتوەکانی سەدەکانی ناوەراست. شەرێکی خوێناوی لە نێوان پارێزەرانی دێمۆکراسی و دیفاع لە دەسکەتەکانی شۆڕش لە لایەک و تاریک بیرانی ڕابوو لە گۆرستانی مێژوو لە لایەکی دیکەوە دەستی پێکرد . شارو گوندەکانی کوردستان کەوتنە بەرپەلامار،خەڵکی بێدیفاع قەڵاچۆ کران و پۆل پۆل لاوەکانی کورد دەگیران و تیرەباران دەکران. بەرەکانی شەری بێ ئەمانی خەباتگێڕان




و پارێزەرانی راستەقینەی دێمۆکراسی لە شارەوە بۆ کێوەکانی کوردستان کە تەنیا یاری وەفاداری گەلی کوردن گوێزرایەوە.شەرێک کە تائەمرۆش درێژەی هەیە و هەتا سبەینێی سەرکەوتنیش هەر درێژەی دەبێ.

بیگومان لە چاپ دانی ئەو پەرتووکە لە هەلو مەرجێکی ئاوادا زۆر دژوار بوو.بە تایبەتی کە وەرگێر بۆ خۆی چووبوە نێو ریزەکانی پێشمەرگەوە.لە تەواوی ئەوسالانەی شۆڕش دا سەڕەرای هێرشە پەیتاپەیتاکان.بۆمبارانەکان. کۆچو کۆچبارەکان و تەنگو چەڵەمەکانی شۆڕش، وەرگێڕانی ئەو پەرتووکەم وەکوو گەوهەرێکی بەهادار پاراستوە و لاپەڕەکانی هەمیشە بەشیک بوە لە نێوئاخنی کۆڵە پشتی یە کەم.دەستنووسی ئەو پەرتووکە کە ئێستا کەوتۆتە بەر چاوتان شاهیدێکی نیزیک و یاری هەمیشەیی من بوە لە هەموو رۆژە سەختەکانی خەبات دا.

من لە هیچ هەلو مەرجێکدا هۆمێدی لە چاپدانی ئەو کتێبەم لە دەست نەدا و ئێستاش نیزیک بە ١٨ ساڵ کە لە ڕێکەوتی ئەو وەرگێڕانە تێدەپەرێ و.ئەو ئارەزوە لە مێژینەیەم وەدی هاتوەکە خوێنەرانی فارسی زمان وەک هەموو خوێنەرانی زۆرێک لە زمانەکانی دیکە لە گەڵ مەتنی ورد و دەقیقی ئاشنا دەبن .ناتوانم خۆشحاڵی خۆم بشارمەوە...
هەرچەند سالانێکی زۆر لە نووسینی ئەو پەرتووکە"کوردستان و کورد" تێدەپەڕێ ،کۆمەڵگای کوردەواریی لە زۆر بواری ئابووری و کۆمەڵایەتی گۆڕانی بنچینەیی بەسەر داهاتوە و نێوئاخنی کتێبەکە و بەتایبەتی ئامارەکانی لە گەڵ



**راستی یەکانی ئەمڕۆیی یەکناگرێتەوە ،بەڵام بە وتەی نەمر "قاسملوو" هەر پەرتووکێک مێژووی تایبەتی خۆی هەیە و فەسڵە جۆراوجۆرەکانی کە نیشاندەری هەلو مەرجی ژیانی ڕامیاری و ئابووری و مێژوویی قۆناخە تایبەتی یەکانی ژیانی ئەو گەلە زۆرلێکراوەیە ئیستاش کە ئێستایە بۆ تویژەنەر و لێکۆڵەرانی پرسەکانی دۆزی کورد سەرچاوەیەکی جێگای بڕوایە..**

**لە کۆتایی دا بە پێوستی دەزانم لە بەرێز مامۆستا عەبدوڵا حەسەن زادە وەرگێری کوردی" کوردستان وکورد" کە لە چاو پێداخشاندنەوە بە پەرتووکە دا زەحمەتێکی زۆری کێشا و لە راستی دا ئامادەکردنی کتێبەکە بۆ لە چاپدانی قەرزداری زەحمەتەکانی ناوبراوە ،هەروەها لە هاوڕییانی کۆمیسیۆنی چاپ و بڵاوکراوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە تایپ و مۆنتاژ کردن دا یارمەتیان دام هەروەها لە دۆست و برای بەرێزم کاک ئەحمەد شێربەگی کە لە سەرلەنوێ نوسینەوەی مەتنی ئەو کتێبە زەحمەتیان کێشاوە و هەروەها لە هەموو ئەو کەسانەی کە هەریەکە یان بە شێوەیەک هاوکاریان کردووم پڕ بەدڵم سپاسیان لێبکەم.**


نخستین باری که باکتاب " کردستان و کرد" اشناشدم – زمستان سال ۱۳۵٦ شمسی سر اغازحرکتهای مردمی خلقهای ایران علیه رژیم شاهنشاهی بود . برای من خواندن چنین کتابی– انهم بزبان کردی – لذت بخش و شادی افرین بود.
محتویات دقیق کتاب و تحلیلهای علمی نویسنده از شرایط اقتصادی ، سیاسی و تاریخی کردستان که متکی به اسناد و ارقام و امار غیر قابل انکار بود ، مرا نیز مانند خوانندگان فراوان ان درزبانهای مختلف شیفته خودکرد واین شیفتگی، درادامه ی خود به تصمیم من درموردترجمه ی ان بزبان فارسی انجامید.
این کار، اندکی مشکل مینمودااماعزم جزم من براین مشکلات پیروزامدوازکارترجمه ی ان زمانی فارغ شدم که دیگرنه ازتاج شاهی نشانی مانده بود ، نه ازتاج نشان ! دیری نپائید که " خجسته ازادی " این حاصل انقلاب خلقهای ایران ، نقاب ارتجاع و استبداد برخ کشید و کردستان – سنگردمکراسی و خودمختاری– مورد یورش بیرحمانه ی پاسداران اندیشه های قرون وسطایی قرارگرفت . نبردهای خونینی میان طلایه داران دمکراسی و دفاع از دستاوردهای انقلاب ازیکسو و سیاه اندیشان از گورستان تاریخ بر امده ازسوی دیگردرگرفت ، شهرها و روستاهای کردستان مورد تهاجم قرارگرفتند ، مردم بیدفاع قتل عام و انبوه جوانان به جوخه های اعدام سپرده شدند . اماجبهه ی رزم بی امان مبارزان و حامیان راستین دمکراسی این بازارشهربه کوه منتقل شدو پیشمرگان پیکارگردردل کوه – این یگانه یار وفادار خلق کرد – به رزمی برخاستند که تاامروزادامه داردوتافردای پیروزی نیزادامه خواهدیافت .
بیگمان ، چاپ کتاب درچنان شرایط و احوالی نامحتمل بود ، بویژه که مترجم خود نیز به صف افتخار امیز پیشمرگ پیوسته بود . درتمام دوران سالهای مبارزه مسلحانه ، علیرغم حملات مداوم سپاهیان تیرگی بمبارانها ، کوچ ، مشکلات و مصائب فراوان من متن ترجمه شده ی کتاب را چونان گوهری گرانبهاپاس داشتم و اوراق ان بخشی از محتویات همیشگی کوله پشتی پیشمرگانه ام راتشکیل میداد . درواقع ، دستنویس این کتاب که اکنون پیش روی شماست ، شاهدنزدیك و همدم دائمی من درهمه ی روزهای مبارزه ام بوده است .
من هیچگاه درچنان اوضاع و احوالی امیدم رابه چاپ کتاب از دست ندادم و اینك که باگذشت ۱۸ سال از تاریخ ترجمه ، این ارزوی دیرینه ام به تحقق میپوندد و خوانندگان فارسی زبان چون خوانندگان بسیاری از زبانهای دیگر بامتن دقیق و منسجم ان اشنا می شوند ، نمی توانم خوشحال نباشم .
گرچه سالیان زیادی که از تالیف کتاب می گذرد ، جامعه ی کرد در بسیاری از عرصه های اقتصادی و اجتماعی تغییراتی بنیادی بخود دیده و مندرجات کتاب بویژه امارهای ان با واقعیات امروزی منطبق نیست ، امابگفته ی زنده یاد " قاسملو " هر کتابی تاریخ ویژه ی خودرادارد و فصول گونه گونه ی ان که بیانگر شرایط و اوضاع سیاسی – اقتصادی و تاریخی مراحل ویژه ای از زندگی این خلق ستمدیده میباشد هنوزهم می تواندبرای پژوهشگران مسائل کردستان منبع قابل اعتمادی باشد .
در خاتمه لازم میدانم از اقای عبدالله حسن زاده – مترجم کردی – که دربازنگری کتاب زحمت بسیاری کشیده اندودرواقع اماده شدن کتاب مدیون کوششهای ایشان است ، همچنین از رفقای کمیسیون انتشارات حزب دمکرات کردستان ایران که در تایپ و مونتاژ ان مرایاری فراوان داده و از دوست و برادر گرامی اقای احمد شیربیگی که درپاکنویس کردن متن ترجمه شده زحماتی متحمل شدند و از دیگر کسانیکه هریك به گونه ای بامن همکاری نموده اند صمیمانه سپاسگزاری نمایم.

بامید فردای روشن خلق کرد
طه عتیقي
٧٤–٤–٢٧

**بە هومێدی بەیانێکی ڕووناک بۆ گەلی کورد**

**تەها عەتیقی**

**٢٧ی پووشپەڕی ساڵی ١٣٧٤ی هەتاوی / ١٨ی ژوییەی ١٩٩٥ زایینی**

**سەرچاوە : دیواری فیس بووکی ئەحمەد شێربەگی**

# پەیمانی لۆزان و سێور


لە نووسینی د. سادق شەرەفکەندی


وەرگیراو لە کتێبی کورتە مێژووی بزووتنەوە نەتەوایەتییەکانی کورد


وەرگێڕ بۆ کوردی: تەها عەتیقی


ئەم وتارە بە تایبەتی بۆ ڕاگەیاندنی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ڕۆژنامەی "کوردستان" ( ژمارەی تایبەت بە یادی ٢٠ ساڵەی د.شەرەفکەندی و هاوڕێیانی) نووسراوە.

## پەیمانی سێور (١٩٢٠ی زایینی)

بەر لەوەی باسی بڕیارەکانی کۆنفرانسی شەڕی یەکەمی جیهانی لە بارەی کوردستان دا و ئاکامی ئەم بڕیارانە بکەین، باسکردنی پێشینەیەکی کورت بە پێویست دەزانین!

لە تەواوی ماوەی شەڕدا، وتوویژ و کەینوبەین لە نێوان دەسەڵاتدارە ئیستعمارییەکان بە مەبەستی دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و خاکی عوسمانی لە ئارادا بوو. هەروەک پێشتر باسکرا لە بەهاری ساڵی ١٩١٦دا، لە نێوان ئینگلستان و فەڕانسە بڕیارنامەیەک لە مەڕ دابەشکردنی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست مۆرکرا کە بە پەیمانی «سایکس پیکۆ» ناسراوە. بە گوێرەی ئەم پەیمانە ناوچەکانی جنوبی و ناوەندی «بین النهرین» عێراقی ئەمڕۆ تا ژووروی بەغدا و سولەیمانی دەدرا بە ئینگلستان. بەشێکی زۆری سوریا و لوبنانی ئێستا و خوارووی تورکیا (ناوچەی مووسڵ) وەبەر فەڕانسە دەکەوت. ڕووسیای تێزارییش دەستبەجێ داوای بەشی خۆی کرد. لە ئەنجامدا ناوچەکانی دەوروبەری گۆلی «وان» لەگەڵ بەشەکانی دیکەی ژووروی کوردستان و ئەرمەنستان بۆ ڕووسیا تەرخان کران. ئینگلستان کە لە ماوەی شەڕدا زانیارییەکی زۆری لە بارەی کانگای ژێر زەوییەکانی ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاستی عەرەبی دا وەچنگ هێنابوو، بۆی دەرکەوتبوو کە کوردستانی خواروو بە تایبەتی لە باری نەوتەوە دەوڵەمەندە، چوار ڕۆژ پاش مۆر کردنی پەیماننامەی کۆتایی پێهێنانی شەڕ لەگەڵ عوسمانی (١٩١٨)، یەک لایەنە ناوچەی «مووسڵ»ی داگیر کرد کە وەبەر فەڕانسە کەوتبوو. ئەم کارە کێشەیەکی زۆری بە دواوە بوو، بوو بە هۆی ڕەخنە و بێزاریی فەڕانسە. بەڵام ئینگلستان کە دژ کردەوەی فەڕانسەی چاوەڕوان دەکرد، بۆ ململانێ کەوتە بیری ڕاکێشانی سەرنجی کوردەکان و دانی بەڵێنی سەربەخۆیی یان خودموختاری بە کوردەکان، بە یەکێک لە ڕێگاکانی دەست هەڵگرتنی فەڕانسە لە داواکردنی ناوچەی مووسڵ دادەنا. چوونی «سێر پێرسسی کاکس» کە پاشان بوو بە کۆمێسێری بەرزی بریتانیا لە عێراق بۆ خوارووی



فەڕانسەلە پوشپەری ساڵی ١٩١٨دا، وتوویژ لەگەڵ ژەنێراڵ شەریف پاشا کە دوو ساڵ پاشان بوو بە سەرۆکی کۆڕی نوێنەرایەتیی کوردەکان لە کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس لە بارەی پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ یان خودموختاردا نموونەیەکن لەم سیاسەتە. لە لایەکی دیکەوە، پاش شۆڕشی مەزنی سوسیالیستیی ئۆکتۆبر لە ساڵی ١٩١٧، یەکیەتیی سۆڤیەتی کە جێی رووسیای تێزاریی گرتبووە، لە تەواوی فراوانخوازییەکانی موستەعمەراتی و داوا ئەرزییەکانی لە وڵاتەکانی دراوسێ وازی هێنا. لە ئاکام دا ئەم ناوچەیە کە بڕیار وابوو بەشی رووسیای تێزاری بێ، تەماحی تێکرا. بە تایبەتی ئەمریکاییەکان بە راستی خەریک بوون بیکەنە هی خۆیان. بۆ ئەم مەبەستە پێشنیاریان کردبوو: حکوومەتێکی ئەرمەنی لە بەسێکی زۆری ئیمپەراتۆریی عوسمانی دا کە بڕیار وابوو بدرێ بە رووسیا دابمەزرێ. سەرەڕای ئەوە حکوومەتێکی «کورد»یش دابمەزرێ کە بە پێی نەقشەو پلانی ئەو کاتی ئەمریکا نیزیک بە چواریەکی سەرجەم خاکی کوردستانی دەگرتەوە. ئەم سێ حکوومەتەش دیارە دەبوو لە ژێر چاودێریی ئەمریکادا بوایەن.

لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا کۆنفرانسی ئاشتی لە »سێور» هەڵکەوتوو لە دەوروبەری پاریس پێک هات. لەم کۆنفرانسەدا کۆڕێکی نوێنەرایەتیی کوردیش بە سەرۆکایەتی ژەنێراڵ شەریف پاشا (کۆنە ژەنێراڵی عوسمانی و باڵیۆزی پێشووی ئەم ئیمپەراتوورییە لە سوید) وەک چاوەدێر لە وتووێژەکانی پێوەندیدار بە کوردستان و ئەرمەنستان دا بەشدار بوو. وتووێژەکانی کۆنفرانسی ئاشتیی پاریس بوو بە هۆی مۆر کردنی پەیمانێک لە ١٠ی مانگی ئووتی ١٩٢٠ (٢٠ی خەرمانانی ١٢٩٩ی هەتاوی) لە ٤٣٣ خاڵدا. دەقی ئەم بڕیارەی لەمەڕ کوردستان لە بەشی سێهەمی پەیمانەکەدا هاتووە بەم جۆرەیە:

ماددەی ٦٢: کۆمیسیۆنێک لە نوێنەرانی بریتانیا، فەڕانسەو ئیتالیا لە قوستەنتەنیە جێگیر دەبێ و لە ماوەی شەش مانگ پاش بەڕێوەچوونی ئەم پەیمانە خودموختاریی ناوچەیی دەدا بە ناوچەیەک کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن و لەو چواچێوەیەدا هەڵکەوتوون: رۆژهەڵاتی فورات، جنوبی سنوورەکانی خوارووی ئەرمەنستان بەم شێوەیەی کە پاشان دیاری دەکرێ. هەروەها بەشێک لە خاکی تورکیا هەڵکەوتوو لە ژورووی سنووره هاوبەشەکانی ئەم وڵاتە لەگەڵ بەین نەهرێن و سوریا بە لەبەر چاوگرتنی ماددەی (٢٧) بەشی دووهەم (خاڵی ٢ و ٣). هەرکات کۆمیسیۆن لەمەڕ کێشەیەک دا ساخ نەبۆوە، کێشەکە لەلایەن ئەندامانی کۆمیسیۆن دەدرێتەوە بە دەولەتەکانی خۆیان. گەلاڵەی ئەم خودموختارییە دەبێ مافی ئاشورییەکان، کەلدانییەکان و باقی کەمایەتییە رەگەزی و مەزهەبییەکانی نیشتەجێ لەو ناوچەیەدا بە تەواوی دەستەبەر بکا. کۆمیسیۆنێک کە لە نوێنەرانی ئینگلستان، فەڕانسە، ئیتالیا، ئێران و کوردەکان پێک دێ سەر لەم ناوچە دەدا ئەگەر پێویست بوو لە بارەی پێداهاتنەوەو ساغکردنەوەی سنورەکانی تورکیا کە بە گوێرەی ئەم پەیمانە لەگەڵ سنوورەکانی ئێران هاوبەشە، بڕیار بدا.

ماددەی ٦٣: حکوومەتی عوسمانی لە سەریەتی کە بڕیارەکانی هەرکام لەم کۆمیسیۆنانەی کە لە ماددەی ٦٢دا پێشبینی کراون لە ماوەی ٣ مانگ پاش وەرگرتنیان قبووڵ و جێبەجێیان بکا.



ماددەی ٦٤: لە ماوەی ساڵێک پاش جێبەجێ کردنی ئەم پەیمانە، بێتوو کوردەکانی دانیشتووی ئەم ناوچانە کە ماددەی ٦٤ دەیانگرێتەوە بچنە ئەنجومەنی کۆمەڵی نەتەوەکان و بیسەلمێنن کە زۆربەی دانیشتوانی ئەم ناوچانە حەزیان لە سەربەخۆیی لە تورکیایە و دەیانەوێ جیا ببنەوە و ئەنجومەنیش بۆی دەربکەوێ کە ئەم خەڵکە شیاوی سەربەخۆیین، بە تورکیا دەسپێرێ  کە سەربەخۆیی بدا بە کوردەکان. تورکیا لەسەریەتی کە لەو کاتدا هەڵوێستی خۆی لەگەڵ ئەم راسپێرییە رێک بخاو لە هەموو مافی خۆی لەم ناوچانە دا دەست هەڵبگری. چۆنیەتیی ئەم دەستهەڵگرتنە لە وتووێژە تایبەتییەکانیدا کە لە نێوان هاوپەیمانە سەرەکییەکانی و تورکیادا پێک دێ، دیاری دەکرێ.

گەر ئەم «دەستهەڵگرتنە»ی باسکرا لەلایەن تورکیاوە ئەنجام بدرێ و کوردەکانی دانیشتووی بەشێک لە کوردستان کە ئێستا لە ناوچەی مووسڵ هەڵکەوتووە بە پێی ویستی خۆیان بیانەوێ رەگەڵ حکوومەتی سەربەخۆی کورد بکەون هیچ کام لە هاوپەیمانە سەرەکییەکان لەم بارەوە مافی رەخنە و ئێعترازیان نییە.

باس کردنی چەند مەسەلە لە بارەی ئەم پەیمانەدا بە پێویست دەزانرێ: لە سەرەتادا پێویستە بزانرێ کە بە گوێرەی ماددەی ٦٤، چارەنووسی ویلایەتی کوردنشینی مووسڵ، بە شێوەی سروشتی و کتوپڕ بە چارەنووسی بەشەکانی دیکەی کوردستان گرێ نەدراوە. ئەم ویلایەتە نەوتەڵانییە تەنها کاتێک دەکرا وەسەر کوردستان بخرێ کە:

یەکەم – ئەم کوردستانە سەربەخۆیە پێک هاتبایە.

دووهەم – دانیشتوانی ویلایەتی مووسڵ نیشان بدەن کە حەزیان لە پێوەلکانە.

لەلایەکی دیکەوە پێکهاتنی کوردستانی سەربەخۆش بە مەرج و شەرت گرێ دراوە:

یەکەم – خەڵکی کوردستان دەبێ سەر لە ئەنجومەنی کۆمەڵی نەتەوەکان بدەن و بیسەلمێنن کە زۆربەیان سەربەخۆیی‌یان گەرەکە.

دووهەم: ویست و دەنگی زۆربەی خەڵکیش بەس نییە و ئەنجومەنی کۆمەڵی نەتەوەکان پێویستە ئەوان بە شیاوی وەرگرتنی سەربەخۆیی بزانێ. ئەگینا دەبێ داوا لە ئینگلستان بکا کە بە لوتف و کەرەمی خۆی کوردەکان بخاتە ژێر سەربەستیی خۆیەوە!

خاڵێکی دیکە لە مەڕ سنوورەکانی ئەم «کوردستان»ەی کە دەبووایە پێک بێ: بە پێی نێوەرۆکی پەیمانەکە، ئەم کوردستانە بەشێکی بەرینی لە ناوچە کوردنشینەکانی وەک «ئاد یامان» و «مەڵاتیە»و ... کە لە رۆژئاوای چۆمی فورات هەڵکەوتوون نەدەگرتەوە، لە بەر ئەوەی ئەم ناوچانە بەشێک لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی فەڕانسە بوون.



سەرەڕای ئەوە بە گوێرەی ماددەی ٢٧ی بەشی دووهەمی پەیمان (خاڵەکانی ٣،٢) جگە لە ناوچەکانی «کورد داغ» و دەشتەکانی «جزیرێ» کە ئێستاش بەشێک لە خاکی سوورییان، هەروەها شارەکانی «ئورفە»، «ماردین»،
«نەسیبین» و «جزیری ئیبنی عومەر»یش لە قەڵەم درابوون کە کەوتبوونە ژێر دەسەڵاتی فەڕانسە. ئەم دوو بەشەی لە خاکی کوردستان کە دەبووایە بە شێوەی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ بدرێن بە فەڕانسە نیزیکەی سێ یەکی خاکی کوردستانی عوسمانی دەگرتەوە.

بەڵام لە بارەی «سنوورەکانی خوارووی ئەرمەنستان وەک پاشان دیاری دەکرێن» ئەم سنورانە لە راستی دا لە ماددەی ٨٩ی پەیمان (بەشی شەشەم: ئەرمەنستان) دیاری کرابوون. بە گوێرەی پەیمان: تورکیا و ئەرمەنستان و وڵاتەکانی دیکەی بەشدار دەبووایە دیاریکردنی سنوورەکانی نێوان تورکیا و ئەرمەنستان لە ناوچەکانی «ئەرزەڕۆم» و «تەرابوزان» و «وان» و «بتلیس» بە داوەریی سەر کۆماری ئەمریکا بسپێرن و بڕیارەکان و ئەم رێوشوێنانەی کە رەنگە ناوبراو بۆ دەست پێڕاگەیشتنی ئەرمەنستان بە دەریا و هەروەها غەیرە نیزامی کردنی چەند بەشێک لە خاکی عوسمانی کە لە نیزیک سنوورەکانی ئەرمەنستان هەڵکەوتوون پێشیاری بکا، قبووڵ بکەن.

بەڵام دەنگی سەرکۆماری ئەمریکا بە کردەوە لەگەڵ ئەم چوارچێوەیەی کە خۆی پێشتر لە مەڕ دیاریکردنی چارەنووسی گەلاندا رایگەیاندبوو، یەکی نەدەگرتەوە. چونکە بێ ئەوەی لەگەڵ خەڵکی ناوچە دەست نیشانکراوەکان راوێژ بکرێ و پێکهاتەی رەگەزیی ئەو ناوچانە دیاری بکرێن، سەرکۆماری ئەمریکا بەشێکی بەرین لە خاکی کوردستانی عوسمانی کە زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی کورد بوون و نیزیک بە سێ بەشی دیکەی خاکی کوردستانی عوسمانی دەگرتەوە وەک ناوچەکانی «موش» و «ئەرزەنجان» و «ئەرزەرۆم»و «بێنگۆل» و «بتلیس» و «وان» و «ئاگری»ی دابوو بە ئەرمەنستان « کە دیارە دەبوو لە ژێر سەرپەرستیی ئەمریکادا بوایەن».

بەمجۆرە ئەگەر پەیمانی «سێور» جێبەجێ بوایە، کوردستان لە راستیدا بە کوردستانی ئێرانەوە دەبووە پێنج بەش. کوردستانی سەربەخۆی لەبەرچاوگیراو لە ناوەندی ئەم دابەشکرانەدا، وڵاتێک بوو کە لە باری خاکەوە تەنیا سێ یەکی خاکی کوردستانی عوسمانی دەگرتەوە و بە تایبەتی ئەم بەشە ناوچە بە پیتو بەرەکەتەکانی کشتوکاڵیی لەبار بۆ ئاژەڵداری دەگرتەوە. ئەوەی دەمایەوە ناوچە هەژارو دەسکورتەکانی وەک «خارپوت» و «دەرسیم» و «حەکاری» بوون و دیاربەکر وەک «ناوەندی ئیداری» و مووسڵ وەک «ناوەندی ئابووری» دەمانەوە. دیارە ئینگلستانیش مەسەلەی نەوتی دەخستە ژێر چاوەدێری.

کەوابوو پەیمانی «سێور» لە بارەی کوردستان و چارەنووسی نەتەوەی کورددا ئەوە نەبوو کیسەی بۆ هەڵدروین. سەرەڕای ئەوە هەروەک دەزانین تەنانەت ئەم پەیمانەش بەرێوە نەچوو. سەرئەنجام کوردستانی عوسمانی، بە پێی پەیمانی «لۆزان» بەسەر سێ حکوومەتی تازە دامەزراوی جیابۆوە لە ئیمپەراتۆریی پێشووی عوسمانی، واتا تورکیا، عێراق و سوریادا، دابەش کرا.

## پەیمانی لۆزان (١٩٢٣)و دابەشکردنی ئیستعماریی کوردستان

بڕیارەکـانی پـەیمانی «سیۆر» لـە بـارەی کوردسـتان دا، زیـاتر نووسـراوی سـەرکاغەز بـوون و هـەر لـە سـەرەتاوە دیـار بـوو کـە دەرەتـانی جێبـەجێ بوونیـان نییـە. لەمـەڕ بـەڕێوەبردنی ئـەم پەیمانـەدا هێنـدێک بەرپرسـایەتی درابـوو بـە دەوڵـەتی عوسـمانی کـە لـە راسـتیدا بـە کـردەوە دەوڵـەتێکی ئـەوتۆ لـە گـۆڕێدا نـەبوو. هۆیەکـەی ئـەوە بـوو کـە لـە ساڵی ١٩١٩وە، حەرەکەیـەک بـە ڕێبـەریی ژەنـەڕاڵ مسـتەفا کـەماڵ کـە پاشـان بـە ئاتـا تـورک (بـاوکی تـورک) نـاوی دەرکـرد، بـە مەبەسـتی لەسـەر کـار لابردنـی سـوڵتانی عوسـمانی و وەدەرنـانی هێزەکـانی بێگانـە لـە وڵاتـی تورکیـا و وەدەسـتهێنانی سەربەخۆیی سیاسی دەستی پێ کردبوو، بەرەبەرە گەشەی ستاندبوو.

دیـارە لـە باسـەکانی داهـاتوودا بـە وردی وێـڕای باسکردنی بزووتنـەوەکانی کـورد لـە کۆمـاری تورکیـادا بـە کـورتی باسـی هاتنـە سـەرکاری مسـتەفا کـەماڵیش دەکـەین. لێـرەدا هـەر ئەوەنـدە دەکـوترێ کـە تێکۆشـانی مسـتەفا کـەماڵ وەهـا گوشـاری خسـتبووە سـەر حکوومـەتی عوسـمانی لـە ئەسـتەمبووڵ کـە هاوپەیمانـەکانی ناچـار کـرد لـە بەرانبـەر هەڵوێسـتی ناسیۆنالیستیی مجلسی عوسمانی لە ساڵی ١٩٢٠دا ئەستەمبووڵ داگیربکەن و مەجلیسیش هەڵوەشێنن.

سـەرەڕای ئەمـە لـە سـەرەتای مـانگی بانەمـەڕی ئـەو سـاڵەدا کۆبوونەوەیـەکی بـەرین لـەژێر نـاوی «مەجلیسـی مـەزنی نیشـتمانیی تورکیـا» لـە شـاری ئەنقـەرە کـە لـە ژێـر نفـوزی تـەواوی مسـتەفا کـەماڵدا پێـک هـاتبوو حکوومـەتی نـوێی دامەزراند و ئەم حکوومەتەی بە تاقە شوێنی نیشتمانی و قانوونی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری وڵات دانا.
یـەک لـە یەکـەمین بڕیارەکـانی مەجلیسـی مـەزنی نیشـتمانی تورکیـا و حکوومـەتی دیـاری کـراو لـە لایـەن ئـەم مەجلیسە ئەوە بوو کە بەرەسمی بە تەواوی جیهانی ڕاگەیاند:

«هـەموو ئـەم پـەیمان و بڕیارنامانـەی لەلایـەن حکوومـەتی ئیسـتەمبووڵەوە مـۆر کـراوە، بـە ڕەسـمی ناناسـێ و بـێ بایـەخن» واتـا لـە راسـتی دا پـەیمانی «سیۆر» لـە بـارەی چارەنووسـی تورکیـا (دیـارە کوردسـتان)یش بـەر لـەوەی لـە دایک بـێ، بەرەسـمی لەلایـەن هێـزی راسـتەقینەی تورکیـاوە بەرپـەرچ درایـەوە و هـیچ دەسـتەبەرێک بۆجێبـەجێ کردنـی نەما.

سـەرئەنجام شـەڕی سـەربەخۆیی تورکیـا لـە ١٩ی خـەرمانانی سـاڵی ١٩٢٢ی زایینـی بـە سـەرکەوتنی یـەکجاریی هێـزی مسـتەفا کـەماڵ بەسـەر یونانییـەکاندا کۆتـایی هـات. بەسـتنی کۆنفرانسـی «لـۆزان» لـە »سـویس» دوو مانـگ و نیـو پـاش سـەرکەوتنی مسـتەفا کـەماڵ بـەمانای بـە ڕەسمی ناسینی حکوومـەتی نـوێی تورکیـا لـە بـاری نێونەتەوەیـیەوە بـوو. لـەم کۆنفرانسـەدا کـە نوێنـەرانی ئینگلسـتان و فەڕانسـە و ئیتالیـا و ژاپـۆن و ڕۆمـانی و «سـێرب و کـرۆوات» لـە لایـەک و نوێنـەرانی تورکیـای نـوێ لـە لایـەکی دیکـەوە بەشـداربون پاشـملەی کوردەکـان زۆر باسـی کێشـەی کـورد و چارەنووسـی ناوچەی مووسڵ کرا. هەروەک لە پێشدا باسمان کرد، ساڵی ١٩١٨ پاش برانەوەی شەڕ لەگەڵ عووسمانی ناوچەی



مووسڵ دەست بە جێ لەلایەن هێزەکانی ئینگلستانەوە داگیر کرا. فەڕانسە ڕەخنەی لەم کارە گرت چونکە بە گوێرەی پەیمانی «سایکس پیکۆ» مووسڵ وەبەر فەڕانسەی کەوتبوو. پاش باس و کێشمە کێشمێکی زۆر، لە نێوان سەرۆک وەزیرانی ئینگلیستان و فەڕانسە چاوپێکەوتنێک سازدرا. سەرۆک وەزیری فەڕانسە کە لە کانگا نەوتییەکانی مووسڵ ئاگادار نەبوو، بەوە رازی بوو لەبەرانبەر دانی مووسڵ بە ئینگلیستان بەشێکی دیکە لە خاکی عوسمانی بدرێ بە فەڕانسە. بەڵام کاتێک بوونی کانگا نەوتییەکان لە مووسڵ ئاشکرابوو، فەڕانسە ئەم ڕێکەوتنەی خستە بەر ڕەخنە. پاش دەمەقاڵەیەکی زۆر لە بەهاری ١٩٢٠دا لەسەر ئەمە ساغ بوونەوە کە هێندێک لە داهاتی نەوت بدرێ بە فەڕانسە. بەڵام ئەمجار ئەمریکا کە لەم سەودایەدا سەری بێ کڵاو مابۆوە ڕەخنەی گرت. لە ئاکام دا پاش کێشەو هەرایەکی زۆر، هەر سێ دەوڵەت لەسەر بەشکردنی داهاتی نەوت ڕێک کەوتن و بە ڕەسمی بڕیار درا کە «چارەنووسی مووسڵ پاشان لەلایەن ئەنجوومەنی کۆمەڵی نەتەوەکان دیاری بکرێ».

لە کۆنفرانسی لۆزاندا تورکیا داوای مڵکایەتیی ویلایەتی مووسڵی دەکرد. لەبەرانبەر ئەم داوایەدا بریتانیا کێشەی کوردی لە کوردستاندا دەهێنایە گۆڕێ و داوای دەکرد کە کوردەکان وەک نەتەوەکانی ناوچە مافی نەتەوایەتیی خۆیان وەربگرن و حکوومەتی تایبەتیی خۆیان ببێ. وەڵامی نوێنەرانی تورکیا ئەمە بوو «ئەم حکوومەتە لەلایەن مەجلیسی مەزنی نیشتمانیی تورکیاوە دامەزرراوە و حکوومەتی تورک و کوردە و نوێنەرانی ڕاستەقینەی کوردەکان لە مەجلیسی نیشتمانیی تورکیا لەگەڵ نوێنەرانی تورک بەشدارن» هەروەها «کوردەکان و تورکەکان وەک یەک لە حکوومەتی تورکیادا هاوبەشن» و «کوردەکان هەرچەند بە زمانێکی دیکە بێجگە لە تورکی قسە دەکەن، بەڵام لەگەڵ تورکەکان جیاوازییان نییە و لەباری ڕەگەزو ئایین و تایبەتمەندییەوە وەک یەکن» بەم چەشنە بەم فڕوفیشاڵانە، نەک ئامادە نەبوون مافی نەتەوایەتیی کوردەکان بە ڕەسمی بناسن، بەڵکوو داوای مووسڵیشیان دەکرد!

سەرئەنجام لە ٢٤ی ژوئیەی ساڵی ١٩٢٣ی زایینیدا (سێهەمی گەلاوێژی ١٣٠٢ی هەتاوی) پەیمانی لۆزان مۆرکرا. بە گوێرەی ئەم پەیمانە تورکیا وازی لە مووسڵ هێنا و دانی بەوەدا هێنا کە چارەنووسی مووسڵ لەلایەن ئەنجوومەنی کۆمەڵی نەتەوەکانەوە دیاری بکرێ. لە بەرامبەردا بەشی زۆری کوردستان وەبەر تورکیا کەوت. لەم پەیمانەدا بە هیچ شێوەیەک باسی کوردو مافی نەتەوایەتیی کورد ناکرێ. دیارە لە بەشی سێهەمی پەیمانەکەدا «ماددەکانی ٢٧ تا ٤٤) لە بارەی پێویستیی پاراستنی مافی «کەمایەتییەکان» چەند شتێک هاتووە. بۆ نموونە لە ماددەی ٣٩دا: «بۆ کەڵک وەرگرتنی ئازادانەی تەبەعەی تورکیا لە هەموو چەشنە زمانێک، چ لە پێوەندییەکانی تایبەتی و بازرگانی و کاروباری ئایینی و چاپەمەنی و چ لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا، نابێ هیچ بەربەستێک پێک بێ» هەروەها: «سەرەڕای بوونی زمانێکی ڕەسمی، بۆ ئەم تاقمە لە دانیشتوانی تورکیا کە بێجگە لە زمانی تورکی، زمانێکی دیکەیان هەیە، دەرەتانی تەواو پێک بێ تا لە دادگاکاندا بۆ قسەکردن بەدەم، لە زمانی تایبەتیی خۆیان کەڵک وەربگرن.



بە گوێرەی ماددەی ٣٩: «حکوومەتی تورکیا وەئەستۆی خۆی دەگرێ کە خاڵەکانی هاتوو لە ماددەکانی ٣٨ - ٤٩ دا وەک قانوونی بنەڕەتی بناسێ، بە جۆرێک کە هیچ قانوونێک، هیچ «ڕێوشوێن و هەنگاوێکی ڕەسمی لەدژ یان ناتەبا لەگەڵ ئەم خاڵانە نەبێ و هیچ قانوونێک بە سەر ئەواندا زێدەیان نەبێ».

بەڵام دەقی ماددەکانی ٤٠ تا ٤٥ دەری دەخا کە مەبەست لە »کەمایەتییەکان» بریتین لە: کەمایەتییە غەیرە موسوڵمانەکانی وەک ئەرمەنییەکان و یۆنانییەکان و هی دیکە ...
کار بەدەستانی حکوومەتی تورکیا بەو بیانووە کە کوردەکان وەک تورکەکان لە حکوومەتدا بەشدارن، ئەوانیان وەبەر ئەو ماددانەی لە سەرەوە باسکران و لە بارەی کەمایەتییەکاندایە نەخست. بەم چەشنە تەنها لەماوەی چەند ساڵدا، گەلی کورد لە تورکیا لە نەتەوەیەکی هاوبەشی بە مافی وەک یەکەوە بوو بەشتێکی «نەبوو».

لە بارەی ویلایەتی مووسڵیشدا، لێرەدا تەنیا دەبێ ئاماژە بە ئەمە بکەین کە دوای ئەوەی ئەنجومەنی کۆمەڵی نەتەوەکان بۆچوونی دانیشتوانیی (واتە کوردەکان) وەرگرت، سەرەڕای ویستی خەڵکی ئەم ناوچەیە لە مەڕ دامەزراندنی حکوومەتێکی سەربەخۆی کورد، لە ٥ی ژوئەنی ساڵی ١٩٢٦دا (١٦ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٠٥ی هەتاوی) ئەم ویلایەتەش لە لایەن بریتانیاوە خرایە سەر وڵاتی تازە دامەزراوی عێراق.

بەمجۆرە کوردستان کە تا پێش شەڕ تەنیا لە نێوان ئێران و عوسمانیدا دابەش ببوو، بە پێی ویست و داخوازی وڵاتە ئێستعمارییەکان لە نێوان چوار وڵاتی ئێران، تورکیا، عێراق و سووریادا بەشکرا. ئەم دوو وڵاتەی دوایی واتا عێراق و سووریا پاش شەڕ لە دایک بوون.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ١٥ی سێپتامبری ٢٠١٢

# بۆ تەوارەکەی کاک تەهای خۆشەویستم، خاتوو خەجیجەی مەعزوور

نووسینی دەق: نەمر تەهای عەتیقی

ئامادەکردنی: پرشنگ شەریفی

خوێنەرانی هێژا،

ئەو بابەتەی کە لە خوارەودا بەرچاوتان دەکەوێ و دەیخوێننەوە، بە پێنووسی مامۆستا و هاوڕێی زێدە خۆشەویست و شیرینم، نەمر کاک تەهای عەتیقی نوسراوە کە لە ڕێکەوتی ٢٨ ی دێسامبری ٢٠٠٩ دا کتوپڕ ماڵ ئاوایی یەکجاری لێکردین و داخداری هەتا هەتایی کردین.





ماوەیەک لەمەوپێش لە ناو حیزبی دێموکراتی کوردستان دا کۆمەڵێک کەسی دڵسۆز و پێزان و بە وەفا، بیرۆکەی ڕێزگرتن لە تێکۆشەرە دێرینەکانیان هێنابوە ئاراوە، کە لە ناو ئەو بەڕێزانەدا خاتوونی شۆڕشگێر و ماندوویی نەناس و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەلکی کوردستان، خاتوو خەجیجەی مەعزووریش بەدی دەکرا. داوا لە نەمر کاک تەهای عەتیقی خۆشەویست کرا کە سالانێکی دوور و درێژ هاوڕێ و هاومزڵ و هاوسەنگەری خاتوو خەجیجە بووە، لە ڕێی تەلەفۆنەوە باسێک لەسەر ئەو خاتوونە ڕێزدارە پێشکەشی ئامادەبووانی ڕێ و ڕەسمەکە بکات. بەلام بەداخەوە ئەو هەموو خەبات و فیداکاری و سووتانەی خوشکە خەجیج بۆ حیزبەکەی و بۆ گەلەکەی لە بەرچاو نەگیرا و لە ئاخرین ساتەکاندا کە بریار وابوو ئەو ڕێ و ڕەسمە بەڕێوە بچێ، بەڕێوەیان نەبرد.

ماوەیەک بوو لە بیرم دابوو کە ئەوجارە بە بابەتێکی خودی کاک تەهای خۆشەویستم، یادێک لەو ئازیزە بکەمەوە، کە بێ ئەندازە بیری دەکەم و وەک یەکەمین بابەتیشی ئەو بابەتە بلاو بکەمەوە. چونکە وەک لە سەرەتا دا ئاماژەم پێکرد، خوشکە خەجیجەی ئازیز هاورێیەکی هەرە نیزیکی نەمر کاک تەها بووە و لە دڵی ئەو نەمرەدا جێ یەکی تایبەتی هەبوو، ئەوە لە لایەکەوە، لە لایەکی دیکەشەوە بەرێزیان یەکێک لەو خاتوونانەن کە نموونەیان لە ناو خەباتی ڕەوای گەلەکەماندا زۆر بە دەگمەن بەرچاو دەکەوێ، بۆیە من بۆخۆشم زۆر شانازی پێوە دەکەم و بە ناسینیشی زۆر خۆشحالم. کورد گوتەنی ویستم بە تیرێک دوو نیشانە بپێکم: هەم یادێک لە کاک تەهای ئازیز



بکەمەوە و هەم بەو شێوەیە ڕێز لە خاتوو خەجیجە و لە خەباتی دەیان ساڵەی ئەو مرۆڤە دڵپاک و هەڵسوور وچالاک و تێکۆشەرە بگرم.

من بەراستی خۆم و حیزب و گەلەکەشم بە قەرزداری خاتوو خەجیجە و هەموو ئەو مرۆڤە پاک و خۆنەویستانە دەزانم کە دڵسۆزانە و بێ هەرچەشنە چاوەڕوانی یەک، هەموو توانای خۆیان خستۆتە گەڕەوە بۆ خزمەت کردنی گەلەکەیان.

لە هاوینی ساڵی ٢٠٠٦ دا، لەپاش ١١ ساڵ گەڕانەوەم بۆ کوردستان بەداخەوە شاهیدی زۆر فەرق و جیاوازی دانان و نایەکسانی لە ناو حیزب دا بووم و لە نیزیکەوە شاهیدی ئەوە بووم کە سەرکردایەتی حیزب تەنانەت سەفەرێکی یەک دوو مانگەیان بۆ دەرەوەی ولات بە خاتوو خەجیجە ڕەوا نەدی، بە خاتوونێک کە شیرینترین کاتەکانی ژیانی و هەرچی هەیبووە فیدای گەلەکەی و حیزبەکەی کردووە و ٣٠ ساڵی تەواوە لە خزمەت ئامانجەکانی گەلەکەی دایە. لە کاتێک دا ئەو بەڕێزانە هەموو شتێک بۆ خۆیان و بۆ کچ و کوڕەکانی خۆیان بەڕەوا دەبینن و هەرکات حەزیان لێبوو لە پێتەختی ولاتان دایان دەبەزێنن. لەوەش سەیرتر ئەوەیە کە دروشمی گەورە هەڵدەگرن و خۆیان بە پشتیوان و پارێزەری مافی ژنان دەزانن. بەو هیوایەی کە ڕێبەرایەتی حیزب (هی هەردوو باڵ) فیداکاری و خزمەتەکانی خوشکە خەجیجەی مەعزوور و هەموو دلسۆزانی وەک ئەویان لەبەرچاو بێ. من خۆم هیچ حیزبێکم وەک حیزبی دێمۆکرات بەرامبەر بە ئەندامانی خۆی بێ وەفا نەدیوە و هەمیشە ئەو هەستەم هەبووە کە ئەو کەسانەی بە تەواوی وجودیانەوە لە خزمەت حیزب دابوون، زوو لە بیر دەکرێن و زۆر کەس هەن کە نایانهەوێ خزمەتەکانی مرۆڤە دڵسۆزەکانی وەک خاتوو خەجیجە ببینرێن. داوایەکی دۆستانەم لە هاوڕێ یانی بەڕێزی" هیچ حیزبێکم وەک حیزبی دێمۆکرات بەرامبەر بە ئەندامانی خۆی بێ وەفا نەدیوە و هەمیشە ئەو هەستەم هەبووە کە ئەو کەسانەی بە تەواوی وجودیانەوە لە خزمەت حیزب دابوون، زوو لە بیر دەکرێن و زۆر کەس هەن کە نایانهەوێ خزمەتەکانی مرۆڤە دڵسۆزەکانی وەک خاتوو خەجیجە ببینرێن."

خۆم لە ناو یەکێتی لاوان دا، کە ڕۆڵی بەرچاویان دەبوو لە بەڕێوەبردنی ڕێ و ڕەسمی ڕێزلێنانان لە خوشکە خەجیجەی ئازیز ئەوەیە کە بە هەر شێوەیەک بێ و لە زووترین کاتدا کە بۆیان دەگونجێ، ئەو ڕێ و ڕەسمە بەڕێوە بەرن و چیتر گوێ ڕایەڵی بڕیاراتی نابەجێ و ناهەقی هیچ کەسێک نەبن، زیاتر سەربەخۆ کار بکەن و بڕوای زیاتر بە تواناکانی خۆیان بێنن چونکە داهاتوو بە دڵنیایی یەوە هەر هی ئێوەیە.

پێم خۆشە ئاماژە بەوەش بکەم کە قسەکانی نەمر کاک تەهای عەتیقی وەک خۆی و بێ هەرچەشنە دەسکاریەک بلاو دەبێتەوە و من تەنیا تایپم کردووە و هیچی تر. ئەوەندەی کە من ئاگادار بم، ئەو وتانە لە کاتی خۆیدا بە دەنگە بەسۆز و زۆلالەکەی کاک تەهای ئازیز تۆمار کراون و پارێزراون. بەو هیوایەی کە لە داهاتوو دا بلاوی بکەنەوە.



ئیتر واهەڵکەوت کە بڵاو کردنەوەی ئەو بابەتە هاوکات بێ لەگەڵ ٨ی مارس، ڕۆژی نێونەتەوەیی ژن. بەو بۆنەوە گەرمترین پیرۆزبایی خۆم پێشکەشی هەموو خاتوونانی ڕەنج دیتوو و چەوساوەی وڵاتەکەم دەکەم، بەتایبەتیش خاتوو خەجیجەی خۆشەویست و خۆنەویست، لەگەڵ جوانترین دەسکە نێرگزی بەهاری. بەو هیوایەی کە لە خەبات بۆ وەدەست هێنانی یەکسانی و مافە ڕەواکانی خۆیاندا سەرکەوتوو بن. بۆ خاتوو خەجیجەی ئازیزیش ئارەزووی ئەوە دەکەم کە تەندروستی ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ باشتر بێ و کاک تەهای نەمر گوتەنی ژیانی هەردەم بەردەوام بێت.

لەبەر ڕێز وخۆشەویستی و جێگەی تایبەتی نەمر کاک تەها و خوشکە خەجیجەی ئازیز لە دڵمدا، بڵاو کردنەوەی قسەکانی مامۆستا و هاوڕێی هەرگیز نەمرم کاک تەهای عەتیقی بەراستی زۆر بەلامەوە گرینگ بوو، بۆیە سوپاسی بێ کۆتاییم پێشکەش بە خاتوو خەجیجەی تێکۆشەر و کۆڵنەدەر دەکەم کە دڵی نەشکاندم و ئیزنی بڵاو کردنەوەی ئەو وتە شیرنانەی خوارەوەی پێدام.

لەگەڵ ڕێزم دا

پرشنگ شەریفی





## دەقی وتەکانی نەمر کاک تەهای عەتیقی لەسەر کچە شۆڕشگێری دێمۆکرات، خاتوو خەجیجەی مەعزوور:

لە تاراوگە، لە دوورە وڵات و لە وڵاتی نامۆ، نامۆ لەگەڵ هەستم، نامۆ لەگەڵ دەروونم، جوانترین ڕێز و سڵاو پێشکەشی بەشدارانی ئەم ڕێ و ڕەسمی ڕێز لێنان لە ٣٠ ساڵ خەبات و تێکۆشانی کچە شۆڕشگێر و ماندوویی نەناس و بە بیر و باوەڕی حیزب، خاتوو خەجیجە معزوور.



هەر لەم کـاتەدا لەم دەرفەتە کەڵـک وەردەگـرم و هەزاران ڕێـز و سـڵاوی پـڕ لە خۆشەویسـتی پێشکەشـی گیـانی پـاکی شـەهیدانی کـورد و کوردسـتان دەکەم کە بە سـەخاوەتەوە گیانیـان لە پێنـاوی ئامـانجی بەرز و پیرۆزیـان دا بەخـت کـرد. سڵاو دەنێرم بۆ خێزانە ڕووسوورەکانیان و چاوی مندالە چاوگەش و نازلێشێواوەکانیان ماچ دەکەم.

هەروەهـا ڕوومـای ڕەنـج دیتـوو و کـڑ و ژاکـاوی ئەم ئیمـان و ورە بەرزانەی نێـو زینـدانەکانی ڕێـژیمە داگیرکەرەکـانی کوردسـتان ڕادەموسـم و قەڵافەتـی جەزربە چێشـتوویان لە ئـامێز دەگـرم کە بە خـۆڕاگری و بەرخـۆدان وانەی هەردەم مـان و مقاومەت و کۆڵ نەدان و نەبەزین لە پێناوی ڕزگاری نەتەوەکەیان دا فێری نەوەی داهاتوو دەکەن.

سـڵاو و ڕێـز بـۆ هـاوڕێ و هاوسـەنگەرانی شـێلگیر و تێکۆشـەری پێشـووم و بنەماڵەکانیـان، بە تـایبەتی کـارگێڕ و بەڕێـوەبەرانی ڕادیـۆ. بـۆ هەموویـان بەتاسـەم و خۆشـم دەوێـن و ڕێزیـان هەیە و دەست و چـاوی یەکە بە یەکەیـان مـاچ دەکەم. سڵاو لەم خەباتکارانەش کە لەم ساڵانەی دوایی دا سەنگەری ئازادی یان هەڵبژاردووە.

بەڕێـزان، ڕێزگـرتن لە تێکۆشـەرانی لەمێـژینە و بەهێنـد گرتنـی خەبـات و مانـدوو بوونیـان هەرچەنـد لە حیـزب دا نەریتێکـی نـوێ یە، بەڵام کـارێکی پیـرۆز و بیرۆکەیەکـی جێـی ڕێـزە. ئەویـش بە تـایبەت ڕێزگـرتن لە کـچە شۆڕشـگێڕێک کە جـوانترین کاتەکـانی تەمەنـی بـۆ خـزمەت بە حیـزب و گەلەکەی تەرخـان کـردووە. هـیچ کۆسـپێکی سـەر ڕێ، هـیچ تەنگەژە و قسـە و قسـەڵۆک و هـیچ هێزێـک نەیتوانیـوە کـزی لە کێـوی ئیمـان و بـاوەڕی بە حیـزبەکەی دا پێـک بێنـێ. چـونکە ئەو ئەوینـدارە، ئەوینـداری حیـزبەکەی، ئەوینـداری ئامانجەکـانی، وەفـاداری ڕێگـای ئەم هاوسـەنگەرە شـەهیدانەیە کە بـۆ گەل ژیـان و بـۆ گەلـیش سـەریان نـایەوە. بەڵـێ کـچە شۆڕشـگێڕێک کە هەمـوو هیـوا و هومێـدی، هەمـوو ڕابـردوو و داهـاتووی و هەمـوو سـەرمایەی مـاددی و مەعـنەوی ژیـانی و هەمـوو بەرهەمـی تەمەنـی پـڕ لە ڕەنـج و مەینەتـی حیزبەکەیەتـی بە هەمـوو کەم و کـوڕی یەکـانەوە. بـۆیە جێـی خـۆیەتی ڕێـزی لـێ بگیـرێ و قەدری بزانـرێ. بە بێگومـان ئەگەر هـی نەتەوەیەکـی دیـکە بـوایە، پەیـکەری لـێ سـاز دەکـرا، ڕۆمـان و چیرۆکیـان لە بـارەی دا دەنووسـی و شـێعر و پەخشانی پێ دەڕازایەوە و وەک نموونەی خۆڕاگری و بەرخۆدان سەیریان دەکرد.

خۆشەویسـتان، بە حـوکمی ئەوەی مـن ١٥ سـاڵ هاوکـار و هاوسـەنگەری خـاتوو خەجـیجە بـووم و ئەوە بـۆ ٣٠ سـاڵ دەچـێ پەیوەنـدیمان بە یەکەوە هەیە، بە پێویسـتی دەزانـم لە بـۆنەیەکی ئەوتـۆ دا ئەگەر بە کـورتیش بـێ، تۆزقاڵێـک باسـی بیـرەوەری یەکـانی خـۆم و دەوری نـاوبراو لە گرینگتـرین ئۆرگـانی حیـزب دا بـکەم. بەڵام ئەگەر ئیزنتـان لەسـەر بێ، بە تایبەتی بۆ خۆشی ئەم ئیزنەم پێ دا هەروەک سەردەمی شاخ ناوی دەبەم. ناوی لای من "خەجە".

بەخـۆم نەبـوو کە باسـی ئەم ڕێزلێنـانە کـرا، کـت و پـڕ گەڕامەوە ئەو کـاتەی بـۆ یەکەم جـار چـاوم بە خەج کەوت. مـانگی پوشـپەڕی ١٣٥٩بـوو، نیـزیکەی مانگێـک بـوو دەنگـی کوردسـتانی ئێـران لە دۆڵـی شـێخان لە ٢٠ کیلـۆمەتری شـاری سابڵاخ دەستی بە کار کردبوو. عەوداڵی دۆزینەوەی ویژەری ڕادیۆ بووم. بۆ ئەم مەبەستە ڕێم کەوتە دۆڵی خڕەجۆ لە



دەوروبەری شار کە ژمارەیەک کچ و کوڕی گەنج و لاو خەریکی تێ پەڕکردنی کلاسی کادر بوون.

لەگەڵ هێندێکیان کەوتمە ئاخافتن. لەیەکەم نیگادا " لەیەکەم نیگادا خەج وەک کچێکی دڵپاک، حەیابەخۆ و شەرمین هاتە بەرچاوم. ئەو کچەی کە پاش چەند مانگێک لە دوڵی دیموکرات وەک بێژەر بە کۆی هاوڕێ یانی ڕادیۆ و ئینتشارات ناسێنرا. "

لە یەکەم ڕۆژەکانی یان مانگەکانی دەست بە کاربوونی دا، چەندین پرسیار بەرینگیان پێ گرتم! بلێی ئەم کچە کە تازە پێی ناوەتە وەرزی بەهاری ژیان تا سەر تەحەمولی ئەم ڕێگا پڕ هەوراز و نشێوە بکا؟ تۆ بلێی کچێک لەو تەمەنەدا دوور لە دایک و باب و بنەماڵەی هەڵبکا؟ بلێی لەگەڵ ئەم کۆسە لە گەنج و لاوە قۆشمەی ڕادیۆ و ئینتشارات بحاوێتەوە؟ بلێی لەگەڵ ئەم چەند ژنەی لەگەڵ مێردەکانیانن، ببێتە دەستە خوشک؟ ئەوانە کۆمەڵە پرسیارێک بوون کە تووشی هاتبووم، بە تایبەتی بە سەرەنج دان بەو ژیانە سەخت و ناخۆشەی هەمان بوو، پرسیارەکان لە جێی خۆیان دا بوون. کە دەڵێم ژیانی سەخت، مەبەست ئەوەیە ئەوانەی ئەودەم لە دوڵی دیموکرات دەژیان، هەر ئۆرگانە چوار دیوارێکی تاریک و تنۆک و نم داری هەبوو کە جێگای کار و ژیان بوو، ناوی لێنرابوو "مقەر". بەڵام خەج بێ مقەر، بێ ماڵ و حاڵ، بێ سەرەتایی ترین کەل و پەلی ژیان لە نێو ئەم دۆڵە دا بە تەنیا لە خێوەتێک دا دەژیا. شەوانە لەبەر تاریکی و کش و ماتی، جرِ و جانەوەر، ترس لە خشپەی پێ و ترس لە هەر مەترسێک کە ڕەنگە بەرۆکی پێ بگرێ، خەوی لە چاو زڕابوو. بەیانیان کە دەهاتە سەر کار بە ئاشکرا شەکەتی و ماندووبوون و بێ خەوی لە هەموو جەستەی دا هەست پێدەکرا. لە سەرەتادا تەنانەت وەتاغێکی بێ دەرگا و پەنجەرە و بێ سواغ و نم داریشیان پێ ڕەوا نەدەدی کە شەوی تێدا ڕۆژ بکاتەوە. باس کردن لە چۆنیەتی ژیانی ئەم کچە تێکۆشەرە لە دوڵی دیموکرات خۆی چیرۆک و بەسەرهاتێکی خەم هێنەرە. بێگومان کەسێک کە خاوەنی باوەڕێکی پتەو و ئیمان بە حەقانیەتی ئەم ڕێگا و خەباتە نەبێ، ناتوانێ بەرگەی ئەو ژیانە و ئەو ڕەنج و ماندووبوون و بێ مێهری یە بگرێ.









بەڵێ خەج تێکەڵ بە سەنگەری ڕادیۆ بوو. لەو ماوەیە دا کە شانازی کارکردنم لە ڕادیۆ پێ بڕابوو، ١۴ جار ڕادیۆ جێ گۆڕکێی پێکرا. باسی زەحمەت و چۆنیەتی ئەم جێ گۆڕکێیانە ناکەم کە خۆی بەسەرهات یان بەشێک لە مێژووی ڕادیۆ دەنگی کوردستانە.

لە هەموو ئەم جێ گۆڕکێ یانەداخەج وەک پێشمەرگەیەکی بە بیر و باوەڕ، وەک تێکۆشەرێکی ڕاستەقینە لەگەڵ هەموو نەهامەتی یەکان دا بووە، شانی داوەتە بەر هەموو کۆسپێک، نەترساوە، نەپرینگاوەتەوە و چارەنووسی خۆی بەچارەنووسی هەموو هاوڕێ یانی لە ڕادیۆ و ئینتشارات دا گرێ دابوو. بە لە سەرەخۆیی و بە تەحەمول و جاروباریش زۆر تورە و تۆس کارەکانی ئەنجام دەدا. چونکە بەر لە هەموو شتێک خۆی بە حیزبیەکی پاک و بێ گەرد دەزانی و ئامانجی خزمەت بوو و بەس. زۆر تورە دەبوو کاتێک هەستی کردبوایە وەک کچێکی بێ دەسەڵات سەیری دەکرێ. لەبیرمە لە پاییزی ساڵی ١٣۶٢ بنکەی رادیۆ و ئینتشارات لە بەری نۆڕێی ئالانی سەردەشت بوو. هێزەکانی ڕێژیم پاش داگیرکردنی ڕێگای پیرانشار- سەردەشت هەموو هێزی خۆیان بۆ گرتنەوەی ناوچەی ئالانی سەردەشت وەگەڕخستبوو کە ڕادیۆ و بنکەی دەفتەری سیاسی حیزب و مقەری زۆربەی حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانی ئێرانی لێبوو. بەڕاستی دوژمن تەنگی پێ هەڵچنیبووین. بە هەموو هێز و توانایەوە ئەم ناوچەیەی دابووە بەر پەلامار. ژمارەیەک لە هاوڕێ یانی حیزبی بە ژن و منداڵەوە ئاودیوی سنووری گەرمێن بوون. لە ڕادیۆ چەند هاورێ یەک مابووینەوە و کارەکانمان بەڕێوە دەبرد. دوژمن زۆرمان لێ نیزیک ببۆوە، مەودامان تەنیا کێوی نۆرێ بوو. هەستم بە مەترسی کرد. بەتێڕادیوی یەوە ڕووم لە خەج کرد و پێمگوت: تۆش بۆ لەگەڵ ئەم ژن و ژاڵە کە دکتۆر خەلیقی سەرپەرستیان دەکا ئاودیوی سنوور نەدەبووی. چاوێکی لێ کردم، خۆی گرژ کرد، زۆر تورە بوو! بە نارەحەتی و قەڵسی یەوە ڕووی تێ کردم، کوتی: فلانکەس، مەگەر لەبیرت چۆتەوە منیش وەک تۆ کادری ئەم ڕادیۆیە و ئەم حیزبەم. من ژن و ژاڵ نیم، دەبێ لەگەڵ ئێوە بمێنمەوە. من لە ئێوە زیاتر نیم. هەرچی بەسەرمان هات با بە بەیەکەوە بین. بەڵێ دوژمن سەعاتی ١٢ ی شەوی ٣ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣۶٢ لەژێر ڕێژنە بارانەی تۆپ و کاتیۆشا و خۆمپارە گەیشتە چەند سەدمیتری مان. ناچار بووین بارگە و بنە تێکەوە پێچین. هەریەک دەستمان دایە شتێک و بەرەو هەرزنێ وەڕێ کەوتین. رێ پێوانێکی ١٢سەعاتەمان ئەنجام دا. لە هەمووی ئەم ماوەیەدا خەج زەبتێکی ڕادیۆ بەدەستەوە، لە کاتێکدا وەک زۆربەمان بە پەرۆش بوو لەوەی کە ڕۆژهەلاتی کوردستان جێ دەهێڵین و بەرەو داهاتوویەکی نادیار ئاودیوی سنوور دەبین. بێ ماندووبوون، بە جەستەی کز و بێ تاقەتی یەوە ملی ڕێگای گرتەبەر تا گەیشتینە گوندی کاول کراوی "گەلاڵە" و سەر لە نوێ بەردەوامی و دەست پێ کردنی قۆناخێکی نوێ لە کاری ڕادیۆ لە پشت سنوورە دەسکردەکان دا.

خەج بەهۆی کار لە ئینتشارات و رادیۆ و دووربوونی ئەم ئۆرگانە لە شوێنی نیشتەجێ بوونی لە بنەماڵەکان، کەمتر تێکەڵاوی لەگەڵ توێژی ژن هەبوو. زۆرجار پێم دەکوت بۆ ناچی یە نێو ژنان، جارو بار سەریان لێ بدە. مەبەست ئەوە بوو توێژی ژنان هەروەک پیاوان هێندێک کێشە و مەسەلەی تایبەت بەخۆیان هەیە کە ڕەنگە هاسان تر بتوانن لەگەڵ یەکتر باسی بکەن، دەردی دڵ بکەن، گوێ بۆ بیستنی ڕاز و نیازی یەکتر و وردە گلەیی و خەم و



ئازارەکانیان ڕابگرن.بەڵام ملی نەدەدا و جاری وابوو بە توندی بەگژم دا دەهات کە بۆ بچمە لایان؟ لە ئاکام دا من بیوومە هاوڕاز و هاوسۆز و هاوڕێ یەک کە بە هەموو وجوودمەوە گوێم دەدایە قسەکانی، دەردی دڵەکانی، کێشەکانی. ئەویش ئەو سەمیمیەتە و سۆزەی بەرانبەر بە من هەبوو کە ئێستاش بەردەوامە.

خەج کادرێکی دڵسۆزی حیزبە، مرۆڤێکی بێ توقع و چاوەڕوانی یە. ئەگەر ناگزیری هەبێ شەرم دەکا بە حیزبی ڕابگەیەنێ. دایمە لە دڵە ڕاوکێ دا دەژی و دەرونێکی نا ئارامی هەیە. ئێستاشی لەگەڵ بێ پێی وایە حەقی بەسەر حیزبەوە نی یە. ئینسانێکی ئەمەگناسە، کەسێک چاکەیەکی لەگەڵ بکا و محبەتی لەگەڵ بکا قەتی لە بیر ناچێ.

بەرێزان، ژیان و خەباتی خەج تێکەڵ لەگەڵ تەمەنی ڕادیۆ و ئاوێتەی ئەم دەنگە بووە. ئەو هەرچەندە لە سەرەتای کاری بێژەری دا کرچ و کاڵ بوو، بۆ ئێمەی کوردی ڕۆژهەڵات کە بە زمانی زگماکی ناخوێنین، شتێکی ئاسایی یە. بەڵام بەرەبەرە بەهۆی هەست بە مەسئولیەت کردن، هەست بە گرینگی ئەم دەنگە و دەوری لە بەرەو پێش بردنی بزاڤی گەلەکەمان دا و هەروەها ماندووبوونی و ڕێ نوێنی هاوڕێیان بۆ ڕاهێنان لە کار و شێوەی خوێندنەوەی وتارەکان دا، توانی سەبک و شێوازی خۆی بدۆزێتەوە. بە تایبەتی دەنگی بەسۆزی کە دەربڕی هەستی ناسک و ناوەرۆکی ڕووحی بوو، شکل و شێوازێکی نوێی بە دەنگی دابوو. دەنگێکی تایبەت و شێوازێکی تایبەت بە خۆی بوو. ئەم حاڵەتە دەروونی و ڕووحی یە لە خوێندنەوەی ژیاننامەی شەهیدان و وتارە عاتفیەکان و پەخشان و هەلبەستەکان دا پتر ڕەنگی دەدایەوە. سۆزێک لە دەنگی دابوو کە من خۆم زۆرجار دەکەوتمە ژێر کاریگەری یەوە. بەڵێ خەج شێوازی خۆی هەبوو، ئەم شێوازەی کە ئێستا بۆتە مەکتەبێک لە بێژەری کە هێندێک ژنە بێژەری دیکە لاسایی دەکەنەوە.

خەج بە ڕەخنەگرتن تۆزقاڵێک هەستیار بوو. بەڵام قەت نەم دی ڕەخنە لە

" خەج شێوازی خۆی هەبوو، ئەم شێوازەی کە ئێستا بۆتە مەکتەبێک لە بێژەری کە هێندێک ژنە بێژەری دیکە لاسایی دەکەنەوە.

خەج بە ڕەخنەگرتن تۆزقاڵێک هەستیار بوو. بەڵام قەت نەم دی ڕەخنە لە خوێندنەوەکەی بگری، تووڕە بێ.

خوێندنەوەکەی بگری، تووڕە بێ. بە دڵێکی ئاواڵەوە ڕەخنەکانی قەبووڵ دەکرد. جاری واش بوو بۆ ئەوەی بە سەر نێوەرۆکی بابەتەکە دا زاڵ بێ بۆ من یا هاوڕێیانی دیکەی دەخوێندەوە و پاشان تۆماری دەکرا. زیاتر حەولی باش خوێندنەوە یا دروست خوێندنەوەی ئەم وتار و بابەتانەی دەدا کە بە کەیفی بوو. با ئەوەش نەشارمەوە جاری وابوو بەهۆی خراپی ناوەرۆکی ڕووحی، تاقەتی خوێندنەوەی بابەتەکانی نەبوو کە زۆرتر لە بەرنامەی وەڵامی نامەی گوێگرەکان دا بەرچاو دەکەوت.

ئەو بە بەشداری چالاکانە لە ڕیزی خەبات دا سەلماندوویەتی کە توێژی ژن ئەگەر خۆیان ئیرادە بکەن، دەتوانن



شان بە شانی براکانیان بەشداری هەموو بوارەکانی ژیان و چارەنووسی گەلەکەیان بن.

خۆشەویستی خەج حیزبە، هەموو کەس و کار و هەست و نەستی دەنگی کوردستانی ئێران بوو. خەج سیمای دەنگی کوردستانی ئێرانە. ئەو ڕادیۆیەی کە ئاوێتەی هەستی، ئاوێتەی ناخی دەروونی، ئاوێتەی هەموو ژیانی ئێستا و داهاتوویەتی. ئەو ناسنامەی دەنگی کوردستانی ئێرانە. لە هەر کوێیەک گوێیان لە دەنگی بێ، دەڵێن ئەو کچە بێژەرەکەی دێموکراتە. دەنگی کوردستانی ئێرانیش بە هەموو کەم و کوڕیەکانیەوە و بە هەموو کۆسپەکانی یەوە خۆشەویستی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان و دەنگی شۆڕشی نەتەوەیەکی بن دەست و بزاڤێکی ڕەوا و بەحەق و گراوی خەج بوو. حەزی لێ دەکرد، عاشقی بوو، خولیای بوو. بەڵام سەد داخ و مەخابن ئەو ئەوین و خۆشەویستی یە پاش ٢٢ ساڵ سووتان و سازان، ئەو دڵدارەی کە ٢٢ ساڵ لە جوانترین کاتەکانی تەمەنی لە پێناوی دا بەخت کرد، ئاوارەیی شاخ و کێوان و بێ بەشی و محرومیەتی لە پێناو دا تەحەمول کرد، هەر لە دۆڵی دێموکراتەوە تا دەشتی تاقەت پڕۆکێنی کۆیە سەوداسەر و عەوداڵی بوو، کەوتە بەر ڕقی نابەجێ و کێشەی شەخسی بەرپرسی نابەرپرسی ئەودەمی دەنگی کوردستان و بێ سەرنج دان بەو زەحمەتەی لە پێناوی دا کێشاویەتی، بێ گرینگی دان بە باری ڕووحی و دەروونی ئەم هەستە ناسکە، کە قەت بەداخەوە لە حیزب دا سەرنج دان بە باری ڕووحی ئەنداامان بەگشتی بایەخی نەبووە، لێی دوور خرایەوە و لێی دابڕێندرا. وەک دابڕانی دایکێک لە منداڵەکەی کە بە خوێنی جەرگ پێی گەیاندووە، وەک دابڕانی ماسی لە ئاو، دابڕانی نیشتمانپەروەرێک لە زێد و خاکی کوردستان، وەک ماڵ ئاوایی یەکجاری عاشق لە مەعشوق و وەک دابڕانی سیامەند لە خەج. بەڵام خەجی ڕادیۆ کە لە مەکتەبی شۆڕشگێڕی دا بار هاتووە، وەی بەرنەداوە. هەروا دڵپاک و بێ بوغز و غەرزە، عاشقی حیزبەکەیەتی و هەروا هومێدی بە ژیان و داهاتوویە و هەروا خۆشەویستی هاوسەنگەرانیەتی. هەروەک ئەو پڕ بە دڵ، دڵی بە ئەوان خۆشە و بە محبەت و خۆشەویستی و هاوڕێ و هاوسەنگەرە ئەمەگ ناسەکانی یەوە زیندووە، کە بۆتە هێز، بۆتە توانا و ئێنێرژی بۆ خەج. زۆرجار لە پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵمدا نایشارێتەوە و باسی ڕێزو حورمەت و خۆشەویستی هاوڕێ دڵسۆزەکانی دەکا، کە منیش بەش بە حاڵی خۆم سوپاسیان دەکەم.


ئێستا خەج بەهیوای دوارۆژێکی پڕشنگدار لە ئۆرگانێکی تر دا کار دەکا. سەرکەوتنی لە بواری خوێندنیش دا وەدەست هێناوە. داوای سەرکەوتنی بۆ دەکەم.

خۆشەویستان، ئەوەی باسم کرد گۆشەیەکی یەکجار بچووک بوو لە ژیان و خەباتی خەج. لە کۆتایی دا سوپاسی داهێنەری بیرۆکەی ڕێزگرتن لە تێکۆشەرە دێرینەکان، بە تایبەتی گزینگی نوورانی دەکەم کە منی ئاگاداری ئەم ڕێ و ڕەسمە کردوە. گەلێک سوپاس لە ئێوەی بەڕێزیش کە توانیتان گوێ بۆ قسەکانم شل بکەن و حەوسەلەی درێژ دادڕی منتان هەبوو. لە دوورەوە دەست و چاوی یەکە بە یەکەتان ماچ دەکەم. بژین و سەرکەوتوو بن.

سەرچاوە : ڕۆژهەلات تایمز / ڕێکەوتی : ٨ی مارچی ٢٠١٠




# ئالبۆمی وێنەکان










































































Giareng.com








Giareng.com




ڕێزگرتن لە تێکۆشەرانی لەمێژینە و بەهێند گرتنی خەبات و ماندوو بوونیان هەرچەند لە حیزب دا نەریتێکی نوێ یە، بەڵام کارێکی پیرۆز و بیرۆکەیەکی جێی ڕێزە. ئەویش بە تایبەت ڕێزگرتن لە کچە شۆڕشگێڕێک ( مەبەست خاتوو خەدیجە مەعزوور)ە کە جوانترین کاتەکانی تەمەنی بۆ خزمەت بە حیزب و گەلەکەی تەرخان کردووە. هیچ کۆسپێکی سەر ڕێ، هیچ تەنگەژە و قسە و قسەڵۆک و هیچ هێزێک نەیتوانیوە کزی لە کێوی ئیمان و باوەڕی بە حیزبەکەی دا پێک بێنێ. چونکە ئەو ئەویندارە، ئەوینداری حیزبەکەی، ئەوینداری ئامانجەکانی، وەفاداری ڕێگای ئەم هاوسەنگەرە شەهیدانەیە کە بۆ گەل ژیان و بۆ گەلیش سەریان نایەوە. بەڵێ کچە شۆڕشگێڕێک کە هەموو هیوا و هومێدی، هەموو ڕابردوو و داهاتووی و هەموو سەرمایەی ماددی و مەعنەوی ژیانی و هەموو بەرهەمی تەمەنی پڕ لە ڕەنج و مەینەتی حیزبەکەیەتی بە هەموو کەم و کوڕی یەکانەوە. بۆیە جێی خۆیەتی ڕێزی لێ بگیرێ و قەدری بزانرێ. بە بێگومان ئەگەر هی نەتەوەیەکی دیکە بوایە، پەیکەری لێ ساز دەکرا، ڕۆمان و چیرۆکیان لە بارەی دا دەنووسی و شێعر و پەخشانی پێ دەڕازایەوە و وەک نموونەی خۆڕاگری و بەرخۆدان سەیریان دەکرد.

لە وتەکانی نەمر تەها عەتیقی

---

**کۆکردنەوە و ئامادە کردنی : ڕەحمان نەقشی**

بەفرانباری ٢٧١٤ی کوردی – دێسامبری ٢٠١٤ی زایینی